# رووداو
RÛDAW

ژمارە (484) دووشەممە 2017/12/4 - 13ی سەرماوەزی 2717 (750) دینار


## لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا گوێی پیاوێک دەبڕن

**رووداو- پشدەر**

لە گوندێکی سەنگەسەری سەر بە قەزای پشدەر، پیاوێک لەسەر ئەوەی کە دەگوترێ لە نیوەشەودا چووەتە ماڵێک و لەگەڵ ژنی ئەو ماڵەدا بینراوە، لەلایەن کەسوکاری ژنەکەوە دەستبەسەر دەکرێ و دواتر بە چەقۆ گوێیەکی لێدەکرێتەوە.

ئەو پیاوە کە تەمەنی 21 ساڵە، خێزاندارە و دانیشتووی هەمان ئەو گوندەیە کە رووداوەکەی لێ رووداوە، نیوەشەوی 2017/12/2 چووەتە ئەو ماڵە، لەگەڵ ژنی ماڵەکە کە هاوژینەکەی شوان بووە و لە دەرەوەی گوند بووە، بینراوە. لە سزای ئەوەدا گوێچکەی چەپی لێکراوەتەوە.

عەلی کە بەناوی بنەماڵەی ئەو پیاوەوە قسەی بۆ (رووداو) کرد، گوتی: "کێشەکە کۆمەڵایەتییە و هەر لە رێگەی پیاوماقوڵانی هەردوولاوە بە زوویی چارەسەر کرا و رێگەیان لە گەورەبوونی کێشەکە گرت".

بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی رانیە، پشتڕاستی کردەوە کە ئەو رووداوە لە گوندێکی دەڤەرەکەیان روویداوە.

فەرمان ئەحمەد بە (رووداو)ی گوت: "دوو بریندار کە ژنێک و پیاوێک بوون، لەژێر چاودێریی پۆلیس هێنرانە نەخۆشخانەکەمان، چارەسەری سەرەتایی بۆ پیاوەکە کرا کە گوێچکەی چەپی بە تەواوی بڕدرابوو، بەڵام لەبەرئەوەی گوێچکەکەی ونکرابوو، نەتوانرا نەشتەرگەریی لکاندنەوەی گوێچکەکەی بۆ بکرێ".

«13

---

**سەلاحەددین بەهائەددین لەگەڵ راوێژکاری میت کۆبووەتەوە**

4

**کۆسرەت رەسوڵ سەری ساڵ دەگەڕێتەوە**

3

**رووداو دەچێتە ماڵی قازی محەممەد**



6

---

### کین گرۆس، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر بۆ (رووداو):

# کوردستانێکی بەهێزمان لە نێو عێراقێکی فیدراڵدا دەوێت

5-4



دەمانەوێت لە نزیکەوە لەگەڵ ئەم حکومەتەی ئێستا کاربکەین

سیاسەتی پشتگوێخستنی کوردمان نییە

---

**تەندروستی** 15

**ئەمساڵ لە کوردستان پشکنینی ئەیدز بۆ 400 هەزار کەس کراوە**



**تاراوگە** 11

**قاچاخچییانی کورد پۆلیسی سنووری بولگاریا دەکڕن**

**ئابووری** 8

**300 مارکێت لە هەولێر داخراون**



**راپۆرتەهەواڵ** 2

**یەکگرتوو لێژنەیەک بۆ دۆسیەی مەلا وشیار پێکدێنێ**



## مووچەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان وەک خۆی لێدێتەوە

**رووداو- هەولێر**

محەممەد هاودیانی، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت، ژمارەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە 122 هەزارەوە بۆ 80 هەزار کەمبووەتەوە و دەڵێت، مەرجی ئێمە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە بووە دوای ئەنجامدانی پشکنین بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان مووچەکانیان وەکو خۆی لێبێتەوە، ئەوانیش بەڵێنیان داوە مووچەکانیان وەکو خۆی لێبێتەوە. محەممەد هاودیانی لە کاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی بەرپرسیار کەناڵی رووداو هەروەها گوتی "گەورەترین گرفت لە مەسەلەی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەوەیە کەسانێک هەن دەیانەوێت سوودمەند بن، لەکاتێکدا خاوەن پێداویستی تایبەت نین، بۆ نموونە خەڵکی باڵا بەرز خۆی بە کورتەباڵا نووسیوە، یان چاوساغ هەیە مووچەی نابینا وەردەگرێت".



# فەرماندەیی پێشمەرگەی شنگال هەڵدەوەشێتەوە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، بە فەرمانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، فەرماندەیی پێشمەرگەی شنگال هەڵوەشایەوە. فەرماندەیەکی ئەو هێزەش دەڵێت لەو هەشت هەزار پێشمەرگەیەی سەر بەو فەرماندەییە بوون، لە کاتی هاتنی حەشدی شەعبی بۆ شنگال تەنیا 500 کەسیان شنگالیان جێهێشت.

دوای رزگارکردنی ناحیەی سنوونێ و بەشێک لە خاکی شنگال، بە فەرمانی مەسعود بارزانی، بەرپرسی پێشووی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە کوردی ئێزدی کە بەشێوەی خۆبەخش بەرگرییان دەکرد، لەژێر ناوی فەرماندەییەک بەناوی فەرماندەیی پێشمەرگەی شنگال رێکخران و قاسم شەشۆ کرایە بەرپرسی فەرماندەییەکە. ژمارەی پێشمەرگەکانیش نزیکەی 8000 پێشمەرگە دەبوون.

دوای ئەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لە رۆژی 16ی ئۆکتۆبەر پەلاماری کەرکووک و دووزخورماتوو و چەند ناوچەیەکی دیکەیان دا، رۆژی دواتر بەبێ هیچ بەرگرییەک چوونە نێو قەزای شنگال و ناحیەی سنوونێ. ئەوکات بەشێک لە بەرپرسانی ئیداری و هێزەکانی ئاسایش لە شنگال کشانەوە، بەڵام قاسم شەشۆ و بەشێکی زۆری پێشمەرگەی فەرماندەیی شنگال لەگەڵ حەیدەر شەشۆ و هێزەکەی بڕیاریان دا هەر لە شنگال بمێننەوە، بەڵام سەنگەرەکانی پێشوویان چۆڵ کردووە و ئێستا لە نزیک مەزارگەی شەرفەدینن.



قاسم شەشۆ فەرماندەی فەرماندەیی پێشمەرگەی شنگال لە مەزارگەی شەرفەدین

(فۆتۆ: رووداو)

فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە فەرماندەیی شنگال کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت: "لە کاتی هاتنی حەشدی شەعبی بۆ شنگال، زۆربەی فەرماندەکانی کوردی ئێزدی لە فەرماندەیی شنگال بڕیاریان دا شەڕ نەکەن، ئەوان گوتیان حەشدی شەعبیش هەر ئێزدین، ئێمە شەڕی ئێزدیان ناکەین، قاسم شەشۆ و بەشێکی زۆری هێزەکەی شنگال هەر لە ناو شنگال مانەوە، بەڵام چەند فەرماندەیەک و جێگری فەرماندەی شنگال لەگەڵ نزیکەی 500 پێشمەرگە هاتینە نزیک رەبیعە و لەوێ جێگیر بووین".

ئەو فەرماندەی پێشمەرگە هەروەها گوتی: "چەند رۆژێک دوای هاتنی حەشدی شەعبی بۆ شنگال، مەسعود بارزانی رایگەیاند شتێک بەناوی فەرماندەیی شنگال نەما، ئێمە ئەوانەی لەگەڵ پێشمەرگە بووین، لە گوندی وەلیدیە ماوین و لەگەڵ پێشمەرگە بەرگریمان کرد".

فەرماندەیی پێشمەرگەی شنگال بە فەرمانی بارزانی دروستکرابوو، مانگانە جگە لە نەسریە هەر یەکەیان بڕی 300 دۆلاری وەکو هاوکاری وەردەگرت. هەموویان لە سەربازگەی پێشخابوور مەشق و راهێنانیان پێکرابوو.

شێخ سەعید سلێمان، ژمێریاری فەرماندەیی پێشمەرگەی شنگال کە ئێستا لە ئەڵمانیایە، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە لە لاپەڕەکەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: "پێش هاتنی حەشدی شەعبی بۆ شنگال 8250 پێشمەرگە لە فەرماندەیی شنگال هەبوون، مانگانە زیاتر لە دوو ملیۆن دۆلار مووچەی هەموو پێشمەرگەکان بوو". شێخ سەعید داوا دەکات مووچەی ئەو پێشمەرگانە خەرج بکرێ و دەڵێت: "نەک تەنیا لە شنگال، لە کەرکووک و مەخموور و زۆر شوێنی دیکەش پێشمەرگە شەڕی نەکرد، ئێمە هەر پێشمەرگەین و دەبێ مووچەی ئێمە خەرج بکرێت، ئەوە غەدرە لە ئێمەی دەکەن".

حەیدەر شەشۆ فەرماندەی هێزی پاراستنی ئێزدیخان کە نزیکەی 6000 پێشمەرگەی هەیە و هەزار کەسیان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بوون، بە (رووداو)ی گوت: "لەو رۆژەی حەشد هاتووە ئێمە هەر لە شنگال ماوین، ئێستاش هەر پێشمەرگەین، بەڵام هەتا ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە وەڵامی ئێمەی نەداوەتەوە و هیچ رێنمایی بە ئێمە نەداوە، هەروەها مووچەشیان بۆ خەرج نەکردووین".

عەمید هەڵگورد حیکمەت بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) پشتڕاستی کردەوە کە فەرماندەیی شنگال هەڵوەشاوەتەوە و گوتی: "لە کاتی هاتنی حەشدی شەعبی بۆ شنگال هێزەکانی پێشمەرگە لە شنگال بڕیاریان دا بکشێنەوە، هێزەکەی حەیدەر شەشۆ و ئەو هێزەی فەرماندەیی شنگال بڕیاریان دا لەوێ بمێننەوە، بۆیە ئێستا ئەوان خۆیان تەحەمولی بەرپرسیارێتی دەکەن".

دەربارەی فەرماندەیی پێشمەرگەی شنگالیش، هەڵگورد حیکمەت دەڵێت: "ئێستا فەرماندەیی شنگال نەماوە، هەندێک لە پێشمەرگەکانی دوای هاتنی حەشدی شەعبی لەوێ نەمان و ئێستا لە سەنگەردان، وەزارەتی پێشمەرگە خەریکە ئەو هێزانە دووبارە رێکدەخاتەوە و لە ماوەیەکی نزیکدا مووچەکانیان خەرج دەکەین".

### فەرماندەیەکی پێشمەرگە

لە 8000 پێشمەرگەی فەرماندەییەکە، دوای هاتنی حەشد تەنیا 500یان شنگالیان جێهێشت

### حەیدەر شەشۆ

ئێستاش هەر پێشمەرگەین، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە وەڵامی ئێمە ناداتەوە

## بکوژەکان هەڵاتوون بۆ تورکیا و رۆژئاوای کوردستان

# شینۆ بە ئاسن دەکوژرێ و لە چیا فڕێدەدرێتە خوارەوە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

پیاوێکی دانیشتووی دهۆک، دوای ئەوەی بە پارچە ئاسنێک دەکوژرێ، لە چیای زاوا فڕێدەدرێتە خوارەوە، دوو هەفتە بەسەر رووداوەکەدا تێپەڕیوە و هێشتا ئەنجامدەرانی تاوانەکە دەستگیر نەکراون. کەسوکاری قوربانییەکە دەڵێن بکوژەکان ناسیاوی خۆیانن.

رۆژی 2017/11/20 پیاوێکی تەمەن 52 ساڵ بە ناوی عادل سدیق ئەحمەد، ناسراو بە شینۆ زێوکی، ونبوو، دوای چوار رۆژ لە دیارنەمانی، تەرمەکەی لە چیای زاوای دهۆک دۆزرایەوە.

هوزار زێوکی کە کەسێکی نزیکی شینۆیە، چیرۆکی کوشتنەکەی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "شینۆ لە پێشانگای کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کاری دەکرد، ئێوارەیەک نەگەڕایەوە ماڵەوە، هەر ئەو شەوە کەسوکاری دەستیان کرد بە گەڕان بە دوایدا، رۆژی چوارەم تەرمەکەیان لە چیای زاوا دۆزییەوە، دەرکەوت بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە لە چیا فڕێیانداوەتە خوارەوە".

شینۆ لە دوای خۆی شەش منداڵ و هاوژینەکەی جێهێشت. خزمەکەی شینۆ باسی بکوژەکانی دەکات و دەڵێت: "ئەو کەسانەی شینۆیان کوشتووە، خەڵکی رۆژئاوای کوردستانن، پێشتر شینۆ بەردەوام هاوکاریی کردوون، تەنانەت تەکسییەکیشی بۆ کڕیبوون بۆ ئەوەی کاری پێبکەن".

گوتیشی: "شینۆ لەلایەن چوار کەسەوە کوژراوە، دوای تاوانەکەش دووانیان رایانکردووە بۆ رۆژئاوای کوردستان، یەکێکیشیان هەڵاتووە بۆ تورکیا".

هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی شاری دهۆک، زانیاری لەسەر بکوژەکانی شینۆ ئاشکرا کرد و گوتی: "دوای بەدواداچوونێکی زۆر، لە 29ی مانگ توانیمان بکوژەکان و تاوانبارەکان ئاشکرا بکەین، ئەوانە چوار کەس بوون، سێیان خەڵکی رۆژئاوای کوردستانن و لێرە ئاوارە بوون، دوویان بران، ئەوەی دیکەشیان خەڵکی شاری دهۆک بوو".

سەبارەت بە دەستگیرکردنی بکوژەکانیش، گوتی "ئەو تۆمەتبارەی کە خەڵکی دهۆکە، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە، لە لێکۆڵینەوەشدا دانی بەوەدا ناوە کە لەگەڵ سێ کەسی دیکەی خەڵکی رۆژئاوای کوردستان، شینۆیان کوشتووە و لە چیای زاوا فڕێیانداوەتە خوارەوە".

بەپێی دانپێدانانی ئەو تۆمەتبارە، شینۆ پێشتر لە نێو خانوویەک لە دۆمیز کوژراوە، پاشان لە چیا فڕێدراوەتە خوارەوە. رائید هێمن دەڵێت: "هەر ئەو رۆژەی شینۆ ون بوو، لە ماڵێک لە دۆمیز بە ئاسن کوژراوە، پاشان تەرمەکەیان بردووەتە چیای زاوا و خستوویانە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و فڕێیانداوەتە خوارەوە".

رائید هێمن گوتیشی: "بەردەوامین لە گەڕان بەدوای تۆمەتباراندا، ئەگەر لە دەرەوەی وڵاتیش بن لە رێگەی پۆلیسی ئینتەرپۆڵ دەیاندۆزینەوە و دەستگیریان دەکەین".



تەرمی شینۆ خرایە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و لە چیای زاوا فڕێدرایە خوارەوە

## داوا دەکەن سزای بکوژەکانی جێبەجێ بکرێ

# یەکگرتوو لێژنەیەک بۆ دۆسیەی مەلا وشیار پێکدێنێ



مەلا وشیار ئیسماعیل

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

کەسوکاری مەلا وشیار ئیسماعیل کە شەوی 2016/11/22 لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر کرا، داوا دەکەن سزای ئەو تاوانبارانە جێبەجێ بکرێ کە تیرۆریان کرد، یەکگرتووی ئیسلامیش کە مەلا وشیار کادیری بووە، لێژنەیەک بۆ دۆسیەکە پێکدێنێ.

تاوانی کوشتنی ئەو مەلایە کاردانەوەی میللی و سیاسی گەورەی بەدوادا هات. ترسیش هەبوو کە خۆپیشاندانی جەماوەریی لێبکەوێتەوە، چونکە مەلا وشیار جگە لەوەی کادیرێکی باڵای زانایانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بوو، خاوەنی جەماوەر و هەوادارێکی زۆریش بوو لە گەڕەکە میللییەکانی شاری هەولێر.

بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان هەرزوو بەڵێنیان بە کەسی یەکەمی یەکگرتوو دا کە تاوانباران بدۆزنەوە و دادگایی بکرێن، لە ماوەیەکی کەمدا بکوژ و هاوکارەکەی دەستگیرکران کە بکوژەکە ناوی محەممەد عوسمان وەلی دێوانەیە و هاوکارەکەشی کە ئاوەڵزاوایەتی، ناوی سامان سەعیدە.

رۆژی 2017/5/4 دادگای تاوانەکانی هەولێر سزای لەسێدارەدانی بۆ بکوژ و هاوکارەکەی دەرکرد، دواتر دادگای پێداچوونەوەش سزاکەی پەسەند کرد، بەڵام پاش تێپەڕینی حەوت مانگ بەسەر بڕیارەکەی دادگادا هێشتا سزاکە جێبەجێ نەکراوە.

دکتۆر بەکر قادر، لێکۆڵەری دادی کە نوێنەرایەتی یەکگرتوو لە دۆسیەکەدا دەکات، بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو دۆسیە دوو بەشی ماوە، واژۆکردنی سەرۆکی حکومەت و جێبەجێکردنەکەی، ئومێد دەکەین دوای گواستنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆکی حکومەت، بەڕێزیان واژۆ لەسەر ئەو بڕیارەی دادگا بکات".

دکتۆر بەکر قادر کە هاوکات راوێژکاری یاسایی ئەمینداری یەکگرتووشە، گوتی "بڕیار بوو کاک مەسعود بارزانی واژۆ لەسەر بڕیارەکە بکات و بەڵێنیشی دابوو، چونکە بەڕێزیان بە جەنابی ئەمینداری یەکگرتووشی راگەیاندبوو کە شەهیدکردنی مامۆستا وشیار تاوانێکە دژی شەخسی ئەو کراوە، بەڵام دۆسیەکە هەندێک رۆتینیات و رێوشوێنی ئیداری تێکەوت، بۆیە درەنگ گەیشتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لەسەر راسپاردەی ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی، ئەو حیزبە لیژنەیەکی تایبەتی دروستکردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر دۆسیەکە ئیش بکەن. کەسوکاری مەلا وشیار لە جێبەجێنەکردنی سزاکە نیگەرانن، بۆیە هەوڵی ئەنجامدانی خۆپیشاندان و گردبوونەوەی جەماوەرییان لەگەڵ دەیان زانا و خوێندکار و هاوڕێی مەلا وشیار داوە.

کەسێکی نزیکی مەلا وشیار کە رازی نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە لە خاوەخاوی ئەو دۆسیەیە بۆ ماوەی ساڵێک نیگەرانین، لەسەر داوای حیزب خۆپیشاندانمان هەڵوەشاندووەتەوە، چاوەڕێی سەرۆکی حکومەت دەکەین ئیمزای جێبەجێکردنی حوکمەکە بکات".

د.سەید ئەحمەد عەبدولوەهاب کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتوو، بە (رووداو)ی راگەیاند "جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان مافێکی یاسایی و شەرعییە، داوا لە حکومەت دەکەم ئەو سزایە دژی ئەو دوو تاوانبارە جێبەجێ بکات کە بە بەڵگە و بە دانپێدانانی خۆیان زانایەکی مێژەر سپی بێ تاوانیان شەهید کرد، جێبەجێکردنی ئەو سزایە دەبێتە وانەیەک بۆ کەسانی دیکە کە لەنێو کۆمەڵگا تاوانی لەو جۆرە نەکەن".

سزای لەسێدارەدان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە ئامادەبوونی نوێنەری یەکێتی زانایان و پارێزەری تاوانلێکراو جێبەجێ دەکرێ.

محەممەد هاودیانی، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەبارەی ژمارەی ئەو تاوانبارانەی کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە، گوتی: "260 کەس لەلای ئێمە لە چاکسازییەکان بە تاوانی جۆراوجۆر سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە و سزاکەیان جێبەجێ نەکراوە".



## هەڤاڵ ئەبوبەکر دەستبەکار دەبێ

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی دەستبەکاربوونی وەک پارێزگاری سلێمانی بۆ هەڤاڵ ئەبوبەکر دەرکرد، ڕۆژی دووشەممەش 4-12-2017 وەکو پارێزگار دەوامدەکات. هەڤاڵ ئەبوبەکر، کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پارێزگاری سلێمانی، ڕۆژی یەکشەممە 3-12-2017 بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکان و دەستبەکاربوونی وەکو پارێزگاری سلێمانی سەردانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد. پێش سەردانەکەش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەندێ وردەکاری ماون پێویستە خۆم ئامادەبم و بەپێویستی دەزانم خۆم بەدواداچوون بۆ مامەڵەکان بکەم". دوای سەردانەکەش بە ڕووداوی ڕاگەیاند کە فەرمانی دەستبەکاربوونی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆ دەرکراوە و ڕۆژی دووشەممە وەکو پارێزگاری سلێمانی دەستبەکاردەبێت و پۆستەکەی ڕادەستدەکرێ.

### کۆبوونەوەی "سەرکردایەتی هاوبەش" ناڕەزایی دەخاتە نێو گۆڕان

# نامەکەی قادری حاجی عەلی ناکۆکییە نێوخۆییەکان زیندوو دەکاتەوە

"شتێک بەناوی سەرکردایەتی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی نەماوە"

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی



دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان لە ماڵی نەوشیروان مستەفا (فۆتۆ: PUK Media)

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی، ناکۆکی دەخاتە ڕیزی بزووتنەوەی گۆڕانەوە و لە سەرووی هەمووشیانەوە، قادری حاجی عەلی، هەڵسوڕاوی باڵای بزووتنەوەکە کە پێیوایە ئەو کۆبوونەوەیە دەرفەتێکی زێڕینی لەدەستی گۆڕان داوە.

دوای سێ مانگ لە بێدەنگی، ڕۆژی 2017/11/22 لە ناکاو سەرکردایەتیی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی کۆبوونەوە، ئەمەش ناڕەزایەتی و نیگەرانیی زۆری هەڵسوڕاو و سەرکردە باڵاکانی گۆڕانی لێکەوتەوە و کێشە کۆنەکانیشی نوێ کردنەوە. کۆبوونەوەکە لە ماڵی کۆچکردوو نەوشیروان مستەفا بە بەشداری پێنج بەرپرسی یەکێتی و سێ بەرپرسی گۆڕان بەڕێوەچوو. ئەحمەد عەزیز، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "شتێک بە ناوی سەرکردایەتیی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی نەماوە، ئەم کۆبوونەوەی دواییش لەسەر داوای یەکێتی بووە".

بێستوون فایەق کە پەرلەمانتاری گۆڕانە، هۆکاری نیگەرانییەکانی هەڵسوڕاوان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کۆبوونەوەکە لەژێر ناوی "سەرکردایەتیی هاوبەش" کراوە "بەڵام زۆرینەی هەڵسوڕاو و سەرکردەکانی گۆڕان پێیانوایە شتێک بە ناوی ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان هەردوولا نەماوە، چونکە یەکێتی نەک ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ نەکرد بەڵکو بەپێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنە کاری کردووە".

دوای کۆبوونەوەکە، قادری حاجی عەلی، هەڵسوڕاوی باڵای گۆڕان نامەیەکی بڵاوکردەوە کە لە بەشێکیدا دەڵێت: "یەکێتی ئامادە نییە یەک بەیەکی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی جێبەجێ بکات، بەڵام ئامادەیە سەرجەم داواکاری و ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ پارتی جێبەجێ بکات".

قادری حاجی عەلی لەو نامەیەدا تەنانەت ڕەخنە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2017/11/21 ی پارتی و گۆڕانیش دەگرێت و دەڵێ: "پارتی بەو کۆبوونەوانە ڕووی خۆی سپی دەکاتەوە، بزووتنەوەی گۆڕانیش بەکاردەهێنێ بۆ ئەو مەبەستەی خۆی".

### 130 ڕۆژەکەی عومەری سەید عەلی

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، لە ماوەی ئەو 130 ڕۆژەی دەستبەکاربوونی عومەری سەید عەلی و خانەی ڕاپەڕاندن، ژوورەکەی قادری حاجی عەلی لە گردەکە جمەی هاتووە لە هەڵسوڕاوانی ناڕازی و نیگەران لە سیاسەتەکانی ئەو تیمە نوێیە کە لە دوای کۆچی دوای نەوشیروان مستەفاوە دەستبەکاربوون، دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر قادری حاجی عەلی بە سیفەتی هەڵسوڕاوێک لە میدیای فەرمی گۆڕانەوە لە 2017/10/18 ڕەخنەی توندی لە سیاسەتی پارتی و یەکێتی گرت و داوای لە گۆڕان کرد لەگەڵ بەغدا بکەوێتە گفتوگۆ و شاند دروستبکات. 20 ڕۆژ دوای قسەکانی قادری حاجی عەلی، بۆ یەکەمجار عومەری سەید عەلی دوای هەڵبژاردنی بە ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، لە میدیای فەرمیی گۆڕانەوە لە 2017/11/8 هاتە سەر شاشە و باسی پێکهێنانی حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی و کاتیی کرد و ڕەخنەی لە بەڕێوەچوونی گشتپرسی و سیاسەتەکانی پارتی و یەکێتی گرت، بەتایبەتی شەخسی مەسعود بارزانی.

قادری حاجی عەلی لەسەر شاشەی کەی ئێن ئێنەوە داوای لە بزووتنەوەکەی و هاوپەیمانەکانی کرد سەرکردایەتییەکی دیکەی کوردستانی لە بەرامبەر سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی دیکە دروست بکەن، لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسێ گفتوگۆ بکەن و لە تەخوینکردن نەترسن، هەروەها داواشی کرد گۆڕان خۆی لەو تەمومژە ڕزگار بکات نەک تەنیا بەیاننامە دەربکات، تیمی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕاوێژیان پێکردووە، بەڵام پێشنیازەکانیان جێبەجێ نەکردووە.

ئەحمەد عەزیز، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لە بارەی دروستکردنی سەرکردایەتییەکی دیکە گوتی "ئەو پرۆژەیە ماوە، لەگەڵ کۆمەڵ و هاوپەیمانی قسەمان کردووە کە بە سێ قۆڵی دەتوانین هەنگاو بنێین لەگەڵ ئەو دوو لایەنە قسەی خۆمان کردووە، بۆ ئەوەی چ هەنگاوێک بنێین لەگەڵ حکومەت کۆبوونەوەمان هەبووە و پرۆژەمان پێداون، بەڵام سەبریش سنووری خۆی هەیە".

سەرکردەیەکی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاک قادر پێشنیازی کردبوو پێش هەستانەوەی پارتی و یەکێتی، بە سێ قۆڵی لەگەڵ بەغدا و ئەمریکا گفتوگۆ بکەین، مامۆستا عەلی باپیر و کاک بەرهەم ساڵحیش ڕازی بوون، بەڵام بەشێک لە خانەی ڕاپەڕاندن لەگەڵ ئەوە نەبوون، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەشیش کۆمەڵ و هاوپەیمانیی نیگەران کرد و ئەو دەرفەتە زێڕینەشی لە دەست گۆڕان دا، یەکێتی بەو کۆبوونەوەیە گومانی لە لای کۆمەڵ و هاوپەیمانی دروستکرد".

لە بەشێکی دیکەی نامەکەیدا، قادری حاجی عەلی بە زمانێکی توند ڕەخنە لە سیاسەتی گۆڕان دەگرێت کە بەرژەوەندی خۆی و دەنگدەران و خەڵکی کوردستان لەبەرچاو ناگرێت و دەڵێ: "چیتر ئامادە نیم بەرگری لە هەنگاوە هەڵەکانتان بکەم کە سوکایەتییە بە بزووتنەوەی گۆڕان و سووریش دەزانم جگە لە جێبەجێکردنی ئەجێندایەکی ناو یەکێتی هیچی تر نییە".

قادری حاجی عەلی ئەو کۆبوونەوانە بە لاوازکردنی گۆڕان و بێ ئۆمێدکردنی دەنگدەرانی وەسف دەکات و ئۆباڵەکەشی دەخاتە ئەستۆی سەرکردایەتیی ئێستای گۆڕان.

کێشە نێوخۆییەکانی گۆڕان لەدوای بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی بە زەقی سەری هەڵداوە و ئێستا دوو ئاراستەی دیار لەنێو بزووتنەوەکە دەبینرێن: ئاراستەیەک قادی حاجی عەلی و عوسمانی حاجی مەحموود نوێنەرایەتی دەکەن و پێیانوایە سەرکردایەتی ئێستای گۆڕان توانای ئیدارەکردنی قەیرانەکانی نییە. ئاراستەی دووەمیش خۆی لە عومەری سەید عەلی و زۆرینەی ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن دەبینێتەوە.

بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکەش، هەریەک لە چیا و نما، کوڕانی نەوشیروان مستەفا لە دەرەوەی وڵات گەڕانەوە سلێمانی و ڕۆژی 2017/12/2 لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی دۆخی سیاسی و هەنگاوە گرنگەکانی ئایندەی بزووتنەوەکە کۆبوونەوە.

### سەرپەرشتی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەکات

# کۆسرەت ڕەسوڵ سەری ساڵ دەگەڕێتەوە

**مستەفا چاوڕەش**
ئێستا کاک کۆسرەت بەرپرسی یەکەمی یەکێتییە

**ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی**
بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەڵێن هەڵنەوەشاوینەتەوە

**پزیشکەکەی کۆسرەت ڕەسوڵ**
کاک کۆسرەت نەشتەرگەرییەکی بچووکی بۆ دەکرێ



سەرکردایەتی یەکێتی ناتوانێت بەبێ کۆسرەت ڕەسوڵ کۆببێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

## کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی بەسەرپەرشتی بەتەمەنترین ئەندام سەری نەگرت

دوای نەخۆشکەوتنی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی، لەنێو سەرکردایەتیی ئەو حیزبەدا هەوڵی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەدرا بە سەرپەرشتی بەتەمەنترین ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕاپۆرتە ئەرێنییانەی لەبارەی تەندروستی کۆسرەت ڕەسوڵەوە گەیشتنەوە سلێمانی و نزیکبوونەوەی وادەی گەڕانەوەی، ئەو کۆبوونەوەیە نەکرا.

دۆخی نێوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پێی نایە قۆناغێکی خراپترەوە. هێشتا ماتەمینی کۆچی دوایی سکرتێری گشتی حیزبەکە کۆتایی نەهاتبوو کە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی تووشی نەخۆشییەکی کتوپڕ هات، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە کۆسرەت ڕەسوڵ سەرقاڵی ئامادەکاری بوو بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی حیزبەکەی کە حەوت ڕۆژ پێش نەخۆشکەوتنی بەهۆی ڕێکنەکەوتنیان لەسەر ڕۆژی بەستنی کۆنگرەی چوارەم، تێکچووبوو.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "ئەگەرچی دەزانین جێگری سکرتێری گشتی لە نەخۆشخانەیە و چارەسەر وەردەگرێ، بەڵام کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیش پێویستە بۆ ئەوەی وەک چۆن بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی دا، ڕۆژی بەستنی کۆنگرەش یەکلایی بکاتەوە لە سەرەتای ساڵی داهاتوو، چونکە یەکێتی لەوە زیاتر ناتوانێ لەنێو ئەو هەموو گۆڕانکارییەدا کۆنگرە نەبەستێ".

گوتیشی کە "بەڵێ داواکاری هەیە بۆئەوەی کۆبوونەوەیەک بە سەرپەرشتی بەتەمەنترین ئەندامی سەرکردایەتی بەڕێوەبچێ تاوەکو ئەوکاتەی جێگری سکرتێری گشتی دەگەڕێتەوە".

### یەکێتی ناتوانێ کۆببێتەوە

بەڵام حەمەی حەمە سەعید، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی حیزبەکەی لەو دۆخەی ئێستادا بتوانێ کۆببێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر کۆبوونەوەکە بۆ پرسێکی چارەنووسسازی وەک دیاریکردنی ڕۆژی کۆنگرە بێ "چونکە مەکتەبی سیاسی هەڵوەشاوەتەوە و جێگری سکرتێری گشتی لێرە نییە. تەنیا ئەو دەتوانێ سەرپەرشتی کۆبوونەوە بکات، یان ئەو کەسێک دیاری بکات بۆ ئەو کارە، جگە لەو دوو حاڵەتە، کەس ناتوانێ بڕیاری کۆبوونەوە بدات، ئەگەر بەو شێوەیەش نەبێ کۆبوونەوەکە هیچ ئەنجامێکی نابێ".

ڕۆژی 2017/11/4 سەرکردایەتی یەکێتی بە سەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسوڵ کۆبووەوە و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی سەرکردایەتی بڕیار درا مەکتەبی سیاسی هەڵبوەشێتەوە و دەستەیەک بۆ سەرپەرشتی کاروبارەکانی یەکێتی دیاری بکرێ تاوەکو ڕۆژی کۆنگرە. بەهۆی ڕێکنەکەوتنیان لەسەر ڕۆژی بەستنی کۆنگرە، کۆبوونەوەکە تێکچوو، بڕیار درا ڕۆژی 11/6 جارێکی دیکە سەرکردایەتیی یەکێتی کۆببێتەوە، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی لە چەند بەرپرسێکی یەکێتییەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، هێشتا بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی یەکێتی وەک مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕی پێشوازی لە میوان دەکەن و ئیشوکاری ڕۆژانەیان ڕادەپەڕێنن.

حەمەی حەمە سەعید، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: "بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕی دەڵێن ئێمە هەڵنەوەشاوینەتەوە". وەک ئەو باسی دەکات، کۆنگرە پرسێکی گرنگ و هەستیاری حیزبە و هەرچەندە پێداگیریی بەشێک لە سەرکردایەتی ئەوەیە کە ڕۆژی 2018/1/31 کۆنگرە ببەسترێ "بەڵام هێشتا بەستنی کۆنگرە قسەیە و بەداخەوە ئێستا بۆ حیزبێکی گەورەی وەک یەکێتی قسەکردن لەسەر کۆنگرە بووەتە قسە و موزایەدە".

### "پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکەینەوە"

ڕۆژی 2017/11/20 ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی کۆبووەوە و دواتر ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە. تێیدا داوای لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی کردووە بە زووترین کات کۆبوونەوەی خۆی سازبکات و بڕیار لە ڕۆژی بەستنی کۆنگرە و ڕێوشوێنەکانی بدات، "ئەگەرنا، وەک ئەنجوومەن وادەیەک بۆ بەستنی کۆنگرە دیاری دەکەین".

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیدا، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی، دەست دەکات بە هەموارکردنی ڕەشنووشی پەسەندکراوی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەک ئامادەکارییەک بۆ کۆنگرە بەشێوەیەک کە لەگەڵ دۆخی ئێستای یەکێتی بگونجێ.

ئەوە لە کاتێکدایە کە هێشتا لە نێوخۆی یەکێتیدا ئەوە یەکلانەکراوەتەوە ئاخۆ حیزبەکەیان کۆنگرە دەبەستێ یان نا. تەنانەت ناکۆکی هەیە لەسەر ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی حیزبەکە.

لەتیف نێرەویی، گوتەبێژی ئەنجوومەنەکە بە (ڕووداو)ی گوت، هێشتا دەستیان بە ئامادەکاری نەکردووە بۆ هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی "بەڵام بەم نزیکانە لیژنەیەکی پسپۆڕ دروستدەکەین بۆ هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی و ئەو پەیڕەوە دەدرێتە کۆنگرە و کۆنگرە هەندێک کەم و زیادی دەکات و دواتر ئەوە دەبێتە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی لە دوای کۆنگرە".

### کۆسرەت ڕەسوڵ دەگەڕێتەوە

پزیشکی تایبەتی کۆسرەت ڕەسوڵ لە ئەڵمانیاوە لەبارەی ڕەوشی ئێستای تەندروستیی ئەو قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و ڕایگەیاند "ئێستا تەندروستیی زۆر باشە". د.دارا ڕەشید دەڵێ "تەنیا یەک نەشتەرگەری زۆر بچووک و ئاسانی ماوە و تاوەکو حەوت ڕۆژی داهاتوو ئەو نەشتەرگەرییە دەکرێت و ئەگەر بەهۆی پشووەکانی سەری ساڵ نەبووایە کە لێرە هەندێ ئیش و کار ڕادەوەستێ، کاک کۆسرەت زوو دەگەڕایەوە، بەڵام بەو هۆیەوە سەری ساڵ دەگەڕێتەوە".

د.دارا ڕەشید گوتیشی کە کۆسرەت ڕەسوڵ دەتوانێ دەست بە ئیشوکاری سیاسی و حیزبیی خۆی بکاتەوە و گوتی "لەو ڕووەوە هیچ کێشەیەکی تەندروستی نابێ".

### کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سەری نەگرت

ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی یەکێتی کە توانیان زۆرینە کۆبکەنەوە و متمانە لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی وەربگرنەوە، ڕۆژی 2017/11/29 هەوڵیانداوە جارێکی دیکە کۆببنەوە و داوایان کردووە بەتەمەنترین ئەندام سەرپەرشتی بکات کە مستەفا چاوڕەشە. مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئەو هەواڵەی ڕەتنەکردەوە، بەڵام گوتی قسە لەو بارەیەوە ناکات و تەنیا گوتی "لەچەند ڕۆژی داهاتوودا کاک کۆسرەت دەگەڕێتەوە و من بۆ خۆم قسەم لەگەڵ کردووە، دەبێ ئەو لێرە بێ و ئەو ئێستا بەرپرسی یەکەمی یەکێتییە".

کۆسرەت ڕەسوڵ کە ئێستا بۆ چارەسەر لە ئەڵمانیایە، ژمارەیەک بەرپرسی یەکێتی سەردانیان کردووە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ خۆشی پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتییەوە کردووە و دڵنیای کردوونەتەوە لەوەی تەندروستی زۆر باشە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی ئیشوکارەکان.

## کین گرۆس، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر بۆ (رووداو):

# کوردستانێک لە نێو عێراقێ



کین گرۆس، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی رووداو) باسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات و سەرسوڕمانی خۆی نیشان دەدات کە گەلی کوردستان هەست بە فەرامۆشکردنیان دەکەن لەلایەن ئەمریکاوە، بە تایبەتی دوای رووداوەکانی کەرکووک. کین گرۆس دەڵێت: "سیاسەتی پشتگوێخستنی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئارادا نییە". گرۆس پێیوایە ئەوکاتە دەتوانێ بڵێت پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق ئاسایی بوونەتەوە کە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بکرێنەوە. ئەم هەڤپەیڤینە ئەمشەو دووشەممە کاژێر 21:00 بە کاتی هەولێر لە تەلەڤزیۆنی رووداوەوە پەخش دەکرێ.

هەڤپەیڤین: ئەیوب نووری
رووداو- هەولێر

**رووداو: سەرەتا با بەوە دەستپێبکەم کە ئاگادارم لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا لێرە لە هەولێر چاوتان بەسەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کەوت. دەتوانی پێمان بڵێی باسی چیتان کرد؟**

**کێن گرۆس:** راستە لەگەڵ سەرۆکوەزیران کۆبووینەوە، باڵیۆزی ئەمریکاش هاتبوو، دیدارێکی زۆرباشمان لەگەڵی هەبوو، باسی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەمریکامان کرد، هەروەها پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، زۆر باش بوو، بە تێروتەسەلی باسی هەموو ئەو شتانەمان کرد کە ئێستا روودەدەن، هەروەها باسی کۆمەڵێک رێگەمان کرد کە چۆن بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێین.

**رووداو: لە سێ ساڵی رابردوودا شەڕی دژی تیرۆر بابەتێکی زۆر گرنگ بووە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی لەعێراق. ئەمریکاش لەبەرەی پێشەوەی ئەم جەنگەدا بووە لەدژی تیرۆر و گرووپی داعش. هەموو لایەنێکیش ئێستا باسی شکستی داعش دەکەن، لانیکەم لەڕووی سەربازییەوە، بەڵام تا چەند هەڕەشەی تیرۆر لەسەر کوردستان و عێراق ماوە؟**

**کێن گرۆس:** بەشێوەیەکی سەرەکی داعش لەڕووی سەربازییەوە لێرە، لە عێراق، شکستی هێناوە، بەڵام هێشتا پاشماوەیان لە هەموو عێراق و لە هەموو سووریا و زۆر ناچەی دیکە ماوە، چونکە زنجیرەیەک هێرشی تیرۆریستیمان بینیوە، تێبینی ئەوەشمان کردووە کە دەشێت شانەی نوستووی داعش مابێت و دەشێت خۆیان رێکبخەنەوە، بۆیەش تاوەکو ئێستا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە هاوبەشی کاردەکەین بۆ ئەوەی هاوشان لەگەڵ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی دژی تیرۆر شەڕ بکەین، چاویشمان لەوەیە بەردەوامی بە هەوڵەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بدەین و لەگەڵ پێشمەرگە کاربکەین و مەشق و پێداویستیی سەربازییان پێشکەش بکەین.

**رووداو: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چۆن پێگەی پێشمەرگە هەڵدەسەنگێنێ، چونکە هەموو دەزانین کە هێزەکانی پێشمەرگە بەشێکی سەرەکی بوون لەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی کە ساڵی 2014 دروستبوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش. ئێستا کە داعش لەناودەچێ، پێشمەرگە پێگەی ئێستای چۆنە و لێرە بەدواوە چۆنی دەبینی؟**

**کێن گرۆس:** هەرچەندە لەڕووی سەربازییەوە شکستمان بە داعش هێناوە، بەڵام وەکوو گوتم تاوەکو ئێستاش نیگەرانی هەڕەشەکانی تیرۆریزمین، ئەمەش خاڵێکی گرنگە، نەک هەر لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەڵکو لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەموو جیهاندا. بۆیەش دەمانەوێت لەگەڵ پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بین، بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە داعش جارێکی دیکە دەرناکەوێتەوە، بۆیەش پەیوەندی زۆر نزیکمان لەگەڵ پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان لە بەغدا و هەولێر و شوێنەکانی دیکە هەیە، تاوەکو رێگە لەوە بگرین.

**رووداو: دەتوانین بڵێین ئەو هاوکارییە داراییەی کە کۆنگرێسی ئەمریکا بڕیاری دا بدرێت بەپێشمەرگە، دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو پلانەوە بۆ هێشتنەوە و پشتگیریکردنی پێشمەرگە وەک هاوپەیمانێک لە شەڕی دژی تیرۆر. دەزانم ئەمە یەکەمجار نییە هاوکاری دارایی پێشمەرگە دەکەن، بەڵام ئایا ئەوەندەی ئاگادار بی ئەم هاوکارییە داراییە بەردەوام دەبێ لە ئایندەدا؟**

**کێن گرۆس:** ئەمە خاڵێکە کە ئێستا کۆنگرێسی ئەمریکا تاوتوێی دەکات و لە پاڵ زۆر خاڵی دیکەدا بڕیاری لەسەر دەدات، بەڵام پێموایە خەڵکانێکی زۆر بڕوایان وایە کە پێشمەرگە هاوبەشێکی گرنگ بووە نەک بۆ ئەمریکا بەڵکو بۆ حکومەتی عێراق و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی. بۆیەش دەمانەوێت دڵنیابینەوە لەوەی پێشمەرگە هەر ئاوها هاوبەشێکی باشمان بن لەو شەڕەی لە دژی تیرۆریزم دەیکەین.

**رووداو: لە جەنگ و رووبەڕووبونەی تیرۆردا بەبۆچوونی من هیچ ناکۆکییەک نەبووە لەنێوان لایەنەکاندا. ئەمریکا و هەولێر و عێراق، هەموو لەسەر ئەوە کۆک بوون کە دەبێ شەڕی تیرۆر بکرێ، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە یەک دنیا ناکۆکی لەنێوان ئەم لایەنانەدا هەیە. لەیەک مانگی رابردوودا بەتایبەت پەیوەندییەکان لەنێوان هەولێرو حکومەتی ناوەند بەتەواوی تێکچوون. هەردوولاش بەردەوام دەڵێن پێویستە بگەڕێنەوە سەر مێزی دانوستاندن. سەرکردەکانی کورد دەڵێن ئەوان هەمیشە ئامادەن بۆ گفتوگۆ، بەڵام ئێوە هەوڵتان داوە بۆ رازیکردنی سەرکردەکانی عێراق بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ؟**

**کێن گرۆس:** وەکوو خۆشت گوتت ئێمە لە نزیکەوە لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە هەولێر و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە بەغدا کاردەکەین، ئێمە پشتگیری لە دیالۆگێکی بنیاتنەر دەکەین، هەوڵەکانمان بەردەوامن بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە لەوەی هەرێمی کوردستانێکی بەهێز لە ناو عێراقێکی ئازاد و پێشکەوتوو و دیموکراتدا دەبێت، بۆیەش گفتوگۆکانمان لە هەولێر و لە بەغدا بەردەوامن، تاوەکو بزانین ئایا کۆمەڵێک کێشە هەن کە تێیدا ئێمە بتوانین هاوبەشەکانمان لە یەک نزیک بکەینەوە و دوو لایەنەکە بتوانن دیالۆگی بنیاتنەریان هەبێت و هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێن.

**رووداو: لای خەڵکی ئێرە، بەتایبەت مانگی رابردوو، هەستێک دروست بوو کە کورد فەرامۆش کراوە، هەر بۆیە ئێستا لەهەرکاتێکی دیکە زیاتر هەم بەرپرسانی هەرێم و هەم خەڵکی ئاساییش پێویستیان بەوەیە بزانن کە هاوڕێ و هاوپەیمانانی کورد هەر لەگەڵیان ماون. تۆ پێتوایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێرە دەبێ و لەئێستا و قۆناغی داهاتوودا لەگەڵ کورد هەنگاو دەنێ؟**

**کێن گرۆس:** نایشارمەوە خۆم پێم سەیر بوو کە بۆچی لەدوای رووداوەکانی مانگی رابردوو ئەو هەستی پشتگوێخرانە هێندە خێرا دروستبوو. سیاسەتی پشتگوێ خستنی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئارادا نییە. وەکوو پێشتریش گوتم بڕوامان بە حکومەتی هەرێمی کوردستانێکی زۆر بەهێز لە ناو عێراقدا هەیە. هیچکات نیازی ئەوەمان نەبووە و بێگومان ئەوە سیاسەتەشمان نەبووە کە هەرێمی کوردستان پشتگوێ بخەین. کار دەکەین بۆ ئەوەی پەیوەندی بەهێزمان لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا هەبێت. ئەو پەیوەندییانەش کە لەڕابردوودا هەمانبووە بەردەوام دەبن و هیوادارین لە داهاتوودا پەرەیان پێبدەین. بۆ نموونە پلانی دروستکردنی کۆنسوڵخانەیەکی نوێمان لێرە هەیە، کە وجودی ئێمە لێرە جێگیرتر دەکات و پیشانیشی دەدات کە ئێمە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پابەند دەبین بە دۆستە کوردەکانمانەوە.

**رووداو: لە بەرپرسانی ئەمریکا و حکومەتی ئەمریکاوە بیستوومانە کە پشتگیری حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی و جێگرەکەی قوباد تاڵەبانی دەکەن. ئایا ئەمەش هەر بەشێکە لەو سیاسەتەی ئەمریکا کەدەڵی هەرێمێکی کوردستانی بەهێزیان دەوێ لەناو عێراقێکی بەهێزدا؟ ئایا بۆ ئەمریکا گرنگە کە هەرێمی کوردستان لەسەرپێی خۆی بوەستێ؟**

**کێن گرۆس:** بەڵێ باش و جێی متمانەن، وەکوو گوتم ئێمە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی و حکومەتەکەی بووین، دەشمانەوێت ئەمە بەردەوام بێت. بۆیەش دەڵێم بەڵێ دەمانەوێت لە نزیکەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بکەین، باسی تیرۆریزمان و زۆر شتی دیکەمان کرد کە دەتوانین پێکەوە کاریان لەسەر بکەین، بۆیەش دەمانەوێت لەگەڵ ئەم حکومەتەی ئێستادا کاربکەین.

**رووداو: لەدوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی مانگی ئەیلول، حکومەتی ناوەندی عێراق کۆمەڵێ هەنگاوی گرتەبەر و ژمارەیەک سزای بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاند، یەکێک لەوانەش داخستنی دوو فڕۆکەخانەکەی هەرێمی کوردستان بوو کە زۆر بەخراپی کاری لێرە کردووە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ بۆ بینینی کەسوکار گەشت بکەن، یان بڕۆنە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەری پزیشکی یان رۆژنامەنووسان و کارمەندانی رێکخراوە خێرخوازییەکان. پێموایە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەڕێز تیلەرسن خۆیشی گوتی کە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بابەتەی باسکردووە. کەواتە ئەمریکا هەوڵیداوە بۆ رازی کردنی عێراق بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکان؟**

**کێن گرۆس:** لەگەڵ هەردوو حکومەتەکە قسەمان کردووە، مەبەستم حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدایە، باسی گرنگی بەرەوپێشچوونمان کردووە، بۆیەش زۆر کێشە هەن کە جێی ناکۆکین، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هێشتا لەگەڵ حکومەتی عێراق یەکلا نەبوونەتەوە. بۆیەش لەگەڵ هەردوو حکومەتەکە قسەمان کردووە و باسی پێویستی لێکنزیکبوونەوە و باسکردنی ئەو کێشانەمان کردووە، هەروەها ئەوەی کە چۆن پردێک دروست بکەین بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکییانە چارەسەر بن. ئاشکرایە کە داخستنی فڕۆکەخانەکان کاریگەرییەکی ناخۆشی لەسەر ئەو خەڵکە هەبووە کە لێرە دەژین کە هەندێکیان بۆ ساڵانێک لێرە ژیاون، وەکوو خۆیشت ئاماژەت بۆ کرد بۆ ئەوانەی لە بواری هاریکاریدا کار دەکەن و پێویستیان بە هاتوچۆیە و دەبێت لێرە دەربچن و دواتر بۆ گەڕانەوە تووشی گرفت دەبن. ئێمە دەمانەوێت ئەم کێشانە چارەسەر بن، بۆیەش

> دەمانەوێت لە نزیکەوە لەگەڵ ئەم حکومەتەی ئێستا کاربکەین

> دەمانەوێت لەگەڵ پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بین

> سیاسەتی پشتگوێخستنی کوردمان نییە

## کۆبوونەوەکە بە ئاگاداری ئەردۆغان بووە

# سەلاحەددین بەهائەددین لەگەڵ هاکان فیـ

مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

> بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکگرتوو
> بەستەڵەکی هەولێر و ئەنقەرە تواوەتەوە

ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ئەنقەرە لەگەڵ هاکان فیدان، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا (میت) و یاریدەدەرێکی سەرۆک کۆماری تورکیا کۆبووەتەوە. بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ "متمانە لە نێوان هەولێر و ئەنقەرە نەمابوو". بەڵام "ئێستا ئەو بەستەڵەکە تواوەتەوە".

رۆژی 2017/11/24 سەلاحەددین بەهائەددین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی بە یاوەری د.عومەر محەممەد، ئەندامی مەکتەبی جێبەجێکردنی ئەو حیزبە، دوور لە چاوی میدیاکان لە رێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە پەڕینەوە باکووری کوردستان، لەوێش لە رێگای فڕۆکەخانەی شرنەخەوە گەیشتنە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، ئەو پایتەختەی کە ماوەی دوو مانگە بە هۆی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولەوە هەموو دەرگایەکی سیاسی بە رووی باشووری کوردستاندا داخستووە.

سەردانەکە تەواو نهێنی بووە، بە جۆرێک پاسەوان و تیمی پرۆتۆکۆلی تورکی زۆر بە وریاییەوە پێشوازیان لە شاندەکەی یەکگرتوو کردبوو، پێیانگوتبوون "ئێوە یەکەم شاندی کوردین لە دوای گشتپرسی".

نەسرەدین سندی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "سەردانەکەی ئەمینداری گشتی هەنگاوێکی سەرەتایی باش و گرنگ بوو، ئەو بەستەڵەکەی کە بەهۆی ریفراندۆمەوە دروستبووە، توانی بیتوێنێتەوە. چوونی شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە رێگای تورکیاوە بۆ فەرەنسا هەر دوای ئەم سەردانە هات".

### دوو نامەکەی سەلاحەددین بەهائەددین

سەرکردەیەکی یەکگرتوو کە ئاگاداری هەوڵەکانی ئەمیندارەکەیانە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە، بە (رووداو)ی راگەیاند "مامۆستا سەلاحەددین لە ماوەی رابردوودا دوو نامەی بۆ ئەردۆغان ناردووە سەبارەت بە نەگرتنەبەری رێوشوێن دژی هەرێمی کوردستان و دەستنەبردن بۆ بژاردەی سەربازی لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل".

ئەو سەرکردەیەی یەکگرتوو کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها دەڵێت: "جگە لەوە راشد غەنووشی، سەرۆکی پارتی نەهزەی تونسی کە دۆستی دێرینی هەر یەک لە سەلاحەدین بەهائەدین و ئەردۆغانە، هەوڵی رەخساندنی کۆبوونەوەی لە نێوان باشووری کوردستان و تورکیا داوە. هەروەها پەیوەندییە کەسییەکانی خۆی لەگەڵ ئەردۆغان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لەو پلانە هەرێمییەی دژی باشووری کوردستان دارێژراوە، دەستی سووک بکات".

رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، بە بەڕێوەچوونی گشتپرسیی باشووری کوردستان زۆر تووڕە بوو. ئەردۆغان گشتپرسییەکەی بە "خیانەت و خەنجەرلێدان لە پشتەوە" ناو برد، بۆیە لە ماوەی رابردوودا هەموو هەوڵ و دەستپێشخەرییەکی بۆ بینینی بەرپرسانی باڵای حیزبی و حکومی باشووری کوردستان رەتکردووەتەوە.

بە گوتەی نەسرەددین سندی، سەردانەکەی ئەمیندار بۆ ئەنقەرە بەرهەمی هەبووە و دەڵێت: "ریفراندۆم بۆ تورکیا موفاجەئە بوو، ئەم پرۆسەیە بەبێ راوێژ لەگەڵ ئەوان کراوە، بۆیە لە ماوەی رابردوودا جۆرێک لە نەمانی متمانە هەبوو، بەڵام مامۆستا سەلاحەددین لەم سەردانە توانی بەشێک لەو نیگەرانییانە بڕەوێنێتەوە. پێشتر مامۆستا لە ساڵی 2007 بە سەرۆکایەتی شاندێکی باڵا سەردانی تورکیای کرد کە ئەوکات هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی هەرێمی کوردستان دەکرا".

سەلاحەددین بەهائەددین، چوار رۆژ لە تورکیا مایەوە و رۆژی 2017/11/28 گەیشتەوە شاری دهۆک، لەوێ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا سەبارەت بە سەردانەکەی رایگەیاند "کەسایەتییە کاربەدەست و کاریگەرەکانمان لە ئاکپارتی و حکومەت بینی، تارادەیەک سەردانێکی دڵخۆشکەر و سەرکەوتوو بوو، سوپاس بۆ خوا بەرەوپێشچوون هەبوو".

سەلاحەدین بەهائەدین شانازی بە هەڵوێستی حیزبەکەی سەبارەت بە پشتیوانی و بە ئەنجامگەیاندنی گشتپرسی کرد و رەتیکردەوە پەشیمان بن لە هەڵوێستەکانیان و گوتی "ریفراندۆم تەعبیر بوو، تاوان نییە حەقی عقوبە

> سەرکردەیەکی یەکگرتوو
> راشد غەنووشی داوای لە ئەردۆغان کردووە دەستی لە سزادانی کورد سووک بکات

# ...ی بەهێزمان
# ...ـکی فیدراڵدا دەوێت

هانی هەردوو لایەن دەدەین دەست بە گفتوگۆی بنیاتنەر بکەن.

**ڕووداو: ئەی وەڵامی سەرکردەکانی عێراق و کورد چییە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە دەبێ بیر لەهەنگاوی دواتر بکەنەوە. گرنگە سەیری داهاتووی بکەی و ڕابردوو لەبیرکەی ئەگینا هەتا ئاوڕ بۆ ڕابردوو بدەیتەوە و یەکتر تۆمەتبار بکەی شتەکان تەنیا ئاڵۆزتر دەبن. ئایا ئامادەن بۆ ئەو پێشنیازە یان خەریکی گەمەی سەرزەنشتکردنی یەکتر دەکەن؟**

**کێن گرۆس:** نایشارمەوە هەردوو لایەن هەڵەیان هەبووە، بەڵام وەکوو خۆیشت گوتت خاڵی سەرەکی ئەوەیە چاومان لە داهاتوو بێت، واتە پێویستە چی بکرێت، دەزانین گشتپرسییەکە کرا و دەشزانین ئەنجامەکەی چی بوو، دەشزانین پاش گشتپرسیی چی ڕوویدا، بەڵام ئێستا ئەوەی دەبێ بیکەین ئەوەیە هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین، بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە کوردستانێکی بەهێز لەناو عێراقدا هەیە. ئەمەش ناکرێت تاوەکو دۆخێکی ئاسایی نەیەتە ئاراوە، دۆخی ئاساییش واتە ئەوەی کە فڕۆکەخانەکان بکرێنەوە، پەیوەندی ئاسایی هەبێت لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندیدا. بەڕای من ئەمە بۆ ئێمە و بۆ هەردوو حکومەتەکە گرنگە کە پەی بەوە بەرن کە ڕیزبەندێک بۆ کێشەکان هەیە، چونکە ژمارەیەک کێشە هەن کە دوو حکومەتەکە یان لایەنەکان لەسەری ناکۆکن، بۆیەش دەبێ لەسەر چۆنێتی چارەسەرەکە بڕیار بدەن، کێن ئەوانەی قسە لەسەر کێشەکان دەکەن، ئامانجەکان چین. بۆیەش مەسەلەکە ئاوها سادە نییە کە من و تۆ لەسەر شتێک ناکۆک بین و بمانەوێت چارەسەری بکەین، بەڵکو زۆر لایەن بەرژەوەندییان لەمەدا هەیە، زۆر بابەتی تایبەت هەن کە دەیانەوێت باسیان بکەن، لەوانەش بابەتی پەیوەندیدار بە بودجە و گومرک و کۆچبەران و ڤیزا. بۆیەش مەسەلەکە تاوەکو ڕادەیەک لەوە ئاڵۆزترە کە بڵێین با فڕۆکەخانەکان بکرێنەوە، وابزانم هەموو حەز دەکەین ئەمە لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕووبدات و هەردوو حکومەت کۆببنەوە و لەسەر ئەو پرسە قسە بکەن.

**ڕووداو: باسی گرنگیی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەت کرد، هەر بۆیە با بێینە سەر بارودۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان. لێرە پەرلەمان بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ هەڵپەسێردرابوو کە کاری کردبووە سەر پرۆسەی سیاسی، بەڵام ئێستا تا ڕادەیەک دەستی بەکارەکانی کردووەتەوە. تۆ کردنەوەی پەرلەمان چۆن دەبینی لەم خاڵە بەدواوە، بەتایبەت بۆ ئەنجامدانی ئەو بەرنامەی ڕیفۆرمەی کە سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندبوو یان بۆ خولقاندنی کەشێکی دیموکراسی لێرە بەدواوە؟**

**کێن گرۆس:** وابزانم ئەوەی وادەکات ئێوە هێندە پێویستتان بە پەرلەمان بێت، ئەوەیە کەشێکی دیموکراتیکتان هەبێت و لەسەر ئەرزی واقیع خاوەنی دیموکراسی بن. پێویستە نێردە و نوێنەری هەڵبژێردراوی خۆتان لەوێ هەبێ، وەکوو دەشزانیت لە چەند مانگی داهاتوودا هەڵبژاردنێک بەڕێوەیە. لە پەرلەمان نوێنەری خەڵک هەن کە یاساکان دەردەکەن و هەوڵی بەرەوپێشبردنی ژمارەیەک پرۆگرام دەدەن، ئاشکرایە کە ئەو کاتەی پەرلەمان هەڵپەسێردرابوو یان دانیشتنەکان بەڕێوە نەدەچوون، هیچ یاسایەکیش دەرنەدەکرا و بە هۆی وەستانی کاری پەرلەمان، زۆر پرۆگرام هەبوون کە وەستابوون. چاومان لەوەیە لێرە دیموکراسییەکی پەرلەمانی ببینین و پەرلەمان بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەستۆ بگرێت و ئەو یاسایانە پەسند بکات کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانن.

> ڕەنگە شانە نووستووەکانی داعش خۆیان ڕێکبخەنەوە

**ڕووداو: یەکێک لەو هۆکارانەی کە بارودۆخەکەی ئاڵۆز و خراپ کرد لێرە لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەند تێکدا، ئەو ڕووداوانە بوو کە مانگی ڕابردوو لە کەرکووک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ڕوویدا. لەگەڵ پێشڕەوی سووپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ ئەو ناوچانە، ئەمریکا زۆر زوو ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە کە دڵنیایی دا بەخەڵک لێرە. خۆم بەیاننامەکەم خوێندەوە کە دەیگوت بوونی سوپای عێراق لەو ناوچانە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئەم ناوچانە لەدەستووردا پێیاندەگوترێ ناوچەی ناکۆکی لەسەر، دەبێ بە هاوبەشی ئیدارە بکرێن. لەم ڕووەوە پێگەی ئەمریکا حاڵی حازر چییە؟**

> بۆ شەڕی تیرۆر پەیوەندی زۆر نزیکمان لەگەڵ پێشمەرگەدا هەیە

**کێن گرۆس:** ئێمە بڕوایەکی بەهێزمان بەمە هەیە، ئەمانە بۆ ساڵانێکی زۆر ناوچەی ناکۆکی لەسەر بوون، بۆیەش ئەوەی کە کێ ئەو ناوچەیەی لەڕووی فیزیکییەوە کۆنتڕۆڵ کردووە هیچکات بەو مانایە نییە کە ئەو ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی ئەو لایەنە دایە. ئەمەش ئەو شتەیە کە لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەختی لێکراوەتەوە، واتە ئەو ناوچانە ناوچەی کێشە لەسەرن و ئێستاش پێویستە کار لەسەر ڕێککەوتنێک لە نێوان بەغدا و هەولێر بکرێت، کە چی لەو ناوچانە بکرێت، کێ دەسەڵاتی یاسایی بەسەر ناوچەکانەوە دەبێت و کێ ئیدارەی ناوچەکان دەکات، بەڵام ئێمە پشتگیری لە ئیدارەی هاوبەشی ناوچەکان دەکەین، پێمانوایە ئەمە پرسێکە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەتوانن و پێویستیشە لە نزیکەوە کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن.

**ڕووداو: لەکاتی کارکردنی خۆمدا لەو ناوچانە بینیومە کە هەموو هێزەکان و خەڵکی ئاساییش پێیان باشترە هێزی بێلایەن پارێزگاریی لەو ناوچانە بکەن. لەمبارەیەوە ئەمریکا چی دەکات؟ ئایا هێزی زیاتر دەنێرێن بۆ ئەو ناوچانە کە لێرەو لەوێ دەیبیستین؟**

**کێن گرۆس:** بڕوا ناکەم بەنیاز بین ژمارەی هێزەکانمان لە عێراق زیاد بکەین، بەڵام ئێمە پشتگیری لە هەموو ئەو هەنگاوانە دەکەین کە بۆ ئاسایشی ئەوێ بن، لەوانەش ئاسایشی کەرکووک بۆ ئەوەی خەڵکی کەرکوک بتوانن بگەڕێنەوە. بۆیەش جۆرێک لە میکانیزم هەیە کە دەشێت بە دانوستاندن لە نێوان بەغدا و هەولێر دابینێین، ئێمە وەکوو ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دیکە دەتوانن یارمەتیدەر بین. بێگومان ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە پشتگیری لێدەکەین، بەڵام زیادکردنی ژمارەی هێزی سەربازی لێرە بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکی دیاریکراو لە پلانماندا نییە، بەڵام دەمانەوێ دڵنیا بین لەوەی توانیمانە هانی هاوکارییەکان لە نێوان بەغدا و هەولێر بدەین، خۆشحاڵیش دەبین ئەگەر ئێمە و لایەنەکانی دیکە بتوانین لەم بوارەدا یارمەتیدەر بین.

**ڕووداو: کاتێک شەڕی دژی داعش لە عێراق بەردەوام بوو، لەبیرمە ئەو کاتە و ئێستاش ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستنیاش باسیان لەوە کردووە کە زۆر گرنگە ئەو خەڵکانەی ئاوارە بوون، بتوانن بگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان، بەڵام ئێستا زۆربەیان هەر لەناو کامپەکانی هەرێمی کوردستان گیریان خواردووە، خەڵکی مووسڵ و دیالەو تکریت و ئەنباریان تێدایە. ئەوان دەڵێن حکومەتی عێراق ڕێگایان پێ نادات بگەڕێنەوە. ئەمریکا و هاوپەیمانان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چییان کردووە لەپێناو ئەوەی کە ئەو خەڵکانە ڕۆژێ لەڕۆژان دەتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان؟**

**کێن گرۆس:** حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر دەست و دڵکراوە بووە لە هاوکاریکردنی ئەو خەڵکەی بە هۆی شەڕەوە ئاوارە بوون، کە لە هەندێک کاتدا گەیشتبووە دوو ملیۆن ئاوارە و نزیک 3000 پەنابەر لەناو سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بوون. ئەمە بارێکی زۆر بووە بەسەر شانی ئەوانەوە، ڕاستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەوڵی هاوکاریکردنی کوردستانی داوە، بەڵام دیسانیش ئێمە پێزانینمان بۆ کارەکانی حکومەتی کوردستان و خەڵکی هەرێم هەیە کە لەو کاتە سەختەدا پێشوازییان لەو خەڵکە ئاوارەیە کردووە. ئێمە لە دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا نزیک 1.3 ملیار دۆلارمان بۆ هەوڵ و هاوکارییە مرۆییەکان لە سەرانسەری عێراق خەرجکردووە، بەڵام بەشی زۆری ئەو هاوکارییە چووە بۆ ئەو شوێنانەی زیاترین ژمارەی ئاوارە و پەنابەری لێبووە. ئێمە هاوکاری ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراومان کردووە کە کارە مرۆییەکان دەکەن، جیا لەمە دەمانەوێت و لە ڕێگەی هەندێک لەو ڕێکخراوانە و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دڵنیا بینەوە لەوەی ئاسایش لەو ناوچانە هەیە تاوەکو ئەو خەڵکە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، چونکە ئەوان دەگەڕێنەوە ئەگەر بزانن لە کاتی گەڕانەوەیاندا پارێزراو دەبن، بەڵام هاوکات دەمانەوێت بڕیاری گەڕانەوە ئازادانە و بەویستی کەسەکان خۆیان بێت. ئەوەی تۆ ئاماژەت بۆی کرد، واتە ناچارکردنی خەڵک بە دەرچوون لە کەمپەکان پێش ئەوەی ئامادەگی دەرچوونیان هەبێت و هەست بە پارێزراو بوون بکەن، بۆ ئەمەیان ئێمە ئەوەندەی لە دەستمان بێت لەگەڵ حکومەتی ئێرە و حکومەتی بەغدا لە هەوڵدانین بۆ ئەوەی دڵنیا بینەوە ئەم حاڵەتە لەئارادا نییە، بەڵکو دەرفەتی گەڕانەوە بۆ هەموو کەس هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و ژیانی خۆیان دەستپێبکەنەوە و ببن بە بەشێک لەو کۆمەڵگایەی کە پێشتر بەشێک بوون لێی.

> پێم سەیرە کورد هەست بکەن ئەمریکا پەراوێزی خستوون

**ڕووداو: کاتێک ئەو خەڵکانە هەڵدەماتن کاری سەرەکی ئەوە بوو کە پێشوازییان لێ بکرێ و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکرێ و بپارێزرێن. بەڵام ئێستا بەپێی قسەکانی تۆ کارەکان دەبێ لەشار و شارۆچکەکان بکرێ بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بکرێ تاوەکو خۆبەخشانە بگەڕێنەوە.**

**کێن گرۆس:** بەڵێ، واتە هەلومەرجەکە بە جۆرێک ڕێکبخرێت کە بتوانن ئەمە بکەن، واتە بتوانن بڕیاری ئەوە بدەن و هەست بە پارێزراو بوون بکەن لەو ناوچانە و بتوانن بگەڕێنەوە. وەکو خۆت گوتت لە هەموو ناوچەکانی عێراقەوە خەڵک ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، بۆیەش دەمانەوێت ئەوەندەی بکرێت دڵنیا بینەوە لەوەی کە ئاوارەکان کاتێک هەستیان کرد لە ناوچەکانی خۆیان پارێزراو دەبن دەرفەتی ئەوەیان هەبێت بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگەی خۆیان.

> گفتوگۆکانمان لەگەڵ هەولێر و بەغدا بەردەوامن

**ڕووداو: سروشتییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵدەدات بۆ بونیادنانی پەیوەندی پتەو لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، لەدوو دەیەی ڕابردووشدا هەرێمی کوردستان خۆی بەهاوپەیمان و دۆستی ئەمریکا زانیوە. تۆ ئێستا پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ ئەمریکا چۆن دەبینی؟**

**کێن گرۆس:** هەست دەکەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەهێزە، خۆت ئاماژەت بۆ کرد کە لە پاش ڕووداوەکانی دوو مانگی ڕابردوو جۆرێک لە گۆڕان لە هەستی خەڵکی کوردستاندا ڕوویدا. بەڵام سیاسەتی ئێمە نەگۆڕاوە، بیرکردنەوە و هەستمان بەرامبەر کوردستان نەگۆڕاوە. بۆیەش دەمانەوێت بۆ هەموو لایەک جەخت لەوە بکەینەوە کە ئێمە تاوەکو ئێستاش خۆمان وەکوو هاوبەشی ئێوە دەبینین لە هەرێمی کوردستان، دەمانەوێت دڵنیاش بینەوە لەوەی کوردستان بەشێکی بەهێزە لە عێراقێکی یەکپارچەی فیدراڵی پێشکەوتوو. ئەمە ئامانجی ئێمەیە و دەمانەوێت لەگەڵ ئێوە و بەغدا کار بکەین بۆ ئەوەی بەو ئامانجە بگەین.

> پلانی دروستکردنی کۆنسوڵخانە نوێیەکەمان نیشانەی پابەندبوونمانە بە دۆستە کوردەکانمانەوە

**ڕووداو: مەبەستی ئەوەیە لەئەمریکا یان لێرە لەکوردستان حکومەتەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام پەیوەندی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان هەر بەردەوام دەبن.**

**کێن گرۆس:** بەڕای من ئێمە کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەشمان هەیە، شەڕی داعش یەکێک لەو ئامانجە هاوبەشانەیە. بەڵێ ئێمە کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەشمان هەیە، بۆیە وەکوو بینیویشمانە پێمانوایە گۆڕانی ئیدارە لە ئەمریکا و شوێنەکانی دیکە سیاسەتی ئێمە ناگۆڕێ. ئێمە دەمانەوێت لە نزیکەوە کار بکەین لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی بەسەر زۆر کێشەدا زاڵ بین کە ڕووبەڕووی هەموومان دەبێتەوە.

**ڕووداو: دیارە هەوڵەکانی ئەمریکا لێرە ڕاناوەستن، بەتایبەت لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان پێویستی بەناوبژیوان هەیە و چەند ڕۆژ لەمەوبەر سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی پێویستمان بە هاوکاری لایەنێکی سێیەم هەیە بۆ لێکدانەوەی دەستووری عێراق، چونکە هەردولا لێکدانەوەی خۆیان هەیە کە ئەمەش بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەمە تەنیا سەرەتای پرۆسەیەکی دووروودرێژە و هەوڵەکان بەردەوام دەبن بۆ دروستکردنی عێراقێکی سەقامگیر و پەیوەندییەکی باشتر لە نێوان هەولێر و بەغدا؟**

> کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا لەوە ئاڵۆزترە بڵێین با فڕۆکەخانەکان بکرێنەوە

**کێن گرۆس:** بێگومان ئەمە ئامانجمانە، ئەگەر بتوانین لەم بوارەدا یارمەتیدەر بین و هەردوو لایەن حەز بکەن یارمەتیان بدەین ئەوە ئێمەش دڵخۆش دەبین بە هاوکاریکردنیان لەمبارەیەوە. چونکە هەست دەکەین ئەمە بۆ عێراق و بۆ کوردستان و بۆ ناوچەکە گرنگە کە پەیوەندییەکی باش لە نێوان بەغدا و هەولێردا هەبێت. بۆیەش ئەگەر بتوانین لەمبارەیەوە یارمەتیدەر بین و هەردوو حکومەتەکە داوامان لێبکەن یارمەتیان بدەین ئەوە ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە یارمەتیان دەدەین.

**ڕووداو: لەکۆتاییدا پێمخۆشە پرسیارێک بکەم دەربارەی ئابووری. لەڕابردوودا ڕووماڵی چەندین بۆنەم کردووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمپانیا و سەرمایەداری ئەمریکی پێیان خۆش بووە بێنە ئەم هەرێمە کە ئەمەش دڵنیاییە بۆ خەڵکی ئێرە. ئایا ئێستاش هەمان بایەخ و ئارەزوو هەیە یان ماندان هەیە لەلایەن باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەوە بۆ سەرمایەگوزاریی ئەمریکی کە لەم هەرێمە بمێننەوە؟**

**کێن گرۆس:** بەڕای ئێمە ئەمە زۆر گرنگە، ڕاستییەکەی ئەمە یەکێک لە ئامانجەکانی ئێمە دەبێت بۆ ئەمساڵ، ئەم ماوەیە لە بری ئەمە فۆکەسێکی زۆرمان لەسەر گشتپرسی ڕووداوەکانی دوای گشتپرسیی بوو، چونکە گشتپرسیی سەرنجی هەموو لایەنەکانی لەسەر ئەم مەسەلەیە لادا. بەڵام ئەمەی باست کرد یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئێمەیە، دەمانەوێت دڵنیابینەوە لەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان ئەمریکییەکان و کورد و کۆمپانیا ئەمریکییەکان و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستاندا بەردەوام بن، واتە لە نێوان خەڵکی هەردوو لادا، خۆی ئەمە شێوازی دروستی پەیوەندییەکانە کە تێیدا خەڵکی هەردوو لا قازانج دەکەن، واتە خەڵکی ئێرە و خەڵکی ئەمریکا پەیوەندییەکی بازرگانی بەهێزتریان هەبێت. ئاشکرایە کە دەبێ کێشەی فڕۆکەخانەکان چارەسەر بکەین و دڵنیابین خەڵک دەتوانن بە ئاسانی بێنە ناو کوردستان و دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لێرە ببینن. ئەمە ئەو شتەیە کە ئەمساڵ کاری لەسەر بکەین.

**ڕووداو: منیش هیوادارم هەموو لایەک بتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن و ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ دەرچوون لەم بنبەستە. زۆر سوپاس بۆ تۆش بەڕێز کێن گرۆس بۆ هاتن بۆ ئێرەو ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە.**

**کێن گرۆس:** سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە و هیوادارم جاری داهاتوو بیبیستین کە هەموو شتەکان گۆڕاون و بۆ هەموو لایەنێک باشتر بێت.

> بیرکردنەوە و هەستمان بەرامبەر کوردستان نەگۆڕاوە

---

# ـدان کۆبووەتەوە

و ئینتیقام نییە، چۆن ئامادەبووین بۆ ڕیفراندۆم و جێگای شانازییە، ئامادەشین بۆ چارەسەرکردنی شوێنەوارەکانی و باجەکانی، یەکگرتوو خۆی لە بەرپرسیارێتی نادزێتەوە".

## دانیشتن لەگەڵ هاکان فیدان

سەرچاوەیەکی باڵا لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی 2017/11/24 ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لەگەڵ هاکان فیدان ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا کۆبووەتەوە، بەڵام لەنێو کۆبوونەوەکە داوای لێبوردنی کردووە و بەخێرایی چووە بۆ کۆشکی کۆماری، چونکە سەرۆکی ئەمریکا پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆکی تورکیا هەبوو، بەڵام ڕۆژێکی دیکە بۆ دووەم جار لەگەڵ ئەمینداری یەکگرتوو بە درێژی کۆبووەوە. هەروەها لەگەڵ مەهدی ئاکار، یاریدەدەری سەرۆکی ئاکپارتی بۆ کاروباری دەرەوەش کۆبووەوە".

ئەو سەرچاوەیەی یەکگرتوو سەبارەت بە کۆنەبوونەوەی سەلاحەدین بەهائەدین و ئەردۆغان گوتی: "ئەردۆغان لەم قۆناغەدا نایەوێ هیچ سەرکردەیەکی باشووری کوردستان ببینێ، بەڵام بینینی بەرپرسانی باڵای حکومەت و ئاکپارتی بە ئاگاداری و ڕێپێدانی خودی سەرۆککۆمار بووە، چونکە ئەردۆغان هاوکات سەرۆکی حیزبیشە. ئەوەی بەلای یەکگرتووەوە گرنگ بوو گەیاندنی پەیام و سیاسەتی هەرێمی کوردستان بوو بە تورکیا کە لاوازبوون و نەمانی قەوارەی سیاسی و ئیداریی هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم بە زیانی تورکیایە".

نەسرەدین سندی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ: "بە ڕوونی بە بەرپرسانی باڵای حکومی و حیزبی تورکیمان ڕاگەیاندووە کە ئەم دابڕان و دوورییە لە نێوان کوردستان و تورکیا لە بەرژەوەندی ئەوان نییە، بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان هەردوولامان هەیە و پێویستە بپارێزرێن".

## تورکیا لە نەوتی کەرکووکیش زەرەری کرد

ڕۆژی 2017/11/25 لە ئیستەنبوڵ پانێلێک بە بەشداری ژمارەیەک ئەکادیمی و پەرلەمانتار و ڕاوێژکاری باڵای ئاکپارتی و حکومەتی تورکیا لەسەر دۆسیەی کورد بەڕێوەچوو کە چوار کوردی باشووری کوردستان بەشداربوون.

محەممەد بازیانی، ڕێکخەری گشتی بزافی گەشە کە یەکێک بوو لە بەشداربووەکانی

محەممەد بازیانی

> تورکیا زەرەرمەندی یەکەمی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرە



کۆبوونەوەی سەلاحەدین بەهائەددین لەگەڵ مەهدی ئاکار، یاریدەدەری سەرۆکی ئاکپارتی بۆ کاروباری دەرەوە

پانێلەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو پانێلە لەو کاتەدا گرنگ بوو، چونکە لەو گۆڕانکارییەی لە دوای ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان دروست بوو، تورکیا بە پلەی یەکەم زەرەرمەند بوو، ئەو ناوچانەی پێشمەرگە لێی نەما و پاشەکشەی تێدا کرد چەکداری حەشدی شەعبی شوێنەکەی پڕکردنەوە، ئەمەش ئاسایشی تورکیا دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە ئێمە لەو پانێلە هانی ئەو ڕاوێژکار و پەرلەمانتارانەماندا کە لەگەڵ کاربەستانی تورکیا چاوێک بە سیاسەتی خۆیاندا بخشێننەوە، ئەوان دوژمن و ناحەزیان زۆرە، بەو پشتکردنە لە هەرێمی کوردستان، زیاتر زەرەرمەند دەبن".

محەممەد بازیانی هەروەها گوتی: "ڕاشکاوانە گوتمان هەرێمی کوردستان گرێبەستی هەناردەکردنی نەوتی لەگەڵ ئێوە هەبوو، کەچی بە بەرچاوی هەمووتانەوە نەوتی کەرکووک هەناردەی ئێران دەکرێ، زۆربەی ناوچە تورکمانییەکان کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی حەشدی شەعبی، بۆیە لەو گۆڕانکاریانە ئێوە زەرەرتان کردووە".

کوردستانی ڕووداو
ژمارە (484) - دووشەممە 2017/12/4



## 70%ی "سوور"ی ئامەد وێران بووە

**ڕووداو- ئامەد**

بەپێی ڕووپێوییەکی یەکێتیی ئەندازیارانی ئامەد، زۆربەی ناوچەی سووری ئامەد وێران بووە. یەکێتیی ئەندازیارانی ئامەد، ڕووپێوییەکی مەیدانی بۆ ناوچەی سووری ئامەد کردووە، دەرکەوتووە 70%ی گەڕەک و خانووەکانی ناوچەی سووری ئامەد وێران بوون. بەپێی ڕاپۆرتی یەکێتییەکە سێ هەزار و 569 خانوو بە تەواوی ڕوخێنراون، لەو ژمارەیەش 334 خانوویان خانووی مێژوویین کە حکومەتی تورکیا ڕووخاندوونی. خەڵکی سوور سکاڵا دەکەن بەوەی ماڵ و موڵکیان بەر هەڵمەتی ڕووخاندن کەوتووە و قەرەبوو نەکراون، هەندێکیان لەسەر زەوییەکەی خۆیان و بەردەم خانووە ڕووخاوەکانیان خێوەتیان هەڵداوە و دەڵێن لێرە ناڕۆین.

### کوردی ڕۆژئاوا داوای فیدراڵی دەکەن

# حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن ڕازین لامەرکەزیی ئیداری بدەنە کورد

**زنار شینۆ**
**ڕووداو- جنێڤ**

لەکاتێکدا هەشتەمین گەڕی دانوستاندنەکانی جنێڤ لە قازانجی حکومەتی سووریا بەڕێوەدەچێ، دەنگی ئۆپۆزسیۆن کز و پێگەی باڵە چەکدارەکەی زۆر لاواز بووە. بەو حاڵەشەوە ئەو ئۆپۆزسیۆنە ئامادە نییە هیچ بەڵێنێک بە کورد بدات.

ئەو کاتەی بەشار جەعفەری نوێنەری هەمیشەیی کۆماری عەرەبی سووریا و سەرۆکی شاندەکەی لەگەڵ تیمەکەی گەیشتنە شوێنی مانەوەی خۆیان لە جنێڤ، ستافان دیمیستۆرا نێردراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سێ کۆبوونەوەی ئەنجامدابوو، یەکێکیان لەگەڵ نوێنەرانی هەر پێنج وڵاتی ئەندامی هەمیشەیی لە ئەنجوومەنی ئاسایش کە نێردراوی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی داعش برێت مەکگورکیش ئامادەی بوو، دوو کۆبوونەوەش لەگەڵ شاندە نوێیەکەی ئۆپۆزیسیۆن.

بەرپرسانی سووری هۆکاری دواخستنەکەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بەیاننامەی کۆنگرەی (ڕیاز دوو) باسی بەشدارینەکردنی بەشار ئەسەد دەکات لە قۆناغی ڕاگوزەری سیاسی. ئەو قۆناغەی تا ئێستا دیار نییە کەی دەستپێدەکات، چونکە وڵاتانی خاوەن کاریگەری لە سووریا تا ئێستا نەیانتوانیوە لایەنە ناکۆکەکان لەسەر بڕگەکانی بڕیاری 2254ی ئەنجوومەنی ئاسایش ڕازی بکەن.

شاندی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە شەش قەوارە پێکدێن کە بریتین لە: هاوپەیمانی نیشتیمانیی سووریا، دەستەی هەماهەنگی نیشتیمانیی سووریا، ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری سووریا، پلاتفۆرمی مۆسکۆ، پلاتفۆرمی قاهیرە و ژمارەیەک کەسایەتیی سەربەخۆ.

کوردی ڕۆژئاوا لە ڕێگای ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردی لە سووریا بەشدارن کە ئەوانیش لە نێو هاوپەیمانی نیشتیمانی سووریادان. پێشتر هەر یەک لە عەبدولحەکیم بەشار و فوئاد عەلیکۆ نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردیان دەکرد، بەڵام دوای کۆنگرەی ڕیاز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئیبراهیم برۆ و هاوبیرەکەی حەواس عەگید شوێنی ئەوانیان گرتەوە.

لە ئەرزی واقیعدا ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا، زۆر کاریگەر نییە، حوکمی ڕۆژئاوای کوردستان بە دەست پەیەدەوەیە کە باڵە سەربازییەکەی (یەپەگە) پێکهێنەری سەرەکیی هێزەکانی سووریای دیموکراتە، بۆیە ئێستا هەوڵی هێنانی هێزەکانی سووریای دیموکراتیک بۆ نێو ئۆپۆزسیۆن دەدرێت.

هێزەکانی سووریای دیموکرات هێزێکی قبوڵکراون لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە، بەڵام لەلایەن تورکیاوە خوازراو نین بەو پێیەی پێکهێنەری سەرەکی هێزەکە یەپەگەی نزیک لە پەکەکەیە. ئێستا برێت مەکگۆرک دەیەوێ لایەنە کوردییەکەی دیکەش لە ڕێگەی هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە بهێنێتە نێو گفتوگۆکانەوە. ئەم هەنگاوەی ئەمریکا لە کاتێکدایە کە باڵی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سووریا لاواز بووە.

لەم گەڕەی دانوستاندنەکاندا گەورە سەرکردەی جەیش ئەلئیسلام، محەممەد عەلوش لە جنێڤ نەدەبینرا، هەروەها بەرپرسانی گرووپەکانی دیکەش وەکوو فاتح حەسوون، ئەحمەد عوسمان، بەشار زوعبی لە نێو شاندی ئۆپۆزسیۆندا نەبوون، هەرچەندە خۆیان بەفەرمی بەشێکیشن لەو پێکهاتە نوێیەی ئۆپۆزیسیۆن کە تەنانەت ناویشی لە "دەستەی باڵای ئۆپۆزسیۆنی سووریا" بۆ "دەستەی دانوستانکاری سووریا" گۆڕاوە.

ستافان دیمیستۆرا لە تاکە پرێس کۆنفراسەکەیدا لەبارەی ئەم گەڕەی گفتوگۆکانی جنێڤ زنجیرەیەک کۆبوونەوەی خۆی لە پایتەختەکانی جیهان خستنەڕوو، بەڵام باسی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ هەر پێنج وڵاتی خاوەن ڤیتۆ نەکرد.

> ## شتێک نییە بە ناوی ناوچەی کوردی و تەنیا سووریا هەیە
>
> بەشار جەعفەری



دەنگی حکومەتی سووریا لە گەڕی هەشتەمی جنێڤ دلێرترە لە جاران

### کاریگەریی ڕووداوەکانی سووریا لەسەر جنێڤ

دوای ئەوەی حکومەتی سووریا ئەلبوکەمالی هاوسنوور لەگەڵ عێراقی لەژێر دەستی داعش دەرهێنا، هێزەکانی سووریای دیموکرات پایتەختی خەلافەتەکەی داعش -ڕەققە-یان کۆنترۆڵ کرد و بەرەو دێرەزوور کەوتنە پێشڕەوی، هاوتەریب گفتوگۆکانی ئاستانە بۆ سەقامگیرکردن و بەرفراوانکردنی ناوچە ئارامەکان لە قازانجی حکومەتەکەی بەشار ئەسەد دەبن، بۆیە لە جنێڤ دەنگی شاندەکەیان دلێرترە لە جاران.

بەشار جەعفەری، لە تاکە پرێس کۆنفرانسەکەیدا گوتی "گۆڕانکاریی سەربازیی گەورە لەنێوخۆی سووریادا ڕوویانداوە، ئێمە زۆر نزیکبووینەتەوە لە سەرکەوتنی کۆتایی بەسەر داعشدا". هەروەها ڕەخنەی لە دیمیستۆرا گرت و گوتی "دەبێ لەگەڵ ئێمە مشوور بخوات، ئینجا مژارەکانی دانوستاندنەکان بخاتە نێو کارنامەی گفتوگۆکان".

دیبلۆماتکارە بەئەزموونەکەی حکومەتی سووریا زۆر بە باوەڕبەخۆبوونەوە باسی نەگەڕانەوەیان بۆ جنێڤ دەکات دوای ئەو سێ ڕۆژە پشووەی بە هەردوو لایەنی سەرەکیی نێو دانوستاندنەکان دراوە. بەڵام دیار نییە ڕۆژی سێشەممە 2017/12/5 جەعفەری و تیمەکەی دەگەڕێنەوە جنێڤ یان نا.

### پرسی کورد

تاوەکو ئەم گەڕەی دانوستاندنەکان کە بڕیارە هەتا 15ی دیسامبەر بەردەوام بێت، بە دەگمەن باسی خواستەکانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان دەکرا، چونکە ئەجێندایەکی هاوبەش لە نێوان حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن لەسەر ئەو پرسە نییە.

لەنێو ئەو 12 خاڵەی بە پرەنسیپەکانی بنچینەی دانوستاندن ناوزەد دەکرێ، لە خاڵی هەشتەمدا باسی کورد کراوە کە دەڵێت: "پرسی کورد، پرسێکی نیشتیمانی سووریایە، هەموو سیاسەتەکانی ڕەگەزپەرستی کە بەرامبەر کورد و سووریەکانی دیکە کراون، لادەبرێن و ناسنامە بۆ بێبەشکراوەکان و مەکتومەکان دەگەڕێتەوە".

ئیبراهیم برۆ، ئەندامی شاندی دانوستانکاری کورد کە دەچێتە کۆبوونەوەکان لەگەڵ دیمیستورا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "جێگری دیمیستۆرا بە ئێمەی ڕاگەیاندووە کە لەسەر پرسی کورد داوا لە حکومەت دەکەن بۆچوونی خۆی بخاتەڕوو. لە داهاتوودا فراوانتر لەسەر مافەکانی کورد گفتوگۆ دەکرێ".

جگە لەو دوو کوردەی بەناوی ئەنەکسە دەچنە جنێڤ، عومەر ئۆسێ، ئەندامی پەرلەمانی سووریا کە کوردە، لەگەڵ شاندی حکومەت بە بەردەوامی دێتە جنێڤ، بەڵام کورد لەگەڵ گرووپی دیکەش هەن. لەنێو نوێنەرانی کۆمەڵگای سڤیل کە دیمیستورا لە هەر گەڕێکی دانوستانەکاندا هەندێکیان دێنێتە جنێڤ، بۆ ئەمجارەش دوو کورد هەبوون. شەپال ئیبراهیم کە زیندانییەکی سیاسیی کوردە، هەروەها دکتور محەممەد حەسەن، شارەزای یاسای دەستوور. لە نێو لیژنەکانی ڕاوێژکاری ئۆپۆزسیۆنیش خانمێکی کوردی ڕۆژئاوا بە ناوی نڤین حەرسان لە کۆمیتەی ڕاوێژکاری ژناندا کورسی هەیە.

### "لامەرکەزیی ئیداری" بۆ کورد

کوردی ڕۆژئاوا بە هەردوو باڵە ناکۆکەی (ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا و تەڤگەری جڤاکی دیمۆکراتیک) داوای سیستەمێکی فیدراڵی دەکەن، بەڵام نە ئۆپۆزیسیۆن و نە حکومەت بەو داواکارییە ڕازی نین، تەنانەت حکومەتی سووریا ناوی "ناوچە کوردییەکان"یشی قبوڵ نییە.

بەشار جەعفەری لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا لەبارەی هەڵوێستی حکومەتەکەی بەرامبەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنە خۆجێییەکان لە ڕۆژئاوا و باکووری سووریا، گوتی: "هیچ شتێک نییە بەناوی ناوچەی کوردی، بەڵکو تەنیا سووریا هەیە".

ئۆپۆزسیۆن داوای سیستەمێکی لامەرکەزی بۆ سووریای دوای قەیران دەکات و حکومەتیش بە "پرسێکی قابیلی گفتوگۆ" ناوی دەبات، بەڵام سیستەمێکی لامەرکەزیی ئیداری نەک لامەرکەزیی سیاسی.

> ## دیمیستۆرا داوای هەڵوێستی حکومەتی سووریای بەرامبەر بە کورد کردووە
>
> ئیبراهیم برۆ

### مونیرە قازی محەممەد بۆ (ڕووداو):

# بۆ ئەوەی هەستی خەڵک نەجوڵێ، پشتگیریمان لە گشتپرسی نەکرد

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو- مەهاباد**

لای چوارڕیانی مەلا جامی لە نێوەڕاستی شاری مەهاباد، مۆبایلەکەم بەدەستەوەیە و زەنگ بۆ مۆبایلەکەی مونیرە خانم، کچە گەورەی پێشەوا قازی محەممەد دەڕوات، لە زەنگی پێش کۆتایی، وەڵامدراوە. بەڵێ فەرموو. لەدوای خۆناساندن، ناونیشانی ماڵەوەی پێدام و فەرمووی لێکردم، ئەوان لەگەڕەکی "کووی فەرهەنگیان" لەنێو خانووێکی سوننەتی دوو نهۆمی دەژین.

خانمی قازی، بە جلوبەرگێکی کوردانەی ڕۆژهەڵاتیانە کە پشتێنێکی بەستبوو. لە دیوەخانی نهۆمی یەکەمی خانووەکەیان، لای مێز و بەرماڵە ئەرشیفیە هەڵگیراوەکەی قازی محەممەد سەری قسە و باس دەکاتەوە.

مونیرە قازی، بە باسکردن لە دۆخی کورد و کوردستان قسەی کرد و گوتی "بە درێژایی مێژوو، کورد زەرەری لە خۆی داوە و تا ئێستاش بەردەوامە". ئەو نموونەی بە دەستگیرکردنی باوکی هێنایەوە و گوتی " بۆ نموونە لەو کاتەی باوکم لە زیندان بوو، ژمارەیەک لە خەڵکی ڕۆژهەڵات سەردانی تارانیان کردبوو و گوتبوویان، ئێمە نامانەوێ قازی محەممەد بکوژن، بەڵکو دەمانەوێ تەواوی ماڵ و سەروەت و سامانەکەی بدەنە خەڵکی کوردستان". بە گوتەی مونیرە خانم، بنەماڵەی قازی بنەماڵەیەکی لەمێژینەی مەهابادە و نزیکەی 800 ساڵە لەو شارەدا نیشتەجێن، لەسەردەمی 122 ماڵەی سابڵاخەوە بوونیان هەیە. لەو کاتەوە زەوی و باغ و باڵەخانە و گا و گامێشی زۆریان کڕیوە و هاوکاری خەڵکیان کردووە.

مونیرە، بە بەردەوامی باسی مێژووی بنەماڵەی قازی و قازی محەممەد دەکات و سەرگوزەشتەی چوونی بارزانییەکان و ئێزدییەکان بۆ مەهاباد دەگێڕێتەوە و دەڵێ "ئەو کاتەی بارزانییەکان هاتنە گوندی گۆک تەپە، عەلی برام، بەرووبوومی باغ و هەنگوینی زۆری بۆ بردن و بەو دۆخەی بارزانییەکان دڵتەنگ و غەمبار بووین، بەتایبەتی ئەوکاتەی سێ منداڵیان لە سەرما مردن. ئەو بنەماڵەیە لە سەرووبەندی سێڵاو "لافاو"دا خەڵکی ڕزگارکردووە، تەنانەت باوکم سەردانی سەربازخانەی کردووە و جلوبەرگی سەربازەکانی کوڵاندووە و دەرمانی بۆ بردوون".

ئەو دیوەخانە سونەتییەی پێشوازی میوانانی لێدەکەن، چەندین وێنەی قازی محەممەد و بنەماڵەکەی و تابلۆی لێ هەڵواسراوە و بە مافووری کوردی فەڕشڕێژ کراوە، لەدوای تاوێ قسەکردن، فەوزی خوشکە بچووکی مونیرە وەژوور کەوت، وەک ڕێزێک بۆ خوشکە گەورەکەی کەمتر قسەی دەکرد و زیاتر گوێگر بوو.

لەمەڕ دۆخی چەقبەستووی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مونیرە گوتی "ئێستا دەوڵەتی ئێران بەرانبەر بە کورد زۆر توندە، بۆ وێنە: لە سەرووبەندی ریفراندۆمی باشوور، خەڵکی ڕۆژهەڵات خۆپیشاندان و گردبوونەوەی جەماوەریان کرد، کەچی بە توندی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران ڕووبەڕووبوونەوە و نزیکەی 300 کەسیان لە مەهاباد دەستگیرکرد و لە نێویاندا کچێکیان زۆر ئەشکەنجە و ئازاردابوو. ئەگەرچی ئێمە وەک بنەماڵەی قازی نەچووینە ناو خۆپیشاندان، بۆ ئەوەی خەڵک هەستی نەجوڵێ و کرداری خراپ نەکەن، لەبەرئەوە لە دوورەوە سەیرمان دەکرد".

مونیرە، تەمەنی 10 ساڵان بووە، کاتێک ساڵی 1947 قازی محەممەدی باوکی لەسەر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دەستگیرکرا. مونیرە ئەو ڕۆژانەی باش لە بیرە کە باوکی لە زیندان بووە و ئەویش لەگەڵ فەوزیەی خوشکی سەردانیان کردووە. مونیرە گوتی "لەدوای دەستگیرکردنی باوکم، پێویست بوو ڕۆژانە خواردن بۆ باوکم ببەین. من لەگەڵ ئەو پیاوانەی خواردنیان دەبردە زیندان دەڕۆیشتم، یەکەم بینینی باوکم لەو دیو شیشەکانی زیندان ئەو کاتە بوو کە باوکم لەسەر تەخت ڕاکشابوو، چونکە گەدەی ئازاری هەبوو، بەناچاری لەو شوێنە تاریکە ناخۆشەدا ڕاکشابوو کە باوکم منی بینی بە وردی لە پەنجەرەوە سەیری منی دەکرد، ئەو لەیەک ڕوانینەمان لەگەڵ باوکمدا وای لە سڵحجوو، پاسەوانی زیندان کرد، سکی بە باوکم سووتا و دەرفەتی چوونە ژوورەوەی پێدام".

ڕۆژانە دوو ژەم خواردن بۆ قازی و یاوەرانی دەبرایە زیندان، مونیرە هەموو جارێک لەگەڵیان دەچوو بۆ ئەوەی باوکی ببینێ. مونیرە گێڕایەوە "بۆ ئەوەی هەموو جارێک دەرفەتی چوونە ژوورەوەمان پێبدەن، کاتژمێرێکمان بەدیاری پێشکەشی سڵحجوو کرد. تا ڕۆژێ پێش لە سێدارەدانی باوکم ڕێگەیان دەدا ببینین".

مونیرە باسی کۆتا ڕۆژەکانی باوکی لە زیندان دەکات و دەڵێت "کۆتا ڕۆژ سوهەیل و پەروینی خوشکم کە دووانە بوون، بەرەو زیندان ڕێمانکرد، بەڵام لەنزیک زیندان بەدار لێیانداین و دەریانکردین، نەیانهێشت بیانبینین. ئەو ڕۆژە ئەحمەد کە پیاوی بنەماڵەکەمان بوو، لە دوورەوە چاوی بە باوکم کەوتبوو، باوکم بە ئیشارەت داوای لێکردبوو عەلی (کوڕی ڕەش)م بۆ بنێرن و بیبینم، چونکە دەمانکوژن، بەڵام ئەم دوا دیدارەش سەری نەگرت. ئەگەرچی ئەحمەد، هەواڵی کوشتنی قازی بە بنەماڵەکەمان نەگەیاندبوو".

مونیرە و فەوزی، دوو کچە لە ژیاندا ماوەکەی قازی لە مەهاباد، لەبارەی مامەڵەکردنی باوکییانەوە گوتی "باوکم زۆر هێمن و بەبەزەیی بوو لەگەڵ منداڵان، بەتایبەتی لەگەڵ کچەکانی، ئێمە حەوت کچ و کوڕێک خوشک و برا بووین، ڕۆژێک عەلیی برامان، زللەیەکی لە فەوزی خوشکم دابوو، کەچی باوکم زۆر تووڕە بوو و پێیگوت: نەڵێی من تاقانەم و کوڕم، بە قوربانی ئەو کچانەت دەکەم، باوکم، زۆرجار خۆی بە قوربانی کچەکانی دەکرد، ئەگەر زۆر تووڕە بووایە دەیگوت: نێوکت کەوێ. ئەوکاتانەی دایکم سەری شانە دەکردم، ئازارم دەبوو و هاوارم دەکرد، ئینجا باوکم دەهات خۆی سەری شانە دەکردم دەیگوت: سەری مونیرە شانە دەکەم، بڵێم بە مریشکێ هاتووە لە بەغدا و یەکێ لە بەسڕایە، سەری کچی من دەکەن ڕەعایە. ئای باوکم چەند میهرەبان بوو".

مونیرە خانم، دەخوازی وەسیەتەکەی باوکی بێتەدی کە بەر لە سێدارەدانی گوتبووی "ئەمڕۆ قازی محەممەدێک دەکوژن و لە سێدارەی دەدەن، وەلێ بەهەزاران قازی دیکە لە کوردستان دروست دەبن".

> ## ئێستا دەوڵەتی ئێران بەرامبەر کورد زۆر توندە




لە حەوت کچەکەی قازی محەممەد، تەنیا مونیرە و فەوزی لە ژیاندا ماون

> ## باوکم پێش لە سێدارەدانی داوای بینینی کوڕەکەی کردبوو

> ## خەڵکی ڕۆژهەڵات چاویان لە سەروەت و سامانی باوکم بڕیبوو

**دادگاکانی عێراق 7374 گومانلێکراوی داعشیان دادگایی کردووە**



ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ

# دادگاکانی عێراق جیاوازی لە نێوان پزیشک و چێشتلێنەر و سەربڕێکی داعش ناکەن

**بەڵقیس ویڵ***

لە کاتێکدا شەڕی دژی داعش خەریکە کۆتایی دێت، هێزەکانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا خەریکی تۆمەتبارکردن و بڕیاردانن لەسەر هەزاران کەس کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراق داوای بڕیاری توند لەدژی ئەو کەسانە دەکات، لەوانەش بڕیاری لەسێدارەدان.

دەسەڵاتدارانی ئەمنی مافی خۆیانە لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی دانیشتووان و گەرەنتیکردنی مافی ڕەوای قوربانیان بەدوای ئەو تاوانانەدا بچن، بەڵام دادوەرەکانی عێراق و کوردستان دەڵێن هیچ ستراتیژێکی نیشتمانی نییە بۆ ئەوەی ئەم دادگاییانە بە هاوئاهەنگی ڕێکبخرێن و ئەولەویەت بە دادگایی ئەو کەسانە بدرێت کە بەرپرسیارن لە جدیترین تاوانەکان.

ئەو خێزانانەی ماوەی سێ ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا مەینەتییان بینیوە حەز دەکەن ئەنجامدەرانی تاوانەکان سزا بدرێن و تۆڵەیان لێ بکرێتەوە، بەڵام شێوازی ئێستای مامەڵەکردن (واتە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەکان) لەبری ئەمە مەترسی چاندنی تۆوی نەهامەتیی زیاتر لە داهاتوودا دەهێنێتە ئاراوە.

یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ڕێگە بە دادوەرەکان دەدات ژمارەیەکی زۆر لە گومانلێکراوان تاوانبار بکەن، لەوانەش ئەو چەکدارانەی کە دەستدرێژییان کردووەتە سەر خەڵک یان کوشتوویانن، هەروەها ئەو پزیشکانەش کە لە نەخۆشخانەکانی ژێر کۆنترۆڵ و ئیدارەی داعشدا کاریان کردووە، یان ئەو چێشتلێنەرانەی خواردنیان بۆ چەکدارانی داعش ئامادە دەکرد. زۆربەی جاران سەلماندنی تۆمەتەکانی پەیوەندیدار بە پێشێلکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئاسانترە لە پێشێلکارییەکانی دیکە. دادوەرەکان هەر ئەوەندەیان لەسەرە بیسەلمێنن گومانلێکراوەکە ئەندامی داعش بووە یان لە سیستەمی ئیداریی داعشدا بەشدار بووە نەک ئەوەی بیسەلمێنن گومانلێکراوەکە دەستی لە کردەیەکی تاوانکارانەی دیاریکراودا هەبووە؟ کە بێگومان ئەمە تەحەدایەکە، لە کاتێکدا ئەم تاوانانە لە ئاڵۆزییەکانی کاتی شەڕدا ڕوویانداوە.

ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ ئاگادارە لەوەی زیاتر لە 7374 گومانلێکراوی داعش هەن لە ساڵی 2014ەوە دادگایی کراون یان بڕیاریان لەسەردراوە، لەوانەش 92 کەسیان کە پێشتر لەسێدارە دراون. لەو کەیسانەدا دادگاکانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەو کەسانەیان کۆکردووەتەوە کە وەکوو بەشدار، پلاندانەر، هاوکاری دارایی لە تیرۆردا دەستیان هەبووە. هەندێک لە دانیشتنەکانی دادگا تەنیا 15 بۆ 20 خولەکیان خایاندووە، بەبێ ئەوەی قوربانیانی ئەو تاوانەی خراوەتە ئەستۆیان ئامادەی دادگاییەکە بن.

ئەو دادگاییە بەربڵاوانەی بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەڕێوەدەچن، وایان کردووە تۆمارکردنی یاسایی ئەو تاوانانەی داعش لەدژی هاووڵاتیانی عێراقی کردوونی ئەستەم بێت، هەروەها کۆکردنەوەی بەڵگەش لە ڕێگەی قوربانیان و شایەتحاڵەکانەوە دەکاتە کارێکی مەحاڵ. دەسەڵاتدارانی دادوەری و ئەمنی عێراق هیچ هەوڵێک نادەن بۆ ئەوەی قوربانیان وەکو شایەتحاڵ لە دادگاییەکاندا ئامادەبن، یان باسی بەسەرهاتی خۆیان بکەن، یان پرسیارەکانی خۆیان ئاراستەی گومانلێکراوەکە بکەن.

نموونەیەک کە بەتایبەتی بێڕەحمانە و بێزارکەرە بۆ ئەمە: لە دادگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری نەینەوا، تۆمەتبارێک دانی بەوەدا نا کە چوار ئافرەتی وەکوو کۆیلەی سێکس ڕاگرتبوو هەر شەوەی دەستدرێژی دەکردە سەر یەکێکیان، بەڵام دادوەرەکە تەنیا بە تاوانی ئەندامێتی داعش سزای بۆ دیاریکرد. بۆچی دەسەڵاتی دادوەری و ئەمنی هەوڵی دۆزینەوەی ئەو ئافرەتانەی نەدا کە ئەو تاوانبارە دەستدرێژیی کردبوونە سەر؟ یان ئەگەر ئافرەتەکان زیندوو نین بۆچی هەوڵی دۆزینەوەی خێزانەکانیان نەدرا، بۆ ئەوەی چانسی ئەوەیان هەبێت لە ژووری دادگاییەکەدا دانیشن و لە تاوانبارەکە بخوازن داوای لێبوردنیان لێبکات، یان هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی چانسی ئەوەیان هەبێت دادوەرەکە ببینن کە بڕیار لەسەر گومانلێکراوەکە دەدات بۆ ئەو تاوانانەی لەدژی کچ یان هاوژینەکەیان کردوویەتی؟

تەنانەت ئەگەر گومانلێکراوەکان تاوانی جەنگ، تاوانی دژی مرۆڤایەتی یان جینۆسایدیان کردبێت، ئەوە لەو دادگایانەدا لەسەر بنەمای ئەو تاوانە بڕیاریان لەسەر نادرێت، چونکە لەبنەڕەتدا لە یاسای تاوانی عێراقیدا ئەو جۆرە تۆمەتە نییە. بەڵام دادوەرەکان دەتوانن لەسەر بنەمای کۆمەڵێکی بەربڵاو لە تاوانی دیکە بڕیاریان لەسەر بدەن، لەوانەش کوشتن و دەستدرێژی، لەکاتێکدا ئەمە هەنگاوێکی گەورە دەبێت بۆ ئەوەی قوربانیانی ئەو تاوانانە هەست بکەن دادپەروەری چەسپیوە.

جیا لەمە لە دادگاییەکاندا مافەکانی تۆمەتبار زۆر پێشێل دەکرێ کە لە یاسای نێودەوڵەتی و عێراقیدا هەن. ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، هەندێک دۆسیەی بە دۆکیۆمێنت کردووە کە تێیدا گومانلێکراوەکانی داعش باسی ئەوە دەکەن هێزە ئەمنییەکان بۆ چەندین مانگ ئەوانیان بە دەستبەسەری ڕاگرتووە و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردوون، بەبێ ئەوەی پارێزەرێک ئامادەبووبێ، هەندێکجاریش ئەشکەنجەیان داون بۆ ئەوەی لەژێر گوشاردا دان بەوەدا بنێن کە بەڕاستی ئەندامی داعش بوون.

قسە لەگەڵ 100 خێزان کراوە کە کوڕ و مێردەکانیان لە کاتی پشکنینیدا دەستگیرکراون، بەڵام دوای تێپەڕینی چەندین مانگ، هێشتا نازانن کوڕ و مێردەکانیان لە کوێ دەستبەسەرن. سەرەتا ئەوان زۆر دڵخۆش بوون بەوەی لەدەست داعش ڕزگاریان بووە، ئافرەتێک گوتی "خۆزگە لە مووسڵ مابایینەوە و لە هێرشێکی ئاسمانیدا کوژرابایین، چونکە ئەوە باشترە لەو ژیانەی تێیدا نازانم چی بەسەر مێردەکەم هاتووە". ئێمە ئەوەشمان بینی کە لە ژوورێکی چوار بە شەش مەتردا 114 بەندکراو ماوەی چوار مانگ بوو هەوایان نەگۆڕیبوو، دەرفەتی ئەوەشیان نەبوو قاچیان رابکێشن.

هەندێک لەو ئافرەتانەی کە داعش وەکو کۆیلەی سێکس مامەڵەی لەگەڵ دەکردن، دەڵێن زیاتر لە 10 جار کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە و بەردەوام دەستدرێژییان کراوەتە سەر. ئەوان دەڵێن "حکومەت هیچ پەرۆشییەکی نییە بۆ ئازارەکانی ئەوان و هیچ ناکات بۆ ئەوەی تاوانکارەکان بە سزای خۆیان بگەن".

عێراق دەبێ بیسەلمێنێت کە بە پێچەوانەی داعش، بە بایەخەوە لە قوربانییەکان دەڕوانێت، گرنگی بەوە بدات کە تاوانکارەکان بە سزای خۆیان بگەن و پەرۆش بێت بۆ دەسەڵاتی یاسا. بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق بتوانێت بەشێوازێکی دروست بڕیار لەسەر کەیسەکان بدات، پێویستە هێندە بڕیار لەسەر ئەو پیاوانە نەدات کە چارەسەری پزیشکییان پێشکەش کردووە یان یارمەتییەکەیان بۆ داعش تەنیا بریتی بووە لەوەی نەهێڵن سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆکانی مووسڵ لەکار بکەون، لەبری ئەمە پێویستە بەدوای تاوانبارانی جەنگدا بگەڕێن.

**114 گومانلێکراو خراونەتە نێو یەک ژووری بچووک**

**دادگایی هەندێک چەکداری داعش تەنیا 20 خولەکی خایاندووە**

**ڕێگە نادرێ قوربانیانی دەستی داعش لە پرۆسەی دادگایی ئامادەبن**

*** بەڵقیس ویڵ، لێکۆڵەرێکی باڵای ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤە لە عێراق.**

**تێبینی: ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ تایبەت بۆ (ڕووداو) نێردراوە، ڕێکخراوەکە ڕۆژی سێشەممە 2017/12/5 و پاش بڵاوبوونەوەی لە (ڕووداو) لەسەر ماڵپەڕی خۆی بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی بڵاوی دەکاتەوە.**

عومەر فەهمی، کونسوڵی گشتیی میسر لە هەولێر بۆ (ڕووداو):

# هاوکاریی ئەمنی لە نێوان میسر و هەرێمی کوردستاندا هەیە

**قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی میسر و هەرێمی کوردستان 100 ملیۆن دۆلارە**



میسر لەسەر داوای مەسعوود بارزانی کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێر کردەوە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

لە ژوورەکەی خۆی جگە لە وێنەی بارزانی و تاڵەبانی، وێنەیەکی گەورەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی هەڵواسیوە کە ساڵی 1898 لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان لە قاهیرە دەرچووە. عومەر فەهمی، کونسوڵی گشتیی میسر لە هەولێر ئاماژە بە پەیوەندی مێژوویی هەردوو گەلی میسر و کوردستان دەکات و دەڵێ: "پەیوەندی گەلی کورد و میسر هی ئێستا نییە، ئێمە ڕۆڵی سەرکردەی گەورەی کورد سەلاحەدین ئەیوبی لە خزمەتکردنی میسر بەرز دەنرخێنین، میسر بەردەوام پشتیوانی کێشەی ڕەوای گەلی کورد بووە، بەتایبەتی لە سەردەمی جەمال عەبدولناسر کە پێشوازی لە ڕابەری گەورەی کورد مەلا مستەفا بارزانی کرد، جگە لەوە نزیکەی یەک ملیۆن خێزانی بەناوبانگی میسر ڕەچەڵەکیان کوردە، لەوانە ئەمیری شاعیرانی عەرەب ئەحمەد شەوقی، مەحموود بەدرخان و عەلی بەدرخان و چەندین کەسایەتی دیکە ئێمە شانازی بە کوردەوە دەکەین".

## پۆرتاڵی ڕووداو سەرچاوەی هەواڵەکانیەتی

کونسوڵی گشتیی میسر لە هەولێر دەڵێت هەموو ڕۆژێک کە دێتە سەر کارەکەی، سەردانی بەشی عەرەبی پۆرتاڵی ڕووداو دەکات و دەڵێ: "بۆ ئەوەی بزانم لە کوردستان و عێراق چی ڕوویداوە سەردانی ماڵپەڕەکەتان دەکەم. ماشاڵڵا خوێنەری زۆرتان هەیە، پێمخۆشە بۆ بینەری عەرەبیش ڕووداوێکی عەرەبی هەبێت یان هیچ نەبێت ڕۆژانە بۆ ماوەی یەک کاژێر هەواڵی عەرەبی پەخش بکەن".

کونسولخانەی میسر یەکەم کونسولخانەی وڵاتێکی عەرەبی بوو کە لە ڕۆژی 2010/12/26 لە هەرێمی کوردستان کرایەوە. ئێستا 7 کونسولخانەی وڵاتانی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان هەن.

عومەر فەهمی دەڵێت "ساڵی 2010 سەرۆک بارزانی سەردانی میسری کرد و داوای لە حوسنی موبارەک، سەرۆکی پێشووتری میسر کرد کونسڵخانە لە هەولێر بکاتەوە، ئەگەرچی ئەو کات میسر بە قەیرانی دارایی تێپەڕ دەبوو نوێنەرایەتییە دیبلۆماسییەکانی کەم دەکردەوە، بەڵام بۆ پتەوکردنی پەیوەندی هەردوو گەل، میسر بڕیاری دا کونسوڵخانە لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە".

عومەر فەهمی ئاماژە بەوەکات هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان زۆر حەز دەکەن سەردانی میسر بکەن، ساڵانە نزیکەی 1000 ڤیزا دەدەنە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان. هەروەها دەڵێت "ئێستا 17 هەزار خوێندکاری عێراقی لە زانکۆکانی میسر دەخوێنن کە 8 هەزاریان لە ڕۆڵەکانی هەرێمی کوردستانن".

کونسوڵی میسر لەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتەکەی دەڵێ "کەلوپەلی کارەبایی و خواردن لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکی هەناردەی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەین. ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ماوەی رابردوودا زیاتر لە 100 ملیۆن دۆلار بووە".

دامەزراوەی ئەزهەر کە ناوەندێکی ئاینیی میسرییە، لە جیهانی ئیسلامیدا ناسراوە، پێشتر فاتمییەکان وەکو ناوەندێکی مەزهەبی شیعە دروستیانکرد، بەڵام دوای ڕووخانی دەوڵەتی فاتمی، سەلاحەددین ئەیوبی ئەو ناوەندە ئاینییەی گۆڕی بۆ مەزهەبی سوننە، کونسوڵی میسر لە بارەی پەیوەندی ئاینی دەڵێ "ئەزهەری پیرۆز 25 کورسی لەسەر حیسابی دەوڵەت بۆ خوێندکارانی هەرێمی کوردستان تەرخان کردووە، شەخسی جەنابی ئیمامی گەورە شێخ ئەحمەد تەیب موفتی ئەزهەر سڵاو و ڕێزی تایبەتی خۆی بە مندا بۆ گەلی کوردستان نارد و داوای کرد کورسی خوێندکارانی کورد بۆ 50 کورسی زیاد بکرێ".

## میسرییەکان ناتوانن بگەڕێنەوە

عومەر فەهمی ژمارەی هاووڵاتییانی میسر لە هەرێمی کوردستان بە 3000 کەس دەخەمڵێنێ و دەڵێ "ئەو 3000 هاووڵاتییە میسرییە لە کۆمپانیاکان و خواردنگا و کافتریاکان کار دەکەن زیاتر خەڵکی چینی هەژارن و بۆ کارکردن هاتوون، کێشە و گرفتیان بەسەرچوونی ماوەی یاسایی نیشتەجێبوون و نوێکردنەوە و سزا داراییەکانە کە زۆرجار تووشی هاووڵاتییانی میسری دەبێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆشبەختانە بەدەم داواکارییەکانمانەوە دێت، بەڵام هەندێک خاوەن کار پابەندی گرێبەستەکانیان نابن لەگەڵ کرێکارە میسرییەکان، بەڵام وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی کار زۆر هاوکار و هاوئاهەنگن لەگەڵ ئێمە".

لەدوای بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە 25ی ئەیلوولی ئەمساڵ، حکومەتی عێراق بە بڕیارێک گەشتە ئاسمانییەکانی هەولێر و سلێمانی ڕاگرت. ئەمەش زیانی گەورەی بە هێڵی ئاسمانیی وڵاتان گەیاندووە، میسریش یەکێکە لەو زەرەرمەندانە.

عومەر فەهمی کونسوڵی گشتیی میسر دەڵێ "زۆربەی کرێکارانی میسری ناتوانن بگەڕێنەوە وڵات، ترسیان هەیە ئیشەکانیان لە هەرێمی کوردستان لەدەستبدەن، چونکە دەبێ لە باڵیۆزخانەی عێراق داوای ڤیزا بکەن ئەمەش کاتی دەوێت یان لە فرۆکەخانەی بەغدا سزای دارایی دەدرێن، بۆیە باڵیۆزخانەمان لە بەغدا لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە پەیوەندیدایە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە".

## هاوکاری ئەمنیی قاهیرە و هەولێر

میسر هەر لە سەرەتاوە دژی گشتپرسی باشووری کوردستان بوو، تەنانەت دامەزراوەی ئەزهەر فتوای شەرعی لە دژی پرۆسەکە دا، ئەمەش وەڵامی توندی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری و ئاینی و یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانی لێکەوتەوە، عومەر فەهمی دەڵێ "هەڵوێستی ئێمە ڕوون بوو لەسەر گشتپرسی، ئێمە لەگەڵ یەکێتی عێراقداین. ئەمەش لە بەرژەوەندی هەموو پێکهاتەکانە، میسر پشتیوانی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا دەکات بە گفتوگۆ و لە چوارچێوەی دەستوور".

کونسوڵی میسر لە هەرێمی کوردستان باسی هاوئاهەنگی وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستان لە بواری قەلاچۆکردنی تیرۆر و ئاڵوگۆڕی زانیاری ئەمنی دەکات و دەڵێ "هاوکاریی پتەو لە نێوان دەزگا ئەمنییەکانی میسر و هاوتاکانیان لە دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام ناتوانین لە میدیاکان باسی بکەین چونکە بابەتێکی هەستیار و تایبەتە".

**نزیکەی یەک ملیۆن خێزانی میسری، ڕەچەڵەکیان کوردە**

**8000 خوێندکاری کورد لە میسر دەخوێنن**

**3000 میسری لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن**

رووداو
ژمارە (484) - دووشەممە 2017/12/4



## عێراق مامەڵە بە دراوی بیت کۆین ناکات

**رووداو- بەغدا**

بانکی ناوەندیی عێراق رایدەگەیێنێ، مامەڵە بە دراوی بیت کۆین ناکات و بە "یاسای دژە سپیکردنەوەی پارە" مامەڵەکاران بەو دراوە سزادەدات. بانکەکە رۆژی 2017/12/3 لە راگەیێندراوێکدا روونیکردەوە: "دراوی بیت کۆین تەنیا دراوێکی ئەلیکترۆنییە و لەڕووی ماددییەوە دراو نییە، بۆ کڕین لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەکاردەهێندرێت بە رێگەی کارتی بیتکۆین یان دەگۆڕدرێتەوە بۆ دراوی راستەقینە". بانکی ناوەندی دەشڵێ: "مامەڵەکردن بەم دراوە زۆر مەترسیدارە، بەتایبەت لەڕووی هاککردنی ئەلیکترۆنی و فێڵکردن" بۆیە هۆشداری دەدات هەر کەسێک مامەڵە بە بیت کۆینەوە بکات بە "یاسای دژە سپیکردنەوەی پارە". سزادەدرێت.


توانای کڕینی خەڵک تەنیا بۆ خۆراک و ماددەی پاککەرەوە کورت بووەتەوە

### لە ماوەی چوار مانگدا

# 300 مارکێت لە هەولێر داخراون

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی قەیرانی دارایی، رۆژ بەڕۆژ توانای دارایی خەڵک بۆ کڕینی کاڵا و خۆراک کەم دەبێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی داخستنی چەندین مارکێت و مینی مارکێت لە شارێکی وەکو هەولێری پایتەخت.

بەپێی ئاماری کۆمپانیای میدیا تێک کە گرێبەستی لەگەڵ شارەوانیی هەولێر هەیە بۆ کۆکردنەوەی پارەی زبڵ و خاشاک و هەندێک باج و رسوماتی شارەوانی، تەنیا لە ماوەی 4 مانگی رابردوودا 334 مارکێت و مینی مارکێت و سوپەرمارکێت لە سنووری شارەوانیی هەولێر داخراون و خاوەنەکانیان گۆڕیویانە بۆ پیشەی دیکە.

کۆمپانیاکە 45 هەزار و 589 شوێنی بازرگانی لە سنووری شارەوانیی هەولێر لە داتابەیسێکدا تۆمار کردووە. بەپێی داتاکە لە مانگی ئابی ئەمساڵدا لە سنووری شارەوانیی هەولێر 896 مارکێت و مینی مارکێت و 106 سوپەرمارکێت و هایپەرمارکێت هەبوون، بەڵام لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەم، ژمارەیان بۆ 597 مارکێت و مینی مارکێت و 71 سوپەرمارکێت و هایپەرمارکێت کەمی کردووە.

بەهۆی ئەو گەشەسەندنە ئابوورییەی لەنێوان سالانی 2003 تاوەکو 2013 لە هەرێمی کوردستان هەبوو، چەندین مارکێتی گەورە و بچووک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر کرانەوە، ئەمەش دەرفەتی کاری باشی رەخساند و بووە ئاسانکارییەکیش بۆ بازاڕکردنی خەڵک، بەڵام بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی فرۆش، ئێستا ئەم بازاڕانەش هەرمێنی جارانیان نەماوە.

زنجیرە مارکێتەکانی تیم مارت کە ئێستا تەنیا لە شاری و هەولێر و دەوروبەری زیاتر لە 30 لقی هەیە، وەک یەکەم زنجیرە مارکێت لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە کۆتایی

**بەڕێوەبەری زنجیرە مارکێتەکانی تیم مارت:**

**12 لقمان داخستووە و رەنگە 10ی دیکەش دابخەین**

ساڵی 2008 بەکردنەوەی سوپەرمارکێتێک لە هەولێر دەستی بە کار کرد، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی، لە سێ ساڵی رابردوودا 12 لقی داخستووە کە دواییینیان لە مانگی رابردوو بوو.

ئارام عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی زنجیرە مارکێتەکانی تیم مارت لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "قەیرانی دارایی کاریگەریی زۆری لەسەر توانای کڕینی خەڵک هەبووە، ئێستا زۆربەی خەڵک لە کاتی بازاڕکردن بەدوای براند و کواڵیتیدا ناگەڕێن، زیاتر ئەو کاڵایانە دەکڕن کە نرخیان هەرزانە، ئەو کاڵایانەش ناتوانرێت قازانجی زۆری بخرێتە سەر. بۆیە قازانجی کۆمپانیاکەمان بە رێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە".

ئارام عومەر ئاماژە بە رێژەی فرۆشیان دەکات و دەڵێت: "لەسەرجەم لقەکانمان رێژەی فرۆشتن 40% دابەزیوە، لە هەندێکیان زیاتر لەو رێژەیە، بۆیە ناچاربووین 12 لقی کۆمپانیاکەمان دابخەین، ئەگەر قەیرانەکە درێژەبکێشێ، رەنگە 10 لقی دیکەش دابخەین". گوتیشی: "لە هەر شوێنێک بزانین کەمبوونەوەی فرۆشمان نزیک دەبێتەوە لە 50% ئەو لقە دادەخەین و لە شوێنێکی دیکە لق دەکەینەوە".

بەشێک لە مارکێتەکان بۆ راکێشانی سەرنجی کڕیار و کێبڕکێ، زۆرجار کاڵاکانیان بە نرخێک کە کەمترە لە نرخی کڕین دەفرۆشنەوە.

ئارام عومەر دەڵێت: "ئێمەش بۆ راکێشانی سەرنجی کڕیار، هەر مانگێک لە هەندێ کاڵا نرخی تایبەتمان هەیە، مانگانە بەگوێرەی جۆری کاڵاکان 10 تاوەکو 40 هەزار دۆلار بودجە دادەنێین کە ئەمیش وەک کرێ پێشەنگا و کارەبا و مووچەی کارمەندان دەچێتە سەر خەرجییەکان".

بۆ سەرنجراکێشانی کڕیار و ساغکردنەوەی کاڵاکانیان بە نرخی کاش، لە دوو ساڵی رابردوودا هەندێ بازرگان و سەرمایەدار ژمارەیەک بازاڕی گەورەیان لەژێر ناونیشانی هەفتەبازاڕ و هەرزان بازاڕ بۆ فرۆشتنی کاڵا بەنرخی نزیک لە جوملە لە شاری هەولێر کردەوە، بەڵام بەهۆی لاوازیی باری دارایی خەڵک، ئەم بازاڕانە گیرفانی بازرگانیان گەرم نەکرد.

لاوە عەبدولقادر، سەرپەرشتیاری هەفتەبازاڕی یەک لە هەولێر کە چوار لقی دیکەشیان لە هەولێر هەیە و هەموویان لە دوو ساڵی رابردوودا کراونەتەوە، دەڵێت: "لەبەر ئەوەی زۆربەی کاڵاکانمان بە نرخی نزیک لە جوملە دەفرۆشت، بۆیە سەرەتا فرۆشمان زۆر باش بوو، بەڵام بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی و لاوازبوونی باری دارایی خەڵک، بەتایبەت دوای 16ی ئۆکتۆبەر، فرۆشمان بە بەراورد بەساڵی رابردوو بە رێژەی 70% دابەزیوە".

بازاڕەکەی لاوە زیاتر لە 23 هەزار ئایتمی تێدایە، لەم ژمارەیەش 10 هەزار ئایتمیان خواردن و خواردنەوە و 8 هەزاریان ماددە پاککەرەوەکانن. لاوە دەڵێت "بەهۆی لاوازیی باریی داراییان ئاراستەی کڕینی خەڵک زیاتر بۆ خۆراک و ماددەی پاککەرەوەیە، بۆیە زیاتر گرنگیمان بەو کاڵایانە داوە".

کۆمپانیاکەی لاوە پێشتر ئەم سیستەمەی لە سلێمانی تاقیکردەوە و سەرکەوتنی باشی بەدەستهێنا، دواتر بیرۆکەکەی گواستەوە بۆ هەولێر و حاجیاوا و کۆیە، بەڵام ئێستا فرۆشی لقەکانی هەولێری لە لقەکانی دیکە باشترە. لاوە دەڵێت: "فرۆشی لقەکانی هەولێرمان بە بەراورد بە فرۆشی لقەکانی سلێمانی بە رێژەی 15% زیاترە".

ئەم قەیرانە کاریگەرییەکی گەورەتری لەسەر هایپەرمارکێتەکان هەبووە.

هیوا شێخانی، بەڕێوەبەری لقی هەولێری هایپەرمارکێتی ستی سەنتەر، دەڵێت " فرۆشمان زۆر کەمی کردووە، هەربۆیە لە ماوەی رابردوودا ئەو دوو لقەی لەنێو باڵەخانەی نیوستی و مێگامۆل هەمانبوو دامانخستن و لە سلێمانی و بەسرا لقمان کردووە".

هایپەرمارکێتی ستی سەنتەر لقی لە شارەکانی سلێمانی و بەسرا و هەولێر و چەند شارێکی کوێت هەیە، پلانیان هەبوو شەش لقی دیکەش لە هەولێر بکەنەوە، بەڵام قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی فرۆش پلانەکەی راگرتن.

هیوا شێخانی دەڵێت: "بۆ ئەوەی خۆمان لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێنین، لە قازانجمان کەمکردووەتەوە. هەوڵیشمان داوە ئەو کاڵایانە بهێنین کە خواستی خەڵکی لەسەرە، پێشتر 15 رۆژ یان مانگی جارێک داشکاندنمان دەکرد، ئێستا هەموو هەفتەیەک لە هەندێ کاڵا داشکاندن دەکەین".

# کرێی خوێندن قوتابیان لە ئەهلییەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ حکومی

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

ئەو قەیرانە داراییەی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، زۆر لە دایکان و باوکانی ناچار کردووە منداڵەکانیان لە قوتابخانە ئەهلییەکانەوە بگوازنەوە قوتابخانەی حکومی، بە تایبەتی لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتی.

بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە، ساڵی رابردوو 670 قوتابی لە باخچەی ساوایان و 422 قوتابی لە قۆناغی بنەڕەتیی قوتابخانە ناحکومییەکان گەڕاونەتەوە باخچە و قوتابخانەی حکومی، بەم هۆیەشەوە سێ قوتابخانەی بنەڕەتیی ناحکومی داخراون، بەڵام بارەکە لە قۆناغی ئامادەیی پێچەوانەیە، 1611 قوتابی قۆناغی ئامادەیی لە خوێندنی حکومییەوە چوونەتە ئامادەییە ناحکومییەکان، بەم هۆیەشەوە 6 ئامادەیی ناحکومی زیادیان کردووە.

عیسام عیسمەت، بەڕێوەبەری قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومییەکان لە وەزارەتی پەروەردە، دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی دارایی، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا بە هەزاران دایک و باوک بەتایبەتی لە قۆناغی باخچەی ساوایان و بنەڕەتی ناچار بوون منداڵەکانیان لە باخچە و قوتابخانە ناحکومییەکان دەربهێنن و بیانگەڕێننەوە قوتابخانە و باخچە حکومییەکان". بەبڕوای ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پەروەردە، ئەگەر بەشێکی هۆکارەکە قەیرانی دارایی بووبێ، بەشێکی دیکەی بەهۆی گرانیی کرێی خوێندنی ناحکومی بووە.

بۆ کۆچی پێچەوانەی قوتابیانی ئامادەیی لە قوتابخانە حکومییەکانەوە بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان، عیسام دەڵێت "لەبەر دوو هۆکارە: بەشێکیان پێیانوایە مادام بە پارە دەخوێنن، ئاسانکارییان بۆ دەکرێت و نمرەیان بۆ زیاد دەکرێت. بەشێکیشیان بۆ هێنانی نمرەی بەرز روو لە قوتابخانە ناحکومییەکان دەکەن".

کرێی خوێندن بەگوێرەی کواڵیتی قوتابخانە ناحکومییەکان دەگۆڕێ، لە هەندێک قوتابخانە بۆ کرێی ساڵانەی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی، ملیۆنێک و 400 هەزار دینار وەردەگیرێ و لەهەندێ قوتابخانەش دەگاتە نزیکەی دوو ملیۆن و 400 هەزار دینار. کرێی ساڵانەی خوێندنی قۆناغی ئامادەییش لە هەندێ قوتابخانە ملیۆنێک و 600 هەزار دینارە، لە هەندێکیشیان 2 ملیۆن و 600 هەزار دینارە.

ئەگەر کرێ نزمەکە بە نموونە وەربگرین، کرێی خوێندنی قوتابی لە هەردوو قۆناغەکە 17 ملیۆن و 400 هەزار دیناری تێدەچێ، کرێ بەرزەکەش 29 ملیۆن و 400 هەزار دینار لەسەر دایک و باوک دەکەوێت، ئەمە بێجگە لە خەرجیی هاتوچۆ و کڕینی کتێب و پارەی خواردن لە قوتابخانە.

عیسام عیسمەت دەڵێت: "خەرجی خوێندنی قوتابی لە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لە قوتابخانە حکومییەکان کە لە ئەستۆی حکومەتە، هیچی کەمتر نییە لەو بڕە پارەیەی قوتابخانە ئەهلییەکان بۆ خوێندن لە قوتابی وەریدەگرن".

قوتابخانەی ژیاری ناحکومی کە لە دوو قوتابخانەی بنەڕەتی و دووی ئامادەیی پێکدێ، کرێی ساڵانەی قۆناغی بنەڕەتی دوو ملیۆن و 375 هەزار دینارە و ئامادەییش 2 ملیۆن و 625 هەزار دینارە.


ساڵی رابردوو لە هەولێر زیاتر لە 1700 قوتابی گەڕاونەتەوە قوتابخانە حکومییەکان
(فۆتۆ: رووداو)

شەیدا شاکر رەزا، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ژیاری بنەڕەتی ناحکومی بە (رووداو)ی گوت "قەیرانی دارایی کاریگەری زۆری لەسەر توانای بەخێوکەرانی قوتابیانمان هەبووە، پێشتر هەندێکیان کرێی خوێندنەکەیان بە یەکجار دەدا، بەڵام ئێستا وەک پێویست توانای دانی قیستەکانیان نییە، بۆیە وەک ئاسانکاری بۆ هەندێ لە بەخێوکەران کرێیەکەمان کردووەتە شەش قیست و مانگانە پارەکە دەدەن".

لە قوتابخانەکەی شەیدا، ساڵی رابردوو 34 قوتابی چوونەتەوە قوتابخانەی حکومی. مامۆستا شەیدا دەڵێت: "بەپێی سیستەمی ئێمە ئەو قوتابیانەی لە قۆناغی 9ی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی خۆمان دەردەچن، ئەگەر نمرەکانیان لە 75 کەمتربێت، ئامادەیی وەریناگرێ، بۆیە ساڵی رابردوو 28 قوتابیمان بەهۆی وەرنەگرتن چوونەتە قوتابخانەی حکومی و 12 قوتابی دیکەش چوونەتە پەیمانگە ناحکومییەکان و 4 قوتابیشمان چوونەتە قوتابخانە ئەهلییەکانی دیکە، 6 قوتابی دیکەش لە قۆناغی 7 و 8 بەهۆی کرێی خوێندنەوە چوونەتە قوتابخانەی حکومی".

سەرەڕای قەیرانی دارایی و بەرزیی نرخی خوێندن لە قۆناغی ئامادەیی ژیاری ناحکومی بە بەراورد بە قوتابخانەکانی دیکە، ساڵی رابردوو قوتابخانەیەکی دیکەی ئامادەیی کردەوە و 600 قوتابی وەرگرت.

شەیدا شاکر دەڵێت: "ماوەی دوو ساڵە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی دوا قۆناغی ئامادەیی قوتابخانە حکومییەکان روو لە قوتابخانەکەمان دەکەن، بەهۆی ئەو گوشارە زۆرەی لەسەر قوتابخانەکەمان هەبوو، ساڵی رابردوو قوتابخانەیەکی تازەمان کردەوە".

شەیدا گوتیشی "لەبەر ئەوەی زۆربەی مامۆستایانی دوا قۆناغی ئامادەیی، مامۆستای باشن و نمرەی بەرز لە قوتابخانەکەمان هاتووە، بۆیە هەندێک لە دایکان و باوکان لە جیاتی ئەوەی مامۆستای تایبەت بۆ منداڵەکانیان بگرن، دەیانهێننە قوتابخانەی ئێمە". لە گەڕانەوەی قوتابیان لە قوتابخانە ناحکومییەکانەوە بۆ حکومییەکان، هەولێر پشکی شێری بەرکەوتووە، ساڵی رابردوو 1714 قوتابی لەو دوو قۆناغە گەڕاونەتەوە باخچە و قوتابخانە حکومییەکان، بەپێچەوانەشەوە 1457 قوتابی لە قۆناغی ئامادەیی، چوونەتە قوتابخانە ناحکومییەکان.

کەژاڵ جەلال تاهیر، بەڕێوەبەری باخچەی ساوایان و قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومییەکان لە پەروەردەی گشتیی هەولێر دەڵێت: "هۆکاری گەڕانەوەی ئەم ژمارە زۆرەی قوتابیان لە باخچە و قوتابخانە بنەڕەتییە ناحکومییەکانەوە بۆ حکومییەکان، بەشێکی بۆ قەیرانی دارایی و دابەزینی داهاتی خێزانەکان دەگەڕێتەوە، بەشێکیشی بۆ گۆڕینی پرۆگرامی خوێندنی زیاتر لە 50 قوتابخانەی حکومی لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی".

کەژاڵ جەلال گوتی: "کاتێک دایک و باوکی قوتابی دەبینێ لە قوتابخانەیەکی حکومی هاوشێوەی قوتابخانە ئەهلییەکان پرۆگرامەکانی خوێندن کراونەتە ئینگلیزی و گرنگی بەقوتابیان دەدرێ، منداڵەکەی دەگوازێتەوە بۆ قوتابخانەی حکومی".

قوتابخانەی شیاوی ناحکومی یەکێکی دیکەیە لە قوتابخانە ناحکومییەکانی شاری هەولێر و خوێندن لەم قوتابخانەیە لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی ملیۆنێک و 600 هەزار دینارە، ئەم قوتابخانەیە 482 قوتابی قۆناغی بنەڕەتی و 140 قوتابی قۆناغی ئامادەیی هەیە.

بژار رەشاد ئەحمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی شیاوی بنەڕەتی ناحکومی دەڵێت: "قوتابخانەکەمان لە سنووری گەڕەکی هەڤاڵانە، باوک و دایکی زۆربەی قوتابییەکان باری داراییان مامناوەندە، بەشی زۆریان مووچەخۆرن، بۆیە گرفتی زۆریان لە دانی قستەکانی خوێندن هەیە. بەپێی سیستەم دەبێت بەخێوکەری قوتابی کرێی خوێندن بە دوو قیست بدات، بەڵام ئێمە وەک ئاسانکاری قیستەکانمان کردووە بە 4-6 قیست، لەگەڵ ئەوەشدا دایک و باوکی 20 قوتابی ساڵی رابردوو نەیانتوانی تەواوی قیستەکان بدەن".

هەرچەندە کرێی خوێندنیان دابەزاندووە و ئاسانکاری زۆریان بۆ دانی قیستەکان کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ساڵی رابردوو 24 قوتابی ئەوان چوونەتەوە قوتابخانە حکومییەکان.



یادگار سدیق

# پێگەی وزەی کوردستان دوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەر

دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017، نەوتی کوردستان لە بازاڕەکانی جیهان دەستی بە پاشەکشە کرد، ئەمەش دوای ئەوە هات کە سوپای عێراق بە هاوکاریی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی پەلاماری کەرکووکی دا و دەستی بەسەر کێڵگە نەوتییەکانیدا گرت. ئەو ڕووداوە کاریگەری خستە سەر پشکی ڕۆژانەی هەناردەی نەوتی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهاندا. بەندەری جەیهانی تورکی کە تا پێش 16ی ئۆکتۆبەر ڕۆژانە پێشوازی لە 600 هەزار بەرمیل نەوتی کوردستان دەکرد، ئێستا کەمتر لە نیوەی ئەو بڕەی بۆ دەچێ.

پێشتر کێڵگەکانی ئاڤانا و بای حەسەن کە گەورەترین کێڵگەی نەوتی کەرکوک بوون، لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوون، ئەمەش پشکی هەرێمی لە بازاڕی نەوتدا گەورە کردبوو، بەڵام پچڕانی هەناردەی نەوتی ئەو دوو کێڵگەیە لەگەڵ بۆڕیی نەوتی کوردستان- جەیهان، ئاستی هەناردەکردنی نەوتی کوردستانیشی دابەزاند. بەگوێرەی پێگەی تانکەر تراکەر کە تایبەتە بە چاودێریکردنی هەناردەکردنی نەوتی خاو لە ڕێگەی کەشتی بۆ بازاڕەکانی جیهان، تێکڕای هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی بۆڕیی- جەیهان لە تشرینی دووەمی ئەمساڵدا 268 هەزار و 589 بەرمیل بووە. کۆی گشتیی هەناردەکردن لە مانگی ڕابردوودا گەیشتووەتە 8 ملیۆن و 57 هەزار و 666 بەرمیل. هەموو ئەم نەوتەش بە 10 کەشتی گواستراوەتەوە، پشکی گەورەشی بەر یۆنان کەوتووە، لە کۆی 10 کەشتی، یۆنان کڕیاری چوار کەشتی نەوتی هەرێمی کوردستان بووە کە دەکاتە 35%ی ئەو نەوتەی مانگی ڕابردوو هەرێمی کوردستان فرۆشتوویەتی. دوای ئەویش وڵاتانی کرواتیا و ئیسرائیل و ئیتالیا دێن.

ئاشکرایە نەوتی کوردستان بە کەمتر لە نەوتی وڵاتانی دیکە لە بازاڕەکانی جیهاندا مامەڵەی پێوە دەکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی نەوتی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە نەوتی کوردستان بە هەشت دۆلار کەمتر لە نەوتی خاوی برێنت مامەڵەی پێوە دەکرێت، بەگوێرەی کۆمپانیای (dcifx)، تێکڕای نرخی نەوتی خاوی برێنت لە مانگی تشرینی دووەمدا 64 دۆلار و 31 سەنت بووە، بەم جۆرە بەرمیلێک نەوتی کوردستان بە 54 دۆلار و 31 سەنت مامەڵەی پێوەکراوە، بەو پێیە داهاتی نەوتی کوردستان لە مانگی تشرینی دووەمدا 437 ملیۆن و 611 هەزار دۆلار بووە. جیا لە تێچوونی بەرهەمهێنان و تێچوونی گواستنەوە و تێچوونەکانی دیکە.

ئەگەرچی هەوڵەکانی ئۆپێک و ژمارەیەک بەرهەمهێنەری دیکەی دەرەوەی ڕێکخراوەکە هۆکارێکی بەهێز بوون بۆ پاشەکشەی خستنەڕووی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا، دواتریش درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەکەی نێوانیان تا کۆتایی 2018 لە 30ی تشرینی دووەمی 2017، بەڵام پاشەکشێی نەوتی کوردستان لە ئۆکتۆبەرەوە بووە فاکتەرێکی سەرەکی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ سەرووی ئاستەکانی 60 دۆلار، چونکە نەمانی نەوتی کوردستان کە بەنرخێکی نزمتر لە

> مانگی ڕابردوو یۆنان کڕیاری سەرەکیی نەوتی کوردستان بووە

نرخی ئاسایی بازاڕ مامەڵەی پێوە دەکرا، هەواڵێکی ناخۆش بوو بۆ کڕیارانی نەوتی هەرێمی کوردستان و کڕیارەکانی ناچار بە نەوتی وڵاتانی دیکە کرد.

ئێستا عێراق بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە دەیەوێت بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکووک بۆ یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز بکاتەوە، بەڵام عێراق نەیتوانیوە تەنانەت ئەو بڕە نەوتەش هەناردە بکات کە کوردستان پێش 16ی ئۆکتۆبەر هەناردەی دەکرد. بەگوێرەی لێدوانەکانی جەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق لە کۆبوونەوەی ئۆپێک و دەرەوەی ڕێکخراوەکە کە لە کۆتایی تشرینی دووەمی 2017 بەڕێوەچوو، وەزارەتی نەوتی عێراق گرێبەستێکی لەگەڵ ئێران کردووە کە ڕۆژانە 60 هەزار بەرمیل بۆ ئەو وڵاتە هەناردە بکات. هەروەها 120 هەزار بەرمیلیش بۆ پاڵاوگە نێوخۆییەکان دەنێردرێ و 70 هەزار بەرمیلیش لە کەرکووکەوە دەنێردرێت بۆ پاڵاوگەکانی ناوەڕاستی عێراق، بەڵام وەزارەتی نەوتی ئەو وڵاتە دەیەوێت کار لەسەر چەند بژارەیەک بکات، لە هەوڵدایە هەرچۆنێک بێت نەوتی کەرکووک هەناردە بکات. یەکێک لە ڕێگاکان ئەوەیە کە دەیەوێت کار بۆ بنیاتنانەوەی بۆڕیی نەوتی بێجی- پێشخابوور بکات، بەڵام نۆژەنکردنەوەی بۆڕییەکە زیاتر لە ساڵێک دەخایەنێ.

لەلایەکی دیکەوە دەیەوێت بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆڕی نەوتی کەرکووک- قەسری شیرین رابکێشێ، بەڵام ئەو بژارانەی کەوا حکومەتی عێراق هەوڵی بۆ دەدات، بەبێ هەرێمی کوردستان کارێکی ئاسان نابێت. هەرچەندە وەزارەتی نەوتی ئەو وڵاتە ئامادەیی نیشانداوە بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام مەرجە سیاسی و یاساییەکانی هەردوولا ڕێگر بووە لە کۆکردنەوەیان لەسەر مێزی گفتوگۆ.

زانیاریی تایبەت بە قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان بەهەمانشێوەی ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت، ناڕوونە، هەر بۆیە زانینی بڕی قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان کارێکی سانا نییە، بەڵام بەشێک لە بەرپرس و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە لێدوانەکانیاندا بەشێوەیەکی نافەرمی قەرزەکانی سەر هەرێمیان درکاندووە، بەگوێرەی لێدوانەکانیان قەرزە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سەر هەرێم زیاتر لە 18 ملیار دۆلارە کە پێکدێت لە قەرزی کۆمپانیاکان و بانکە تایبەتەکان و کۆمپانیاکانی نەوت و قەرزی فەرمانبەران بەهۆی پاشەکەوتکردنی مووچەکانیان. حکومەتی عێراقیش نزیکەی 130 ملیار دۆلار قەرزدارە. سەرەڕای ئەوەی ئەو وڵاتە یەدەگێکی گەورەی دراوەکەی بەکارهێناوە کە 80 ملیار دۆلار بووە و ئێستا بۆ 33 ملیار دۆلار دابەزیوە، بۆیە قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان خاڵێکی دیکەی ناکۆیی نێوان هەرێم و بەغدا دەبێت، چونکە ئەگەر حکومەتی عێراق بەتەنها پابەندی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بێت و قەرزەکانی سەر هەرێم پشتگوێ بخات، ئەوە هەرێمی کوردستان بەرەوڕووی کێشە دەکاتەوە، پێویستە حکومەتی عێراق قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستانیش بخاتە نێو لیستی دانوستاندنەکانی نێوانیان، چونکە عێراق خۆشی نەیتوانیوە بەبێ قەرزکردن لە دامەزراوە جیاوازەکان، ڕۆژگاری دوای دابەزینی نرخی نەوت تێپەڕێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا عێراق بڕێکی زۆر یەدەگی دراوەکەی بەبێ ئەوەی بەشی کوردستانی لێ بدات، بەکارهێناوە کە مافی حکومەتی هەرێمیشە سوود لەو یەدەگە ببینێ، هەر بۆیە قەرزەکانی سەر هەرێم کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە، ئەگەر عێراق پابەندی دانەوەی ئەو قەرزانە نەبێ.



مانگی ڕابردوو تێکڕای هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی کوردستان 268 هەزار و 589 بەرمیل بووە

(فۆتۆ: ڕووداو)

## پێکەوە زیاتر لە 40 %ی نەوتی جیهان بەرهەمدێنن

# ڕووسیا و ئۆپێک نرخی نەوتیان بۆ ساڵی داهاتووش جێگیر کرد

ڕووداو- هەولێر

دوای چەندین ڕۆژ مشتومڕی نهێنی و ئاشکرا، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) و هاوپەیمانەکانی ڕایانگەیاند کە ماوەی ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت تاوەکو کۆتایی ساڵی داهاتوو درێژ دەکەنەوە. ئەم هەنگاوە لەلایەکەوە نرخی نەوتی بەرز کردەوە و لەلایەکی دیکەشەوە گۆڕوتینێکی دیکەی بە وەبەرهێنانی کەرتی وزەی ئەمریکا دا.

### ڕێککەوتنەکە ئاسان نەبوو

ڕۆژێک پێش کۆبوونەکەی ڤیەننا لیژنەیەکی هاوبەش بەسەرکردایەتیی ڕووسیا و کوێت لەژێر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی بازاڕی نەوت و کاریگەرییەکانی ڕێککەوتنەکە لە یەک ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵێک پێشنیازیان بۆ ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی خستەڕوو، تاوەکو لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی دواتردا بڕیاریان لەسەر بدرێت.

لە چەند مانگی ڕابردوودا مۆسکۆ ئاماژەی جیاوازی سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنە نەوتییەکە ناردبوو. لە تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە بۆ کۆتایی 2018 ڕەتناکاتەوە.

بەڵام ڕووسیا کۆمەڵێک کێشەی دیکەشی هەیە کە یەکێکیان نارەزایەتی کۆمپانیاکانی نەوتی ڕووسیایە. ژمارەیەک لە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە دەڵێن هەندێک لە کێڵگەکانی نەوتی ڕووسیا بەهۆی کارنەکردنیان بەرەو لەناوچوون دەچن. بەرپرسێکی نەوتی سعودیە بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "ڕووسەکان لەژێر گوشارێکی زۆری کۆمپانیا نێوخۆییەکاندان، دووریش نییە ڕووسیا لەسەر بەڵێنی خۆی (بۆ درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە) بمێنێتەوە".

لەلایەکی دیکەشەوە ڕووسیا نەیدەویست بە درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە تاوەکو کۆتایی ساڵی داهاتوو، هیوایەکی گەورە بە وەبەرهێنەرانی کەرتی وزەی ئەمریکا ببەخشێت، هەرچەندە ئابووریی ڕووسیا کە زیاتر لە 30%ی لەسەر نەوتە، پێویستی بەوەیە نرخی یەک بەرمیل نەوت 72 دۆلار بێت، بۆ ئەوەی باڵانسی بودجەی ساڵانەی پارێزراو بێت. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، ناکۆکییەکانی ڕووسیا و سعودیە سەبارەت بە ماوەی درێژکردنەوەکە تاوەکو ڕۆژی کۆبوونەوەکەی 30ی تشرینی دووەمیش بەردەوام بوون.

سەیریش نییە کە لە دەقی ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ڕێککەوتنەکە جارێکی دیکە لە مانگی شەشی ساڵی داهاتوودا هەڵدەسەنگێندرێتەوە. ئەم تێبینییە بۆ دامرکاندنەوەی نیگەرانییەکانی ڕووسیا بووە کە داوای دەکرد ماوەی درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە نەگاتە نۆ مانگ.

### کاریگەریی ڕێککەوتنەکە لەسەر بازاڕ

ڕێککەتنەکەی پێشوو لە مانگی ئاداری ساڵی داهاتوو ماوەکەی تەواو دەبوو. بۆیەش بازاڕەکانی نەوت بە نیگەرانییەوە لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڤیەننایان دەڕوانی. هەواڵی درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر بازاڕەکانی نەوت دانا، بە جۆرێک نرخی نەوت بە ڕێژەی زیاتر لە 20% لە بازاڕەکانی لەندەن بەرزبووەوە.

سعودیە خوازیارە 150 ملیۆن بەرمیل نەوتی دیکە لە ئەمبارەکانی نەوت کەم ببێتەوە و وەزیری دەرەوەی سعودیەش ڕایگەیاندووە کە وڵاتەکەی و ئۆپێک ئامادە نین دەست لە هەوڵەکانیان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجە هەڵبگرن.

### فاکتەری نەوتی لیتەی ئەمریکا

داتاکانی حکومەتی ئەمریکا دەریدەخەن، کەرتی نەوتی ئەو وڵاتە لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا نزیکەی 9.5 ملیۆن بەرمیل نەوتیان بەرهەمهێنابوو، بەو پێیەش لە چاو مانگی پێشتر 3% بەرز بووەتەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی بلومبێرگ، پاش درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک، ژمارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا بڕیاریان داوە ئاستی وەبەرهێنان لە پلانی 2018ی کۆمپانیاکانیاندا بەرز بکەنەوە.

لە کۆبوونەوەکانی چوارشەممە و پێنجشەممەدا بەرپرسانی نەوت و وزەی وڵاتانی کەنداو وەکوو کۆبوونەوەکەی مانگی ئایار بە نیگەرانییەوە باسی نەوتی لیتەی ئەمریکایان نەدەکرد. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوە بووبێت کە وڵاتانی کەنداو گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی لە ڕەوشی ئێستای بازاڕەکانی نەوتدا ئەمریکا ناتوانێت بگاتە ئەو سەقفە لە بەرهەمهێنان کە بەڵێنی داوە.

وەزیری نەوتی سعودیە لە ڤیەننا بە پەیامنێرانی ڕاگەیاند "پێش 2017 نیگەرانییەکی زۆر سەبارەت بە نەوتی لیتەی ئەمریکا هەبوو، بەڵام توانرا بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا لە 2017 ئیدارە بکرێت و هەمان شتیش لە ساڵی داهاتوو مومکینە".

چاوەڕێ دەکرا ئاستی نەوتی لیتەی ئەمریکا لەمساڵدا بگاتە 10 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام وەکوو عیسام مەرزوق، وەزیری نەوتی کوێت ئاماژەی بۆ دەکات، نەوتی ئەمریکا بە درێژایی ئەمساڵ تەنیا 500 هەزار بەرمیل بەرز بووەتەوە.

سکۆت شیفیلد، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای نەوتی (PNR)ی ئەمریکی، پێشبینی دەکات کە "ئەگەر لە چەند مانگی داهاتوودا بەرهەمهێنەرانی نەوت لە ئەمریکا ڕێژەی بەرهەمهێنانیان بەرز بکەنەوە، ئەوە دەبێ چاوەڕێی دابەزینێکی خێرای نرخەکانی نەوت لە 2018 بکەین". (PNR) یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکایە و ڕۆژانە نزیکەی سێ ملیۆن بەرمیل نەوت لە کێڵگەکانی تێکساس و نیومەکسیکۆ بەرهەمدەهێنێ.

### ئاسیا ڕوو لە ئەمریکا دەکات

ئۆپێک و ڕووسیا پێکەوە زیاتر لە 40%ی نەوتی جیهان بەرهەمدێنن، بۆیەش ئاساییە ڕێککەوتنەکەی ڕۆژی پێنجشەممە کاریگەریی گەورە لەسەر پشکەکانی ئۆپێک و ڕووسیا لە بازاڕەکانی ئاسیا دابنێ. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)، درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەی سێ وەرزی دیکە کۆمپانیاکانی پاڵاوتنی نەوتی لە وڵاتانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نیگەران کردووە و بیریان لە نەوتی کەنداوی مەکسیک و ناوچەی کاریبیەن کردووەتەوە.

بۆ ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانییە، ژمارەیەک لە پاڵاوگە گەورەکانی ئاسیا پەیوەندییان بە کۆمپانیاکانی ئەمریکا، مەکسیک، ڤەنزوێلا و کۆلۆمبیاوە کردووە.

یەکەم ڕێککەوتنی ئۆپێک لە مانگی کانوونی دووەمی 2017 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوکات هەناردەی نەوتی ناوچەی کاریبی بۆ ئاسیا 500 هەزار بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا، بەڵام لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هەناردەی نەوتی خاوی ئەو دوو ناوچەیە بۆ پاڵاوگەکانی ئاسیا بە بڕی 700 هەزار بەرمیل زیادی کردووە و پشکی شێریش لەو زیادکردنە بەر کۆمپانیاکانی ئەمریکا دەکەوێت.

پێشتر بە هۆی درێژیی ڕێگاکەوە، پاڵاوگەکانی نەوتی ئاسیا خۆیان لە نەوتی ئەمریکا دوور دەگرت، لەبەر ئەوەی ڕێگای نێوان کیشوەری ئەمریکا و وڵاتانی ئاسیایی دوو هێندەی ڕێگای نێوان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەو وڵاتانەیە کە لە چین، ژاپۆن، کۆریای باشوور، تایوان و سینگاپوور پێکدێن. بەڵام دوای ئەوەی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بڕیاریان دا بە درێژایی 2018 ئاستی بەرهەمهێنانیان بە بڕی 1.8 ملیۆن بەرمیل کەمتر بێت، کۆمپانیا ئاسیاییەکان ناچار بوون جارێکی دیکە ڕوو لە ئەمریکا بکەنەوە.




ئۆپێک ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی تاوەکو کۆتایی ساڵی داهاتوو درێژ کردەوە

(فۆتۆ: AFP)



## شانۆگەری زەنوبیات لە بیرە؟

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

لە سوید شانۆگەرییەک بەناوی "زەنوبیات لە بیرە؟" نمایشکرا کە ئەکتەری کورد ئالا ڕەیانی ڕۆڵی تێدا بینی. ئالا ڕەیانی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم شانۆگەرییە باس لەو ژنانە دەکات کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە شانازییەوە باسیان لێوەدەکرێت و کارو چالاکی زۆر گرنگیان بۆ کۆمەڵگا کردووە". ئالا کە ئەو ڕۆڵی شاژنی تەدمور زەنوبیای بینیوە، باس لە لایەنی دیرۆکی ئەم شاژنە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا باس لە شەش خانمی دیکەی جیهان دەکات کە هەمیشە پێشەنگ بوون بۆ دابینکردنی مافی ژنان و کارکردن بۆ کۆمەڵگایەک کە ڕێز لە مافی ژن بگرێت.

# گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# تەمەنم گەورە کرا بۆ ئەوەی زوو بەشووم بدەن

خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە ڕادیۆی ڕووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هێڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە.

ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی کە لە هەفتەنامەی ڕووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە هەم بۆ ئەوەی وەکو دۆکیومێنت بمێنێتەوە و هەم دەرفەتێکیش بێت بۆ ئەوانەی نەیانتوانیوە لە ڕادیۆوە بیبیستن.

گوڵستان لەم بەشەدا باسی شوێنی لەدایکبوونی و خێزانەکەی و چیرۆکی بارکردنیان لە گوندەوە بۆ شار دەکات و دەڵێت ئەوکاتەی کە چووەتە قوتابخانە نەک هەر زمانی تورکیی نەزانیوە، بەڵکو نەیزانیوە زمانێک بەناوی تورکی هەر هەشە.

**هەڤپەیڤین: هێڤیدار زانا**

بەشی یەکەم

**ڕووداو: ئێمە دەزانین تۆ لە گوندێکی سوێرەکێ لەدایکبووی، ناوی گوندەکە چییە؟**

**گوڵستان:** ناوە تورکییەکەی نازانم، ناوە کوردییەکەی ڤانکۆکە، پێشتر سەر بە ئامەد بوو، بەڵام دواتر جمهورییەت بە مەبەستی تواندنەوەی کورد خستییە سەر شاری ڕوحا. باوکم خاوەنی گوندەکەیە، هەموویان خزمی یەکدین، تا ئێستاش هیچ بێگانەیەک لە گوندەکە نییە.

**ڕووداو: کچی گەورەی ماڵی؟**

**گوڵستان:** نەخێر، نووری برا گەورەمە، بەر لە من دوو خوشکی دیکەشم هەبووە، بەڵام کە من هاتمە سەر دونیا، ئەوان هەردووکیان مردبوون.

**ڕووداو: ساڵی چەند لەدایکبووی؟**

**گوڵستان:** ساڵی 1962، بەڵام دوو ساڵ تەمەنم گەورە کراوە، چونکە ئەوکات عادەت وابوو تەمەنی کچیان دوو ساڵ گەورە دەنووسی بۆ ئەوەی زوو بە شووی بدەن، کوڕیش دوو ساڵ بچووک دەنووسرا بۆ ئەوەی درەنگ سەربازی بکەن.

**ڕووداو: دایک و باوکت خزمن؟**

**گوڵستان:** نەخێر، دایکم سەیدە لە بنەماڵەی نەبیا شێخ زراڤن. ماڵباتی باوکم، دایکمیان لە ئاهەنگێک بینیوە و لەوێ بڕیاریان داوە بۆ کوڕەکەیانی بخوازن. دایکم لە شار بوو چووە گوند، هەموو جارێک باسی ئەو 15 ساڵەی ژیانی خۆی دەکرد لە گوند، وەکو ئەشکەنجە ناوی دەبرد. چونکە لە گوند یەک داری لێنەبوو، تەنیا گەنم و جۆ و نیسکی لێبوو، ئاو و کارەبای نەبوو. سەرچاوەی ئاو سەعاتە ڕێیەک لە گوندەوە دوور بووە و بە کەر و هێستر ئاویان هێناوە.

> **هەتا نەچوومە قوتابخانە نەمدەزانی زمانی تورکی چییە**

**ڕووداو: خەڵکی گوندی بە چاوێکی دیکە سەیری دایکتیان نەدەکرد کە خەڵکی شار بوو؟**

**گوڵستان:** نا لەو ڕووەوە کێشەی نەبوو، ئەسڵەن بۆ بنەماڵەکەمان جێی شانازی بوو، چونکە کچیان لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ خواستبوو، بەڵام ژیانی گوند بۆ دایکم زۆر زەحمەت بوو، بۆ نموونە دەیگوت گەورەترین کێشەی من خۆشووشتن بوو. هەموو جارێک دەڵێت ژیانی من بکەن بە فیلم و کتێب. منیش هەمیشە پێیدەڵێم دایە ژیانی هەموو ژنانی کورد لە گوند وەها بووە.

**ڕووداو: هەتا چەند ساڵی لە گوند مایەوە؟**

**گوڵستان:** دایکم حەزی دەکرد ڕۆژێک زووتر لە گوند بڕۆین، هەموو جارێ دەیگوت من نەمخوێندووە، با ئەوان بخوێنن. من بە بیرم دێ تەمەنم چوار ساڵ و نیو یان پێنج ساڵی بوو چووین بۆ وێرانشار، زۆر باشم لەبیرە دایکم بە باوکمی گوت دەچینە شار، داپیرم دژی ئەوە بوو، گوتی قبوڵ ناکەم کوڕەکەم لێ دابڕێنی و بیبەی بۆ شار. بەڵام دایکم گوتی من تەحەمول ناکەم و حەز ناکەم منداڵەکانم نەخوێندەوار بن، دەچمە شار و خانوویەک دەکرم. بیرمە کامیۆنێکیان هێنا و ماڵەکەیان هاوێشتە نێوی و چووین بۆ شار.

**ڕووداو: ژیانی شار بۆ تۆ زەحمەت نەبوو؟**

**گوڵستان:** بەڵێ سەرەتا زۆر زەحمەت بوو، چونکە داپیرم ئێمەی گەورە کردبوو. دایکم شارەزای ژیانی گوند نەبوو، لە گوند دەبێ هەردوو ساڵ جارێک منداڵێک بخەیتەوە، ئیدی دایکم فریای خزمەتکردنی هەموومان نەدەکەوت، بۆیە من لەلای داپیرم بووم. هەموو جارێک دەمگوت ئێرە ماڵی من نییە، بمبەنەوە لای داپیرم.

**ڕووداو: سەرەتا چیتان کرد لە شار؟**

**گوڵستان:** باوکم لەگەڵمان نەهات بۆ شار، چونکە داپیرم ڕازی نەبوو. دایکم بە عاجزی گوندی جێهێشت. دایکم خانوویەکی گەورەی بەکرێ گرت لە نزیک ماڵی باپیرم (باوکی دایکم). دواتر هێدی هێدی باوکیشم هات، داماوە هیچ چارەی نەبوو تەسلیم بوو (بەپێکەنینەوە). یەکەم شت کە دایکم کردی چوو بۆ بازاڕ هەموو پێداویستییەکی ماڵەوەی کڕی، وابزانم زێڕەکانی خۆی فرۆشتبوو. تەمەنی من ئەوکات تەمەنی قوتابخانە بوو، دایکم منی برد لە قوتابخانە قەیدی کردم.

**ڕووداو: بۆ زۆربەی منداڵان ئەوکات کە زمانی تورکییان نەدەزانی، یەکەم ڕۆژی قوتابخانەیان وەکو تراومایەک وا بوو، نەیاندەزانی چۆن قسە بکەن، بۆ تۆ چۆن بوو؟**

**گوڵستان:** لە سەردەمی من خراپتر بوو، چونکە من لە گوندەوە هاتبووم، حەزم نەدەکرد لە شار بم، دەمویست بگەڕێمەوە لای داپیرم لە گوند. من نەک تورکیم نەدەزانی، قەت نەشمبیستبوو.

> **دایکم هەموو جارێک دەڵێت ژیانی من بکەنە فیلم و کتێب**

چونکە لە گوند کارەبا نەبوو، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ نەبوو. بیرمە پێش ئەوەی باوکم دەستم بگرێ و بمبا بۆ قوتابخانە، دایکم منی برد بۆ بازاڕ، ئەوکات دووکانی ژنان و پیاوان جیاواز بوو، بازاڕی ژنان لە کۆڵانێک بوو. دایکم منی بردە دووکانێک، چاکم لەبیرە خاوەنی دووکانەکە ناوی ساکینە بوو، قوماشی دەفرۆشت، دایکم مانتۆیەکی ڕەشی بۆ کڕیم، لەگەڵ پێڵاوێکی ڕەش کە دەبریسکایەوە، قردێلەیەکی بۆ کڕیم، چونکە پرچم درێژ بوو، کەزیم هەبوو. من نەمدەزانی مەسەلە چییە، باوکم گوتی دەتبەین بۆ مەکتەب، بەڵام من چووزانم مەکتەب چییە! ڕۆژێکیان ئەو جلانەیان لەبەر کردم، باوکم دەستی گرتم و بردمی بۆ قوتابخانە. منیان بردە بەردەم هۆبەیەک و گوتیان کچم بڕۆ ژووریٚ. کاتێک دەرگام کردەوە پڕ لە منداڵ بوو، لەسەر کورسی دانیشتبوون، پیاوێکی چاوشینی قژ زەردیش لەبەردەمیان وەستابوو، مامۆستای ئەوکات هەموویان تورک بوون، هەموو قژ زەردی چاوشین بوون، هەموویان وەکو ئەتاتورک وا بوون. کە دەرگام کردەوە مامۆستاکە گوتی "گەل"، واتە "وەرە"، من تێنەگەیشتم گەل چییە، دەستم بە گریان کرد، منداڵەکان هەموویان دایانە قاقای پێکەنین. ئیدی لەو کاتەوە تراوما دەستپێکرد. ئەمجارە مامۆستاکە گوتی "ئۆتور"، من نەمدەزانی چییە و قوتابییەکانیش پێم پێدەکەنین. وەکو لاڵ و گێژم لێهاتبوو. بیرمە زەنگ لێیدا، قوتابییەکان ڕایانکرد، منیش ڕامکرد. ماڵمان لە نزیک قوتابخانەکە بوو، هەر کە دەرگای حەوشەم کردەوە قیژاندم :"ئەز ناچمە مەکتەبێ" دایکم دەیگێڕایەوە دەیگوت خۆت لەسەر زەوی درێژ کردبوو، خۆڵت بەسەر سەری خۆتدا دەکرد و هاوارت دەکرد من ناچم بۆ مەکتەب و بمبەنەوە بۆ گوند. ئیدی ئەو ساڵە نەیانناردم بۆ قوتابخانە.



> **باوکم خاوەنی گوندەکەمان بوو**

---

ئالا خەیات، خانمە شێوەکاری بەناوبانگی سووری بۆ (ڕووداو):

# دەمەوێت بە وێنەکانم هیوا ببەخشم

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

لە سووریا لەدایکبووە، بەهۆی بارودۆخی نالەباری سووریاوە هاتووەتە هەرێمی کوردستان و هەر لەوێ کوڕێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان دەناسێت و دەبنە هاوژینی یەکدی. ئەندازیاری تەلارسازییە، هاوکات وێنەکێشێکی بەناوبانگە و پلەی یەکەمی وێنەکێشانی لەسەر ئاستی سووریا بەدەستهێناوە.

ئالا خەیات خانمە وێنەکێشی سووری پێیوایە تەلارسازی و وێنەکێشی تەواوکەری یەکدین. ئالا کە دەیەوێ لە کوردستان پێشانگا بۆ کارەکانی بکاتەوە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) زیاتر لەبارەی کارەکانییەوە قسە دەکات.



> **سەرەتای ژیانم لە کوردستان زۆر سەخت بوو**

**ڕووداو: تۆ ئەندازیاری تەلارسازی و هاوکات وێنەکێشی، چ خاڵێکی هاوبەش لەنێوان ئەو دوو پیشەیەدا هەیە؟**

**ئالا خەیات:** من بەرلەوەی ببمە ئەندازیار وێنەکێش و نیگارکێش بووم، ئەم بەهرەیەم زۆر هاوکاریی کردم بۆ ئەوەی لە خوێندنی تەلارسازی سەرکەوتوو بم، چونکە هەر کەسێک بیەوێت ببێتە ئەندازیار دەبێت وێنەکێش بێت.

**ڕووداو: پێشتر بەشداریت لە چەند پێشبڕکێیەکی نێودەوڵەتی کردووە، ئەوە چۆن ئەزموونێک بوو؟**

**ئالا خەیات:** بەڵێ، لە سووریا پلەی یەکەمم لە پێشبڕکێی وێنەکێشی بەدەستهێنا. هەروەها ساڵی 2006 لە قەتەر بە تابلۆیەکی 30 بە 50 بەشداریم لە پێشبڕکێی نێودەوڵەتیدا کرد بۆ وێنەکێشی، تابلۆکەم لە ڕێگەی پۆستەوە نارد بۆ پێشبڕکێیەکە، چەند هونەرمەندێکی سووریش بەشدارییان کردبوو، من لەسەر ئاستی هونەرمەندانی سووریا پلەی یەکەمم بەدەستهێنا.

**ڕووداو: تابلۆ و وێنەکانت گوزارشت لە چی دەکەن؟**

**ئالا خەیات:** بەهۆی ئەو ناسۆر و کارەساتانەی بەسەر خەڵکی سووریا هاتن، دەمەوێت زیاتر لەڕێگەی تابلۆکانمەوە ئەو کارانە بکەم کە هیوا و ئومێد دەبەخشن، دەمەوێت بڵێم ئەگەر دونیا تاریک و ناخۆشیش بێت، ئەوا هەر تروسکاییەک بۆ بەردەوامبوونی ژیان هەیە.

**ڕووداو: هاوژینەکەت تا چەند هاوکاریت دەکات؟**

**ئالا خەیات:** هاوژینەکەم زۆر هاوکاریم دەکات و پێیوایە کە ژن سیمۆلی هێزە و دەتوانێت لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا سەرکەوتوو بێت. من ماڵ و مێرد و کارەکەم خۆشدەوێت، وێنەکێشیش خەونێکی منداڵی خۆمە و هیچ شتێک ناتوانێت لەم کارەم دووربخاتەوە.

**ڕووداو: چەند ساڵێکە لە کوردستان دەژیت، چەندە لەگەڵ بارودۆخی ئێرە گونجاوی؟**

**ئالا خەیات:** من ماوەی دوو ساڵە لە کوردستان دەژیم، ژیان سەرەتا بۆ من لێرە زۆر سەخت بوو، چونکە من وا ڕاهاتبووم لای دایک و باوکم بم، دواتریش لێرە هاوسەرگیریم کرد و بەرپرسیارێتیم کەوتە ئەستۆ، بەڵام ئێستا ڕاهاتووم و ژیانم لێرە زۆر خۆش و گونجاوە، خەڵکی ئێرە زۆر میهرەبانن و کەسانی باشن و لەگەڵیان ڕاهاتووم.

**ڕووداو: خەڵکی بۆچوونیان لەسەر کارەکانت چۆنە؟**

**ئالا خەیات:** بەگشتی دەستخۆشی دەکەن، بەڵام هونەرمەندان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، من پێموایە هونەرمەندان شتێک دەبینن کە خەڵکی دیکە نایبینن، بەگشتی بە کاردانەوەی خەڵکی دڵخۆشم و هیوام پێدەبەخشن.

**ڕووداو: تابلۆکانت دەفرۆشیت؟**

**ئالا خەیات:** بەڵێ، تابلۆکانم دەفرۆشم و خەڵکانێک هەن کە بیانکڕن.

**ڕووداو: پلانی داهاتووت و پرۆژەت چییە؟**

**ئالا خەیات:** دەمەوێت لە بواری ئەندازیاریی تەلارسازی بەردەوام بم، کاریش دەکەم بۆ ئەوەی پێشانگای گەورەی شێوەکاری لە کوردستان و لە وڵاتانی دیکەش بکەمەوە.

> **بەر لەوەی ببمە ئەندازیاری تەلارسازی وێنەکێش بووم**



> **ئەندازیار دەبێ وێنەکێش بێ**

دەرگا بۆ کۆچبەران دەکەنەوە و بە ئۆتۆمبێلی خۆیان دەیانگوازنەوە

# قاچاخچیانی کورد پۆلیسی سنووری بولگاریا بە پارە دەکڕن


ژمارەیەک کۆچبەری کورد لە خانووی قەرەجەکان لە سۆفیای پایتەختی بوڵگاریا

زامدار ئەحمەد
ڕووداو- زیندانی لۆبۆمێز

ئـەو کۆچبەرانەی بە گەرەنتی گەیێندراونەتە سـۆفیا، چیرۆک و سەرگوزەشتەی گەیشتنیان بە بولگاریا دەگێڕنەوە و دەڵێن لەسەر سنووری بولگاریـا پۆلیس دەرگایـان بـۆ کردوونەتەوە. هــەر بــە ئۆتۆمبێلــی پۆلیســی بولگاریــش گەیێنراونەتــە پایتەخــت، کەچــی هــەر ئــەو پۆلیســە ناهێڵێــت کۆچبەران دەربازی سـنوور بن ئەگەر قاچاخچییەکان پێشـوەخت لەگەڵیان ڕێکنەکەوتبن.

عومــەر عەســکەری، کۆچبەرێکــی کــوردی باشـووری کوردسـتانە، مانگی ئابی ئەمساڵ لە هەولێرەوە بەرەو تورکیا بەڕێکەوتووە، دوو هەفتە لە ئیستانبوڵ ماوەتەوە. دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ قاچاخچییەکی خەڵکی هەولێر ڕێکدەکەوێ کــە بــە گەرەنتــی و 2500 دۆلار لــە تورکیاوە بیگەیەنێتــە ســۆفیای پایتەختــی بولگاریــا. قاچاخچیەکــە دڵنیــای کردبــووەوە کــە لەگەڵ پۆلیســی سەر ســنووری بوڵگاریا ڕێککەوتووە، بــەڵام هۆشــداریی دابــووە عومەر کــە بە هیچ شـێوەیەک باسـی ئــەو ڕێککەوتنــە لای کەس نەکات.

عەسکەری بە (ڕووداو)ی گوت: "کاژێر هەشتی شەو، لە تورکیاوە بەرەو بولگاریا جووڵەمان کرد. مــاوەی چوار کاژێر لە نزیک ســنووری تورکیا و بولگاریا لەنێو ئۆتۆمبێلێکــی بچووکدا ماینەوە. دواتــر لە ئۆتۆمبێلەکە دایانگرتیــن، دوای پێنج خولــەک لە چاوەڕوانی، ئۆتۆمبێلێکی دیکە هات و ئێمەیــان گەیانــدە ســەر ســنووری بولگاریا، ڕاستەوخۆ دەرگای گەورەی سنوور کرایەوە".

دوای گەیشــتنیان بــە خاکــی بولگاریــا، عەسکەری و ژمارەیەک کۆچبەری دیکە دەخرێنە نێــو ئۆتۆمبێلێکــی پۆلیس، ئــەوان بەبێ ترس ســواری ئۆتۆمبێلەکە بــوون، چونکە بۆ گرتنی ئەوان ئامادە نەکرابوو.

عومەر گوتی: "لەدوای گەیشتنمان بە خاکی بولگاریــا، ئۆتۆمبێلێکــی گــەورەی پۆلیــس لە چاوەڕوانیماندا بوو، ئێمەیان خستە نێو سەیارەی پۆلیس و بەشێوەیەکی زۆر خێرا ئێمەیان گەیاندە ســۆفیا، تەنانــەت ئێمەیان ڕادەســتی خانووی قەرەجەکانی سۆفیاش کرد".

عومــەر عەســکەری لەگــەڵ هاوژیــن و دوو منداڵەکــەی ڕێگــەی ئەوروپایــان گرتبووەبەر، لەنێو خانووی قەرەجەکانی سۆفیاوە، لە درێژەی قســەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتــی: "کاتێک لەنێو ئۆتۆمبێلی پۆلیس بووین، زۆر بەڕێز و بە جوانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین، بەڵام ئەوانیش پارەی باشــیان وەرگرتبوو. ئێمە هــەر یەکەمان 2500 دۆلارمــان بۆ قاچاخچی لە نووســینگە دانابوو، لەکاتێکــدا خەڵکی دیکە بــە 2000 دۆلار بەرەو بولگاریــا دەڕۆیشــتن. ئــەو 500 دۆلارە زیادەی ئێمــە درابوو بە پۆلیس. ئێمە 22 کەس بووین، کەواتــە 11 هــەزار دۆلار دراوە بــە پۆلیــس و ئەوانیش لەنێو خۆیان دابەشیان کردووە، ئەو بڕە پارەیە بۆ خەڵکی بولگاریا یەکجار زۆرە، چونکە پارەی خۆیان بەهای نییە".

گەرەنتییەکــەی قاچاخچی لــە تورکیا، هەر تاوەکو ســۆفیا بر دەکات، کۆچبــەرەکان دەبێ لەوێ زوو مشــووری خۆیــان بخۆن و قاچاخچی بدۆزنــەوە و ئەوێ جێبهێڵن، ئەگەرنا دوور نییە هــەر ئەو پۆلیســانەی دەرگایان بــۆ کردنەوە و بە ئۆتۆمبێلی خۆیان ئەوانیان گەیاندە ســۆفیا، دەستگیریان بکەنەوە.

لالە، ژنە کۆچبەرێکی باشــووری کوردستانە. ئــەو لەگــەڵ خانەوادەی لــە ڕانیــەوە چوونەتە تورکیا، لەوێ لەگەڵ قاچاخچییەک ڕێککەوتوون کــە بە گەرەنتــی بیانگەیەنێتە ســۆفیا. لالە لە زیندانی لۆبۆمێز بە (ڕووداو)ی گوت: "لە تورکیاڕا بۆ بولگاریا بە گەرەنتی و بە ڕێککەوتنی پۆلیس هاتین، لە ســنووری بولگاریــاوە بە ئۆتۆمبێلی پۆلیس گەیەنراینە ســۆفیا، بەڵام دوای 10 ڕۆژ مانەوە لە خانووی قەرەجەکان، لەلایەن پۆلیسی بولگاریاوە دەستگیرکراین".

هێمــن چاوڕەش، یەکێکە لەو کەســانەی کە بە ڕێککەوتنی پۆلیس و قاچاخچی گەیشتووەتە سۆفیا، بەڵام ئەویش لە دوای 12 شەو مانەوەی لــە هوتێلێکــی ســۆفیا، لەلایــەن پۆلیســەوە دەســتگیرکراوە و مــاوەی مانگێک لــە زیندانی "بۆســمۆس" ماوەتــەوە، ئینجا بــەرەو زیندانی "لۆبۆمێز"یان بەڕێکردووە.

ئــەو بــە (ڕووداو)ی گــوت: "دوو هەفتــە لە تورکیا خەریکــی پرســیارکردن و بەدواداچوون بــووم، وێــڵ و عەوداڵــی قاچاخچییەکــی باش بــووم کە بــە گەرەنتــی بمگەیەنێتــە ئەڵمانیا، لەگەڵ هەشــت قاچاخچی قســەم کرد تا لەگەڵ یەکێکیان ڕێککەوتم، ئەو گوتی: دڵنیابە لەگەڵ پۆلیس ڕێککەوتنمان هەیە و پۆلیس دەتگەیەنێتە سۆفیا".

کاژێر 8ی ئێوارەیەکی مانگی ئاب، هێمن و 18 کۆچبەری دیکە ئامادە دەکرێن بۆ ڕۆیشتن بەرەو بولگاریا. هێمن گوتی: "هەر هەموویان خستینە نێو پاسێکی بچووک، نزیکەی 5 سەعات ڕۆیشتین تا گەیشتینە ســەر سنووری تورکیا و بولگاریا، لەوێ دایانبەزاندین، هەموو شــتێک ڕێکخرابوو، پۆلیس دەرگای ســنووری بۆ کردینەوە، لەودیو ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس ڕاوەستابوو، بە سێ سەعات ئێمەیان گەیاندە سۆفیا".

ئەو کۆچبەرە باسی دەستگیرکردنیان دەکات و دەڵێــت: "ئێمە هــەر 18 کۆچبەرەکە چووینە هوتێلێک، 12 شەو لەوێ ماینەوە، پۆلیس بەسەر هوتێلەکەیدا دا و هەر هەموومانی دەستگیر کرد، ئێمەیــان بردە بنکــەی پۆلیس، یــەک بە یەک لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین، ئەوانەی تەمەنیان 18 ســاڵ بوو لە لێکۆڵینەوە گوتبوویان بەسەر تەلەکانی ســەر ســنووردا هاتووین، بەڵام چەند منداڵێکمــان لەگەڵ بــوون، ئەوان ڕاســتگۆیانە گوتبوویان دەرگای سنووریان بۆ کردینەوە و بە ئۆتۆمبێلی پۆلیس هاتین بۆ ئێرە".

ئیفــادەی منداڵــەکان بــەس بوو بــۆ ئەوەی هەڵوێســتی نەرمونیانــی پۆلیــس بەرامبــەر کۆچبەرەکان بگــۆڕێ. هێمن دەڵێــت: "لەدوای قســەی ئــەو منداڵانە، پۆلیســەکان بــە توندی مامەڵەیان لەگەڵ کردین. من و کوڕێکی دیکەیان جیاکــردەوە و گوتیــان دەبێ لەگەڵمــان بێن و بچینــەوە ئەو شــوێنەی کە پێیدا هاتــوون، بە ناچاری ئێمەیان بردە سەر سنوور و بەبێ زانیاری لە شوێنێکەوە گوتمان لێرەوە هاتووین. لەدوای دوو ڕۆژ جارێکــی دیکە ئێمەیــان بردەوە هەمان شوێن و زۆر بەوردی پرسیاریان لێکردین، چەندی مانــگ بەڕێکەوتــوون؟ لەکوێڕا هاتــوون؟ کاژێر چەند گەیشتنە ســنوور؟ چەند پۆلیس دەرگای لــێ کردنــەوە؟ بەژن و باڵای پۆلیســەکان چۆن بوو؟ چ ئۆتۆمبێلێکیان بەکارهێنا بۆ گواستنەوە؟ جگە لــە پۆلیس کێی دیکەتــان بینی؟ وەڵامی پرســیارەکانمان دانەوە، ئەگەرچــی وەڵامەکان دروست نەبوون، چونکە لەکاتی هاتنمان زۆر بە وردی لــە دەوروبەرمــان نەدەڕوانی، زۆر بە پەلە بووین بگەینە سۆفیا".

کاتێــک (ڕووداو) قســەی لەگەڵ هێمن کرد، نزیکەی ســێ مانگ بوو گیرابــوو، دیاریش نییە کەی ئازاد دەکرێ. هێمن گوتی: "ئەگەر ئاشکرا نەبووایــە کە بە ڕێککەوتنی پۆلیس هاتووینەتە بولگاریا، هێندە لێرەیان نەدەهێشــتینەوە و بە توندیش مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکردین".

# یۆنان.. شوێنی گیرخواردنی کۆچبەران

زامدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

هەموو خەون و خەیاڵی هێدی گەیشتنە بە ئەوروپا، ســێ جار کوردســتانی بەرەو ئەوروپا جێهێشتووە. لە دوو جاری سەرەتادا سەرکەوتوو نەبــوو، جاری ســێیەم، تورکیای بــەرەو یۆنان جێهێشــت و دوو مانــگ و نیــوە لە ئەســینای پایتەخــت گیــری خــواردووە و ڕێگــەی چوونە ئیتاڵیای نییە.

هێــدی ئیســماعیل، ســاڵی 2015 لــە کوردســتانەوە بــە ئاواتــی گەیشــتنە ئەوروپا بەڕێکــەوت، وەلــێ لەســەر ســنووری تورکیا و یۆنان، لەلایەن پۆلیســی تورکیاوە دەستگیرکرا و دیپۆرتی کوردستان کرایەوە. ساڵی دواتر و بۆ جــاری دووەم ڕووی لــە تورکیا کردەوە، لەدوای چەند جارێک هەوڵدان، هەر نەگەیشــتە یۆنان و بە ناچاری گەڕایەوە کوردستان.

هێــدی لە ســەرەتای مانگی ئابی ئەمســاڵ، دیســان لــە هەولێــرەوە بــەرەو ئیســتانبوڵ بەڕێکەوت، ئەمجارەش لەناو شاحینە لەگەڵ 40 کۆچبەری دیکە دەســتگیرکرا، بەڵام خۆی وەکو سووری بە پۆلیس ناساند، لەبەرئەوە ئازاد کرا.

ئــەو کۆچبەرە چیــرۆک و سەرگوزەشــتەی ڕۆیشــتن و خراپیــی دۆخــی ژیانــی لــە یۆنان بــۆ (ڕووداو) گێڕایــەوە و گوتــی: "لــە تورکیا پەیوەندیمان بە قاچاخچییەوە کرد و لەدوای 40 شــەو لە چاوەڕوانی، 75 کۆچبەری کورد و دوو کۆچبــەی فارس و دوو کۆچبەی پاکســتانی لە ئیستەنبوڵەوە بە شاحینە بەڕێکەوتین، لەدوای نزیکەی چوار کاژێر گەیشــتینە ئەدرنە، بەپەلە دەستمانکرد بە ڕۆیشتن، بە دەشتاییەکی چۆڵدا و بەنێو داروزەوەندێکی زۆر چڕوپڕدا گەیشــتینە ئاوبڕی سنووری تورکیا و یۆنان".

ئــەو کۆچبــەرە بــڕی 2200 دۆلاری لــە نووســینگە داناوە لەپای گەیشــتنی بە یۆنان. وەلێ لەسەرەتاوە لەلای ئاوبڕی سنوور، کێشە و ئاریشە ڕووی تێکردوون، لەو 75 کۆچبەرە تەنیا حەوت کۆچبەریان سەڵت بوون، ئەوانی دیکە ژن و منداڵیــان لەگەڵ بووە. ســەرەتا ئەو گەنجانە و ســێ کەســی دیکە لە ئاوەکە پەڕینەوە، واتە 10 کۆچبەر لەنێو بەلەمێکدا، ئەگەرچی جێگای پێنج کــەس دەبووەوە، لــەدوای پەڕینەوەیان و بڕینی سنووری یۆنان، بەلەمەکەیان ناردووەتەوە بەری تورکیا و بە گوریسێک بەلەمەکەیان بە 10 کۆچبەرەوە ڕاکێشاوە، بەمشێوەیە ژن و منداڵ و پیاوەکانی سنووری تورکیایان ڕادەکێشا، لەدوای ڕاکێشانی سێ بەلەم، گوریسەکەی دەستیان پسا و کەڵکــی ڕاکێشــانی 40 کۆچبەرەکەی دیکەی نەما. لەبەرئــەوە، ڕێبەرەکەیان بــە مەلەکردن، بەلەمەکەی دەهێنا و کۆچبەرەکانی لە سنووری یۆنــان دادەبەزاند. بەمجۆرە چــوار بەلەمەکەی دیکە گەیاندرانە نێو خاکی یۆنان.

لــە ســنوورەوە بەخێرایــی خۆیــان گەیاندە گوندێکی بچووکی سەر سنوور، لەدوای نیو کاژێر لە چاوەڕوانی، شــاحینەی یۆنانی هات و ســوار بــوون و حــەوت کاژێر ڕێیان کرد تا گەیشــتنە شاری ســالۆنیک، لە ئۆتۆبانێکی چۆڵ و خاڵی لە هەموو شــتێ دایانبەزانــدوون. هێدی دەڵێ: "کەس بە کەس نەبوو، دەتگوت ڕۆژی حەشرە، کەس ئاگای لە کەس نەما، نەشارەزا و بێکەس هەمــووی لــە دەوری یــەک خڕبوونــەوە. دوای ماوەیەکی کەم، پۆلیسی یۆنانی هاتن و گشتمان دەستگیرکراین".

ئــەو کۆچبــەرە پێــش ئــەوەی کوردســتان بەجێبێڵێ، پێشمەرگە بووە، ئێستاش لە ترۆپکی ماندوویی و بێتاقەتیدا قسە دەکا. ئەوان دوو ڕۆژ لە زیندانێکی وەکو خۆی گوتەنی پیس و بۆگەن، بەند کراون. پاشان مۆڵەتی مانەوەی مانگێکیان پێدراوە. هێدی دەســتبەجێ لەگەڵ هاوڕێیەکی تکتی پاسی نێوان سالۆنیک و ئەسینای بە 45 یــۆرۆ بڕیــوە و کاژێر 11ی شــەو بەڕێکەوتووە، لەدوای حەوت کاژێر، گەیشتە ئەسینا.

ئەو کۆچبەرە دیمەنی دیوارە نووســراوەکانی ناو زیندانی لەبیرە، بەتایبەتی ئەو تێکستەی لە بیری خۆیدا تۆمار کردووە کە نووسراوە: "چوومە هەر وڵاتێک، بە زیندانەکانی ئاشــنا بووم، نەک بەخۆشی و ئازادییەکەی، نەفرەت لەم ژیانە".

هێدی ڕۆژانە سەردانی ئەم کافێ و ئەو کافێ دەکات بۆ ئەوەی قاچاخچییەکی باش بدۆزێتەوە و بیگەیەنێتــە ئیتالیــا، ئەگەرچی بەشــێک لە قاچاخچییــەکان دەڵێن بە نزیکــەی 6000 یورۆ دەتنێرین، بەڵام ئەو ڕێککەوتنانە ســەرناگرێ و باوەڕی وایە تەواوی قسەکانیان درۆیە.

ئــەو کۆچبــەرە مــاوەی دوو مانــگ و نیــوە چاوەڕوانە و دۆخی دەروونی و جەستەیی خراپ و شپرزەیە، لەلایەک لە چاوەڕوانیی ڕۆیشتندایە و لەلایەکــی دیکــەش ڕۆژانــە خەرجییەکی زۆر دەکات، بە هۆتێل و خەرجیی خواردن.

هێدی، تەنیا دوو ڕێگەی بۆ جێهێشتنی یۆنان لەبەردەمدایە، یەکەمیان ڕێگەی ئاوییە بە یەخت کــە 50 — 70 کۆچبــەر دەخزێننــە ناوی و 48 کاژێر لەنێو ئاودا دەبن. ڕێگەی دووەم، ڕۆیشتنە لەڕێگەی شاحینەوە، بۆ ئەومەبەستەش پێویستە بچێتــە گۆڕەپانی کۆمەنزیا کــە حەوت کاژێر لە ئەسیناوە دوورە، لە کۆمەنزیاش دەرفەتی چوونە نێو شاحینە زۆر کەمە، ئەگەر بچنە نێو شاحینە، شاحینەکە دەچێتە نێو باخیرە و بە نزیکەی 12 کاژێر دەگاتە ئیتالیا. هەر کۆچبەرێکیش بچێتە کۆمەنزیــا و دەســتگیر بکرێ، لەســەر خەرجی خۆی دەیگەڕێننەوە ئەسینا.

هێدی دڵتەنگ و خەمبــارە، ئایندەی ناڕوون و نادیــارە، پێیانگوتــووە تا ســاڵی نوێ بەهیچ شــێوەیەک ڕێگــەی ڕۆیشــتن نییــە و ڕێگاکان داخراون. لەهەمانکاتدا، مانگ و نیوێکە بە قاچاخ لە یۆنان ماوەتەوە، چونکە تەنیا دەرفەتی یەک مانگ مانەوەیان پێدابوو، ئەگەر دەستگیر بکرێ، ڕەنگە بۆ ماوەی دوو مانگ بەند بکرێ.


هێدی مۆڵەتی یەک مانگی پێدراوە یۆنان جێبهێڵێت

ڕووداو
ژنان
ژمارە (484) - دووشەممە 2017/12/4



## کچە کۆچەرییەکی کورد ناوبانگ پەیدا دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

کچە کۆچەرییەکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە یاریزانێکی ناسراوی یاریی کینگ بۆکسینگ لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران. سووسەن ڕەشیدی کە لە بنەماڵەیەکی کۆچەری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. یاریزانێکی ناسراوی کیک بۆکسینگی ئێرانیشە. سووسەن 11 جار قارەمانی کیک بۆکسینگی ژنانی وڵاتی ئێرانی بەدەستهێناوە. ئێستاش بۆ بەربەرەکانی دەرەوەی سنوورەکانی ئێران خۆی ئامادەدەکات. سەرەڕای دژوارییەکانی کۆچنشینی و هاتوچۆی وەرزی لەنێوان پارێزگاکانی کرماشان و خووزستان بۆ بژێوی ژیان، بەڵام سووسەنی پاڵەوان بە ئەوین و تامەزرۆییەوە بۆ ئاواتە بەرزەکانی بەردەوام تێدەکۆشێ

## دەڵێت ویستوویەتی دەستدرێژیم بکاتە سەر

# ژنێک شوانێک دەکوژێت

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

هاوژین نەوزاد، تەمەن 30 ساڵان و دانیشتووی گوندی خەرکنێی سەر بە ناحیەی مەیدان لە گەرمیان، ساڵێک و دوو مانگ لەمەوبەر لە ڕووداوێکی گوماناویدا تەقەی لە گەنجێک کرد بەناوی عوسمان ڕەشید کە تەمەنی 24 ساڵ بوو. گەنجەکە کوژرا و هاوژین دادگایی کرا و سزای 15 ساڵ بەندکردنی بۆ بڕایەوە، بەڵام هاوژینەکەی پێیوایە نادادپەروەری لەو حوکمەدا هەبووە.

هاوژین، هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەحمەد فەرەج، تەمەن 38 ساڵان کردووە و خاوەنی کچێک و کوڕێکی تەمەن 11 مانگەن کە کوڕەکەیان لە زیندان لەدایکبووە و ئێستا لە زیندان لەگەڵ دایکێتی.

ئەحمەد بە (ڕووداو)ی گوت: "ماوەی سێ ساڵ و نیوە لەگەڵ هاوژین کە کچی خاڵمە، هاوسەرگیریمان کردووە. لەو ماوەیە هیچ کێشەیەکمان نەبوو، دەوامەکەی من هەفتە بە هەفتەیە، لە دەوام بووم، کاژێر سێی پاش نیوەڕۆ هاوژین تەلەفۆنی کرد و گوتی خێرا وەرەوە ماڵەوە، تەقەم لە پیاوێک کردووە. دەوامەکەم لە دەربەندیخان بوو، خێرا گەڕامەوە ماڵەوە، بینیم تەقەی لە کوڕێکی عەرەب کردبوو کە خەڵکی مەندەلییە، بە برینداری خۆی گەیاندبووە گەرماوی ماڵی دراوسێکەمان و لەوێ کەوتبوو".

> ## له نێو زیندان منداڵی دەبێ

هاوژین باسی هۆکاری تەقەکردنەکەی بۆ ئەحمەد کردووە و پێیگوتووە کە ئەو پیاوە سێ جار ویستوویەتی بێتە حەوشەی ماڵەکەیان و دەستدرێژیی بکاتە سەر، بۆیە تەقەی لێکردووە.

دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانەی دەربەندیخان، پیاوەکە بەهۆی سەختیی برینەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێت و ڕۆژی دواتر دەمرێ.

هاوژین لە سەرەتای دەستگیرکردنی دان بە تاوانەکەیدا دەنێت و دەڵێت ئەو پیاوە هەوڵیداوە دەستدرێژیی بکاتە سەر، بۆیە بەرگریی لەخۆی کردووە و تەقەی لێکردووە. دوای ساڵێک و دوو مانگ مانەوەی لە گرتووخانەی کەلار، دادوەر حوکمی 15 ساڵ بەندکردن بەسەر هاوژیندا دەسەپێنێ.

دایک و باوکی عوسمان لەبەردەم دادگا گوتیان کە کوڕەکەیان بۆ ئەوە چووەتە لای ماڵی هاوژین تا پێیان بڵێت سەرەی ئاوی ئێمەیە، تەنانەت نەشچووەتە ژوورەوە، بۆیە کوڕەکەی ئێمە بێتاوان کوژراوە و سکاڵایان تۆمار کردووە، دواتر لەڕێگەی سوڵحی عەشایەری بەبڕی 25 هەزار دۆلار لە مافی کوڕەکەیان خۆشبوون، بەڵام هاوژین بەهۆی مافی گشتی لەسەری، ئازاد نەکرا.

هاوژین لە بڕیاری دادگا ناڕازییە و داوا دەکات یاسا چاو بە سزاکەیدا بخشێنێتەوە، چونکە ئەو خۆی لە دەستی پیاوەکە ڕزگار کردووە بەرگری لە خۆی کردووە.

ڕائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لەبارەی کەیسەکەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2016/9/22 ئاگادار کراینەوە لە حاڵەتێکی تەقەکردن لەلایەن ئافرەتێکەوە لە پیاوێکی عەرەب. ئەو ژنە بەگوتەی خۆی بەرگریی لە خۆی کردووە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەکان کەسی تاوانبار تەنیا ترساوە و کوژراوەکە نەهاتووەتە نێو ماڵەکەی، هیچ ئازارێکی نەداوە و چەکیشی پێنەبووە".

دەشڵێت: "سەرەتا سێ کەس بەهۆی تاوانەکەوە دەستگیرکران، ئەوانیش هاوژین و ئەحمەدی هاوسەری و گومانلێکراوێکی دیکە بوو کە دانیشتووی گوندەکەیە، بەڵام دوای چەند مانگێک بەهۆی نەبوونی بەڵگە لەسەر ئەو دووانە، ئازاد کران. هاوژینیش بەپێی ماددەی 405 لە یاسای سزادان بە 15 ساڵ بەندکردن سزا درا".



هاوژین بە تاوانی کوشتنی شوانێکی عەرەب بە 15 ساڵ بەندکردن حوکمدراوە

## کەسوکارەکەی هەڕەشە لە مێردەکەی دەکەن

# ژنێک سێ هەفتەیە بێسەروشوێنە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو - هەولێر**

ژیانی هاوژین و ڕێناس، هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای کێشە دامەزرابوو، کەسوکاریان بەو هاوسەرگیرییە ڕازی نەبوون، بەڵام ڕێناس دەستی هاوژینی گرت و کورد گوتەنی هەڵیگرت. تەمەنی هاوژین هی ئەوە نەبوو لە دادگا مارە بکرێ، بۆیە بەناچاری پەنایان بۆ مەلایەک برد.

هەڵهاتنی هاوژین لەگەڵ ڕێناس، بووە گرێکوێرەی نێوان هەردوو بنەماڵە و سوڵحیان نەکرد، بەڵام هاوژین بەهۆی ئەوەی تەمەنێکی کەمی هەبوو، نەیدەتوانی لە دووری کەسوکارەکەی بژی، بۆیە چەند جارێک هەوڵی گەڕانەوە بۆ ماڵە باوانی دەدات، بەڵام بێ سوود بوو.

### هاوسەرگیری لە تەمەنی 14 ساڵیدا

ڕێناسی تەمەن 23 ساڵ، پێشمەرگەیە، باسی سەرەتای ناسینی هاوژین دەکات و دەڵێت "لەڕێگەی ماڵی پوورییەوە کە دراوسێمان بوو ناسیم، هاوژین زۆر دەهات بۆ ماڵیان، منیش خۆشمویست، ماوەی ساڵێک بوو پەیوەندیمان هەبوو، چەند جارێک داوام کرد، بەڵام نەیاندامێ، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە بنەماڵەکانمان پێشتر بەیەکەوە کێشەیان هەبووە، بۆیە چوار ساڵ لەمەوبەر هەڵمگرت، ئەوکات هاوژین تەمەنی 14 ساڵان بوو".

هاوژین بەهۆی کەمیی تەمەنیەوە هەر زوو مەیلی گەڕانەوە بۆ لای کەسوکاری هەراسانی دەکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەسوکارەکەی حاشای لێدەکەن، ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ لایان، هەرچەند چەندین جار داوای سوڵح دەکەن، بەڵام ماڵی باوکی ڕازی نابن.

دوای دوو ساڵ لە ڕاکردنیان، هاوژین و ڕێناس دەبنە خاوەنی کچێک، بەڵام ڕێناس دەڵێت "ڕۆژێک بەبێ ئاگاداری من، کچەکەم و تەنانەت چەکی پێشمەرگایەتییەکەشمی بردبوو و ماڵەوەی بەجێهێشتبوو، زۆر بەدوایدا گەڕام، بەڵام نەمدۆزییەوە. هەر ئەو ڕۆژەی ئەوان ونبوون، تەرمی ژنێک کە کچێکی لە تەمەنی کچەکەمی لەگەڵدا بووە لە نزیک کۆیە دۆزرایەوە، لە پزیشکی داد چوومە سەر تەرمەکەی بینیم ڕوخساری شێوێندرابوو، دواتر دەرکەوت هاوژینەکەم نییە".

دوای 25 ڕۆژ هاوژین و منداڵەکەی دەگەڕێنەوە. ڕێناس دەڵێت "زۆر پرسیارم لێکرد کە بۆ کوێ چووە، بەڵام وەڵامی نەدامەوە، تەنیا ئەوەندەی گوت کە چووەتە ڕانیە و لەوێ لەسەر شەقامەکان ماوەتەوە، چەکەکەشمی لەوێ فرۆشتبوو" ڕێناس پێیوایە ژنەکەی بەهۆی دووریی لە کەسوکارەکەی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە "چونکە بەمدواییانە دەستی کچەکەشمی سووتاندبوو".

### دووبارە ون دەبێتەوە

ڕێناس شەش ساڵە پێشمەرگەیە، بڕیار بوو ئێوارەی ئەو ڕۆژە دەوامی تەواو ببێت و بگەڕێتەوە ماڵەوە وەک خۆی دەڵێت "من لە دەوام بووم، کاژێر چواری ئێوارە بە مۆبایل قسەمان کرد هیچ کێشەیەکی نەبوو، باسی هیچی نەکرد، کاژێر 6:30ـی ئێوارە گەیشتمەوە ماڵەوە، بینیم کچەکەمانی لەلای دراوسێیەکمان داناوە و خۆی ڕۆیشتووە، زیاد لە 85 جار پەیوەندیم پێوەکرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکانی نەدەداوە، ئەوە سێ هەفتەیە بێسەروشوێنە و نازانم ڕووی لە کوێ کردووە و لەگەڵ کێ ڕۆیشتووە".

دەشڵێت: "لەم ماوەیەدا تەنیا یەکجار قسەمان کردووە، ئەویش دوای چوار ڕۆژ لە بێسەروشوێنبوونی بوو، پەیوەندی پێوەکردم و گوتی گەردنم ئازاد بکە و ئاگات لە کچەکەمان بێت، لەم ژیانە بێزارم، کاژێرێکی دیکە دەگەمە قەندیل، دەچم بۆ ناو پەکەکە، بەڵام بڕوای پێناکەم، هەستدەکەم دەیەوێت لێم دوورکەوێتەوە، بۆ ئەوەی من سۆراغی نەکەم".

### سکاڵا تۆمار دەکات

ڕێناس بەردەوامە لە گەڕان بەدوای ژنەکەیدا، ئەو دەڵێت "سکاڵا لەسەر هاوژینەکەم تۆمار کردووە و گومانیش دەکەم لە ماڵی خوشکێکی بێت لە کۆیە، بەڵام ئەوان حاشای لێدەکەن کە لەلای ئەوان بێت، لە بنکەی پۆلیسیش گوتوویانە نازانین لەکوێیە".

ڕێناس دەڵێت بەهۆی کچەکەیەوە وازی لە دەوامەکەی هێناوە و بەردەوام ئاگاداری ئەوە، بەڵام لەلایەن کەسوکاری هاوژینەوە هەڕەشەی لێدەکرێ. ئەو دەڵێت "کەسوکاری هاوژین دەڵێن ئەگەر هاوژین خوێن لە لووتی بێت، ئێمە تۆ دەکوژین".

ڕێناس لەڕێگەی ڕووداوەوە داوا دەکات هاوژینەکەی بگەڕێتەوە یان بۆی بگەڕێننەوە، چونکە وەک خۆی دەڵێت کچەکەم ڕۆژانە داوای دایکی دەکات، بۆیە داوا دەکات بەزەییان بەو منداڵەدا بێتەوە.



▲ هاوژین دووەم جارە هاوسەرەکەی جێدەهێڵێت

# کچێکی 24 ساڵان خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

کچەکەی شەمسەددین وەک باوکی باسی دەکات، تاوەکو نەبووە کچێکی هەرزەکار هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام دواتر بە جارێک دوورەپەرێز بوو لە کەسوکار و کۆمەڵگە، باوکی نێرگز پێیوایە ئەو دوورەپەرێزی و گۆشەگیرییە کچەکەی بەرەو مەرگ بردووە.

نێرگز شەمسەددین، تەمەن 24 ساڵ کە دانیشتووی گەڕەکی ماکۆکی کۆمەڵگەی سەروچاوەی سەر بە قەزای ڕانیە بوو، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەشی هەر لە شوێنی ڕووداوەکە گیانی دەرچوو. پۆلیس و تەندروستی دەڵێن بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەوان ئەو کچە نەخۆشیی دەروونی هەبووە.

باوکی نێرگز باسی ژیانی کچەکەی دەکات و دەڵێت: "کچەکەم بەمنداڵی زۆر باش بوو هیچ گرفتی نەبوو، بەڵام کە گەیشتە پۆلی نۆی بنەڕەتی هەستم پێکرد کە گۆشەگیرە و حەز بە شوێنی چۆڵ دەکات، بۆیە بردمانە لای چەند مەلا و شێخ و پیاوچاکێک، بەڵام ئەوان نەیانتوانی چارەسەری بکەن".

باوکی نێرگز ئەو قەناعەتەی لەلا دروست دەبێ کە چارەسەری کچەکەی لەلای پزیشکی دەروونییە، نەک شێخ و مەلا. شەمسەددین دەڵێت "لە هەولێر و سلێمانی بردمە لای چەند پزیشکێک، چارەسەریان بۆ نووسی، نێرگز وازی لە خوێندن هێنابوو، ئەمساڵ گوتی حەز دەکەم درێژە بە خوێندنەکەم بدەم، ئێمەش ناردمانەوە قوتابخانە، بەڵام تەنیا یەک مانگ دەوامی کرد و گوتی ناتوانم بەردەوام بم، بێزارم لە قوتابخانە و خوێندکارەکانیش. منیش پێمگوت کچی خۆم با بە ئارەزووی تۆ بێ، چۆنت پێ خۆشە وا بکە".

### شەوێک لە چیا ماوەتەوە

لە بنەماڵەکەی شەمسەددین، هیچ کەسێک نەخۆشیی دەروونی نییە، ئەو نازانێ کچەکەی بۆچی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە. شەمسەددین بەسەرهاتێکی کچەکەی گێڕایەوە و گوتی "ساڵی ڕابردوو لە ماڵەوە گوتبووی دەچمە لای باوکم لە کێڵگە. لە ماڵەوە تەلەفۆنیان کرد گوتیان نێرگز نەگەیشتە لای تۆ، منیش گوتم ناوەڵڵا، ئیدی پەشۆکاین، زۆر بەدوایدا گەڕاین نەماندۆزییەوە، ڕۆژی دواتر شوانێک تەلەفۆنی کرد و گوتی ئەوە کچەکەتان لە چیای ماکۆکە، حاڵی زۆر خراپە، هەرچەند قسەی لەگەڵ دەکەم گوێ لە من ناگرێ، زوو فریای بکەون. کە چووینە ئەوێ کەسی نەدەناسییەوە، پێڵاوەکانی فڕێدابوون. خاڵی لێی چووە پێشەوە، دەمێک قسەی لەگەڵ کرد، تاوەکو بیری کەوتەوە کە ئەوە خاڵیەتی".

> باوکی نێرگز:
> ## کچەکەم شەوێک لە چیای ماکۆک مابووەوە

شەمسەددین دەڵێت دوای ئەو ڕووداوە زیاتر لە جاران گرنگی بە تەندروستیی کچەکەی داوە، بەڵام دەڵێت "نێرگز کە تووڕە دەبوو زۆر بە خراپی لە دایک و خوشکەکانی دەدا، یان جامی پەنجەرەی دەشکاند، جارێکیان بەو هۆیەوە بریندار بوو، دەماری خۆی بڕیبوو، لە سلێمانی نەشتەرگەریمان بۆ کرد".

بەهۆی ئەو ڕەوشەی کچەکەی تێیدابوو، شەمسەددین بەردەوام خۆی یان کەسێکی ڕاسپاردووە چاوی لەسەر نێرگزبێ، نەوەک بەڵایەک بەسەرخۆی بهێنێ، بەڵام ئەوەی چاوەڕێیان نەدەکرد ڕوویدا.

شەمسەددین باسی ئەو ڕۆژە دەکات و دەڵێت: "نەوتمان لە تانکی بەتاڵ کرد، هەندێکیان بۆ بەردەست لە دەبەیەک کردبوو، لە شوێنێکی پارێزراو هەڵمانگرت بۆ ئەوەی نێرگز دەستی نەگاتێ، بەڵام دواتر نازانم چۆن نێرگز نەوتەکەی دۆزیبووەوە، چووبووە حەمام. نەوتەکەی بەخۆیدا کردبوو و ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە، سەبارەت بەو ڕووداوە گوتی "ئەو کچە 100% سووتابوو، بە نەوتیش خۆی سووتاندبوو، زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی دەیسەلمێنێ کە خۆی سووتاندووە". سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنەکەش، فەرمان گوتی "کەسوکاری کچەکە دەڵێن ڕاپۆرتی پزیشکییان هەیە کە کچەکەیان نەخۆشیی دەروونی هەبووە"



ڕێژەی سووتانەکەی نێرگز 100% بوو



## قومارچییەک دەکوژرێ

**ڕووداو- ڕانیە**

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند هاووڵاتییەک لە کاتی قوماركردندا تەقەی لێکراوە و کوژراوە. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی پۆلیسی ڕاپەڕین، ئەو ڕووداوە بەرەبەیانی ڕۆژی 2017/12/3 لە باخێکی نزیک کلکەی کۆڵێن لە ڕانیە ڕوویداوە. دوو هاووڵاتیی لە کاتی قوماركردن بەشـەڕهاتوون و یەکێکیان کوژراوە. بە گوتەی پۆلیس "هاووڵاتییەک بەناوی (ئا.ش) بە چەکی دەمانچە تەقەی لە هاووڵاتییەک بەناوی (ئـ.ع.ح.) تەمەن 39 سـاڵ دانیشـتوی کۆیە کردووە و برینداری کردووە، بەڵام دوای گەیاندنی بە نەخۆشـخانە بەهۆی سـەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەسـتداوە". سەبارەت بە تۆمەتبارەکەش پۆلیس دەڵێت دوای ڕووداوەکە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە.



**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

موقەدەمی مافپەروەر

## ترس تووشی کارەساتی کرد

ماوەیەکـی زۆر بەنهێنـی پەیوەنـدی بـەو کوڕەوە دەکرد کە خۆشیدەویست، بـەڵام نەیتوانی بـەو شـێوەیە درێژە بە پەیوەندییەکەی بدات، خوشـکێکی گوێی لە قسـەکانی دەبێ، هەڕەشەی لێدەکات کە بـە براکەی دەڵێت، بۆیـە ئەویش لە ترسان ڕادەکات، بەڵام لە دەرەوە تووشی بـە تووشـی گورگێکـەوە دەبـێ کـە لە پێستی مەڕدا خۆی حەشارداوە.

لە یەکێک لە نەخۆشـخانەکانی شاری هەولێر پەیوەندیان پێوەکردین کە کچێک لە کێشـەدایە، کاتێک سـەردانمان کرد، بینیمـان ڕەوشـی هێندە خراپـە توانای قسـەکردنی نییە، بۆیـە چاوەڕێمان کرد تاوەکو چارەسـەری پێویستی وەرگرت و ڕەوشی تەندروستی کەمێک باشتر بوو.

لێمـان پرسـی کێشـەت چییـە و بۆ وات بەسـەرهاتووە؟ لـە وەڵامـدا گوتی: "پەیوەندیـی خۆشەویسـتیم لەگـەڵ کوڕێـک هەبـوو، ڕۆژێکیـان کە قسـەم لەگـەڵ خۆشەویسـتەکەم دەکـرد، خوشـکەکەم وەژوور کـەوت و ئاشـکرا بـووم. ئەو یەکسـەر هەڕەشـەی لێکردم کـە بە براکەمـان دەڵێت، ئیـدی منیش لە ترسـان هەڵاتم، یەکەمجاریشم بوو بە تەنیـا لە مـاڵ بچمە دەرەوە، شـارەزای هیچ شوێنێک نەبووم. بیرم لەوە کردەوە پەنا بۆ کەسـێک ببـەم یارمەتیم بدات و بمباتـە شـوێنێکی پارێزراو. لـە دەرەوە پیاوێکم بینـی داوای هاوکاریم لێی کرد، ئەویش گوتی بەسـەرچاو ئێستا دەتبەمە شـوێنێکی پارێزراو، لەگەڵی سەرکەوتم، ئاراستەی ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلەکەی بەرەو دەرەوەی شار بوو، ترسم لێ نیشت. دواتر بۆم دەرکەوت ناحەق نەبووم کە بترسـم. نەمزانـی ئەو پیـاوە گورگێکە و خۆی لە پێسـتی مەڕدا شـاردووەتەوە. منی بردە دەرەوەی شار لە نێو خانوویەک دانام و دەرگای لەسـەر داخستم و پێیگوتم پاش کەمێکـی دیکـە دەگەڕێمـەوە، بەڵام کە گەڕایەوە وەکو وەحشـێک بەربووە گیانم و دەستدرێژی کردە سەرم. دوای دوو ڕۆژ لە نزیک شار بەرەڵڵای کردم. ئەمجارەیان نەوێـرام داوای هـاوکاری لە هیچ پیاوێک بکـەم، ئافرەتێکم بینی و داوای یارمەتیم لێی کرد، ئەویش لە ترسـان نەوێرا هیچم بۆ بکات، منی لە نزیک نەخۆشخانە دانا و ڕۆیشت. ئیدی خۆم هاتمە نەخۆشخانە".

زۆر پرسـیارمان لێـی کـرد لەبـارەی پیاوەکە، ناونیشـانەکەی، بەڵام ئەو کچە بەڵگەیەکـی وای لـەلا نەبـوو کـە ببێتە هۆکاری زوو دۆزینەوەی کەسەکە، چونکە ئـەو پیـاوە هیـچ ناونیشـانێکی خۆی، ژمـارە تەلەفۆن، تەنانەت ناوی خۆشـی پێنەگوتبـوو، کچەکـەش بیـری بۆ ئەوە نەچووە وێنەیەکی پیاوەکە یان شوێنەکە، یان ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەی بگرێ.

پـەڕاوی لێکۆڵینـەوە بـۆ دۆسـیەکە کرایـەوە و ڕەوانەی بـەردەم دادوەر کرا، دادوەریـش بەپێـی مـاددە 393 بڕیاری دەسـتگیرکردنی بـۆ ئـەو پیـاوە دەکرد کە دەسـتدرێژیی کردبووە سـەر کچەکە. دواتـر پەیوەندی بە دایک و باوک و برای کچەکەوە کرا کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ئامادەبن، بەڵێننامەیان لێوەرگیرا کە هیچ کاردانەوەیەکـی توندیان بەرامبەر کچەکە نەبێ، چونکە ئەوەی بەسەری هاتووە لە دەسەڵاتی خۆی نەبووە، بۆیە بەڵێنیان دا هیچی لێنەکەن و لەگەڵ خۆیان بردەوە.

هەڵەی ئەو کچە لەوەدا بووە یەکسـەر لەژێر هەڕەشەیەکی سادەی خوشکەکەی، ڕایکـردووە. دەبووایـە قسـە لەگـەڵ خوشکەکەی بکات و قەناعەتی پێ بهێنێ کە ئەو نهێنییە لەلای براکەی باس نەکات. خوشکەکەشـی ئەگەر ئەو پەیوەندییەی پێ هەڵە بووە، دەکرا بۆی ڕوون بکاتەوە کـە بۆچـی پەیوەندییەکـەی هەڵەیـە و ئامـۆژگاری بـکات کـە دەسـتبەرداری پەیوەندییەکـە ببێ، نەک هەڕەشـەی لێ بکات. یان پشـتگیری خوشکەکەی بکات بۆ ئەوەی بەو کوڕە بگات کە خۆشیدەوێ.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## چونکە چووەتە سەر ماڵێک

# لە گوندێکی پشدەر گوێچکەی پیاوێک دەبڕن

**ڕووداو- ڕاپەڕین**

لـە یەکێـک لـە گوندەکانـی سەنگەسـەری سـەر بـە قـەزای پشـدەر پیاوێـک لـە نیوەشـەودا دەچێتـە سـەر ماڵێـک، لـە ماڵەکـەدا لەگـەڵ ژنێـک دەبینـرێ، دواتـر پیاوەکـە لەلایـەن کەسـوکاری ژنەکـەوە دەستبەسـەر دەکـرێ و گوێچکەیەکـی لێدەکرێتـەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر بە گوێچکەی بڕاوەوە دەیهێڵنـەوە، پاشان هێزێکی ئەمنی، ژنەکـە و پیاوەکـە لـە ماڵەکـە دەردێنـن و ڕەوانـەی نەخۆشـخانەیان دەکـەن.

ئـەو پیـاوە کـە تەمەنـی 21 سـاڵە، خێزانـدارە و دانیشـتووی هەمـان ئـەو گوندەیە کـە ڕووداوەکـەی لـێ ڕوودایە، کاژێـر یەکـی نیوەشـەوی 2017/12/2 چووەتـە ئـەو ماڵـە، لەگـەڵ ژنێکـی ماڵەکـە کـە هاوژینەکـەی شـوان بـووە و لـە دەرەوە بـووە، بینـراوە. لـە سزای ئـەوەدا گوێچکـەی چەپـی لێکراوەتـەوە.

عەلـی کە بەنـاوی بنەماڵـەی ئـەو پیاوەوە قسـەی بۆ (ڕووداو) کـرد، گوتـی: "کێشـەکە کۆمەڵایەتییـە و هـەر لـە ڕێگـەی پیاوماقوڵانـی هـەردوولاوە بـە زوویـی چارەسـەر کـرا و ڕێگەیـان لـە گەورەبوونـی کێشـەکە گـرت".

بـەڵام عەلـی ئامـادە نەبـوو وردەکاریـی کێشـەکە بـاس بـکات.

سـەرچاوەیەکی ئـاگادار لـەو گونـدەی ڕووداوەکـەی لـێ قەومـاوە، بـەو مەرجـەی نـاوی بڵاونەکرێتـەوە، وردەکاری کێشـەکەی بـۆ (ڕووداو) باسـکرد و گوتـی: "ئـەو پیـاوە چووەتـە سـەر ماڵـی کەسـێک کـە شـوانە لـە گوندەکەمـان، ئـەو شـوانە شـەو لـە دەرەوە بـووە و لەدیـار ئاژەڵەکانـی بـووە. ماڵیشـی هـەر لەگـەڵ ماڵـی باوکیەتـی، لەبـەر ئـەوەی کـوڕە تاقانـەی باوکیەتـی، بۆیـە ماڵـی جیانەکردووەتـەوە، بـەڵام لـە کاژێـر یەکـی نیوەشـەودا کەسـێک کـە خەڵکـی گوندەکەمانـە، چووەتـە نـاو ماڵەکـە و لـەوێ لـە ژوورێکـدا لەگـەڵ ژنـی شـوانەکە بـۆ ماوەیـەک پێکـەوە ماونەتـەوە".

بـە گوتـەی ئـەو سـەرچاوەیە "پاشـان ماڵـی شـوانەکە بەوەیـان زانیـوە، بۆیـە سـێ کەسـی بنەماڵەکەیـان یەکسـەر بەسـەریاندا دەدەن و دەرگایـان لەسـەر دادەخـەن، لـەوێ زۆر لـە هاوژینـی شـوانەکە دەدەن و دەسـتێکی دەشـکێنن، ئینجا گوێچکـەی چەپـی پیاوەکـەش دەبـڕن، ئەمـەش لـە تۆڵـەی ئـەوەی حەرەمـی ئـەو ماڵـەی بەزانـدووە و ئابـڕووی بـردوون".

ئـەو سـەرچاوەیە پێیوایـە کـە هاوژینـی شـوانەکە پەیوەنـدی لەگـەڵ پیاوەکـە هەبووبـێ بۆیـە ڕێگـەی پێـداوە بـەو شـەوە بچێتـە لای.

لـە کۆمەڵگـەی کوردیدا بینینـی ئافرەتێـک لەگـەڵ پیاوێـک بەتایبەتـی ئەگـەر ئافرەتەکـە مێـردی هەبـێ، زۆربـەی جـاران کارەسـاتی گـەورەی لێکەوتووەتـەوە، تاوەکـو ڕادەی کوشـتنی ژنەکـە و پیاوەکـە، هەندێکجاریـش بـە تەنیـا ژنەکـە، چونکـە پێیانوایـە بـە کوشـتنی ژنەکـە شـەرەفی بنەماڵەیـان دەکڕنـەوە. لەسـەر کوشـتنی لـەو جـۆرە پێشـتر ئەگـەر بکوژەکـە دەسـتگیریش کرابـا، سـزایەکی سـووک دەدرا، بـەڵام ئێسـتا ئـەو یاسـایە گـۆڕاوە و کوشـتنی ژن لەژێـر هـەر بیانوویـەک بـێ، وەکـو کوشـتنی بـە ئەنقەسـت مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـرێ.


ئـەو سـەرچاوەیە زانیـاری زیاتـری لەبـارەی ڕووداوەکـە ئاشـکرا کـرد و گوتـی: "ئـەو سـێ کەسـە گوێچکـەی چەپـی پیاوەکەیـان بـە تەواوەتـی لێکردووەتـەوە، پاشـان گوێچکـە بڕاوەکەیـان ون کـردووە، بـۆ ئـەوەی دواتـر نەتوانـێ گوێچکـە بڕاوەکـەی بـە نەشـتەرگەری بلکێنێتـەوە، تاوەکو بەرەبەیانیش لـەلای خۆیان هێشتوویانەتەوە. دوای ئـەوەی هێـزە ئەمنییـەکان لـە ڕووداوی دەستبەسـەرکردنی ژن و پیاوەکـە ئـاگادار دەکرێنـەوە، هێزێکـی ئەمنـی فریایـان دەکـەوێ و ڕزگاریـان دەکات".

ئـەو سـەرچاوەیە دەڵێـن خەڵکـی ئاواییەکـە نیگەرانـن لـەو ڕووداوەی لـە گوندەکەیـان ڕوویـداوە، زۆر پەسـنی بنەماڵـەی هـەردوولا دەدات و دەڵێـت: "خێزانـی پیاوەکـە و ژنەکـەش خێزانێکـی زۆر باش و بـێ کێشـەن، ڕووداوەکەیـان زۆر بـەلاوە ناخـۆش بـووە، کـەس هەسـتی بـەوە نەکـردووە کـە ئـەو ژن و پیـاوەی هەردووکیـان منداڵیشـیان هەیـە، پەیوەندیـی نهێنییـان هەبووبـێ. ئـەو ژنـە پێشـتر بـە خواسـتی خـۆی شـووی بـەو شـوانە کـردووە، نێوانیشـیان زۆر خـۆش بـووە، نازانیـن بۆچـی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەو پیـاوە دانـاوە".

سـەبارەت بـە بڕینـی گوێچکـەی ئـەو پیـاوە، سـەرچاوەکە دەڵێـت ئـەوان نیگەرانـن لـەو هەڵسـوکەوتە، دەکرا بەشێوەیەکی دیکە بیـر لـە چارەسـەر بکەنـەوە و پەنـا بـۆ یاسا ببـەن و ژن و پیاوەکـە کـە کارەکەیـان دەچێتە چوارچێـوەی خیانەتـی خێزانی، بەپێی یاسا سـزادرابان، نـەک بـەو شـێوەیە ئـەو پیـاوە ئەتـک بکـرێ.

فەرمـان ئەحمـەد پیـرۆت، بەڕێوەبـەری کارگێڕیـی نەخۆشـخانەی گشـتیی ڕانیـە، پشتڕاسـتی کـردەوە کـە ئـەو ڕووداوە لـە گوندێکـی دەڤەرەکەیـان ڕوویـداوە. فەرمـان ئەحمـەد بـە (ڕووداو)ی گـوت: "ڕۆژی 2017/12/2 لەگـەڵ دەسـتپێکردنی دەوام دوو برینـدار کـە ژنێـک و پیاوێـک بـوون، لەژێـر چاودێریـی هێزەکانـی پۆلیـس هێنرانە نەخۆشـخانەکەمان، لـە بەشـی فریاکەوتـن چارەسـەری سـەرەتایی بۆ پیاوەکـە کرا کـە گوێچکـەی چەپـی بـە تـەواوی بـە چەقـۆ بڕدرابـوو، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی گوێچکەکـەی ونکرابـوو، نەتوانـرا نەشـتەرگەریی لکاندنـەوەی گوێچکەکـەی بـۆ بکـرێ".

گوتیشـی "بەهـۆی ئـەوەی برینداربوونـی ژن و پیاوەکـە لەسـەر کێشـەیەکی کۆمەڵایەتـی بـوو، هەردووکیـان نێـردران بـۆ پزیشـکی دادوەری بـۆ ئـەوەی پشـکنینی دیکەیـان بـۆ بکـرێ".



بە سێ کەس گوێچکەی پیاوەکەیان بڕیوە و پاشان ونیان کردووە

# گەیلان لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا کوژرا

**عومەر چاوشین**

**ڕووداو- کۆیە**

گەیلان تاپڕەکـەی کـردە شانی و لەگـەڵ دوو مێرمنـداڵ کـە لـە خـۆی بچووکتـر بـوون، بـە مەبەسـتی ڕاوە باڵنـدە ڕوویان لـە باخەکانـی دەوروبـەری ئاواییەکەیان کـرد، بـەڵام زۆری نەبرد بـە تاپڕەکـەی خـۆی پێکرا و بەرلـەوەی بگەیەنرێتـە نەخۆشـخانە گیانـی دەرچـوو، بەوجـۆرەش نهێنیـی ڕووداوەکـەی لەگـەڵ خـۆی بـردە ژێـر گڵ. پۆلیس دەڵێت جـۆر و شـوێنی پێکرانەکـەی گومانیـان دروسـتکردووە لـەوەی ئاخـۆ ئـەو گەنجـە بـە ئەنقەسـت خـۆی کوشـتووە یـان کـوژراوە، یانیـش تاپڕەکـەی لەدەسـت دەرچـووە.

کاژێـر سـێی دوای نیـوەڕۆی ڕۆژی 2017/11/29 گەنجێکـی تەمـەن 22 سـاڵ بەنـاوی گەیلان دڵشـاد مەحمـوود، دانیشـتووی گونـدی سـماقوڵیی گەلـی لـە قـەزای کۆیـە، لـە باخچەکانـی دەوروبـەری گوندەکـە بـە گوللـەی تاپڕەکـەی خـۆی پێکـرا، بـەڵام بـەر لـەوەی بگەیەنرێتـە نەخۆشـخانەی کۆیـە گیانـی دەرچـوو.

ئـەوەی بووەتـە گـرێ لەسـەر دڵـی کەسـوکارەکەی، ئەوەیـە کـە نازانـن ڕووداوەکـە چـۆن بـووە، ئایـا خـۆی کوشـتووە، یـان کـوژراوە، هەرچەنـدە بـە دووری دەزانـن بـە مەبەسـت خـۆی کوشـتبێ، چونکـە دەڵێـن گەنجێکـی بـێ کێشـە بـوو.

ڕێـکار دڵشـاد، بـرای گەیـلان زۆر پەسـنی براکـەی دا و گوتـی "گەیـلان یەکێـک بـوو لـە کـوڕە باشـەکانی خێزانەکەمان و ئاواییەکەمان، قـەت نەمانزانیـوە کێشـەی لەگـەڵ کـەس هەبووبـێ".

ڕێـکار کـە دووکانـی هەیـە لەنێـو ئاواییەکەیـان، باسـی سـاتێک پێـش ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت "دوای نانـی نیوەڕۆ، گەیلان هاتـە دووکانەکـەم، کەمێـک لـەوێ مایـەوە و هەندێـک شـتی خـوارد و گوتـی ئەگـەر کارتـان بـە مـن نەبێـت دەچـم بـۆ ڕاوە چۆلەکـە. پاشان لەگـەڵ دوو مێرمنداڵـی دراوسـێمان کـە یەکێکیـان تەمەنـی 13 سـاڵانە و ئـەوەی دیکەیـان 10 سـاڵانە، ڕۆیشـتن".

زۆری نەبرد دەنگـی تەقەیـەک لـە باخچەکانـی دەوروبـەری ئاواییەکـە هـات، ڕێـکار کـە گوێـی لـە دەنگـی تەقەکـە بـووە، گوتـی "پـاش تەقەکـە شـوانێک تەلەفۆنـی بـۆ کـردم و گوتـی خێـرا وەرە گەیـلان بریـندارە".

کاتێـک ڕێـکار دەگاتـە شـوێنی ڕووداوەکـە، دەبینـێ براکـەی لەنێـو خوێنـی خۆیـدا سـوور هەڵگـەڕاوە. ڕێـکار دەڵێـت "گەیـلان ویسـتی قسـەیەکم پـێ بڵـێ، وەک ئـەوەی لەسـەرە مەرگـدا بـێ، بـەڵام نەیتوانـی قسـە بـکات، تـا مـاوم ئـەو دیمەنـەم بیرناچێتـەوە".

ڕێـکار دوای ڕووداوەکـە قسـەی لەگـەڵ ئـەو دوو مێرمنداڵـە کـردووە کـە لەگـەڵ گەیـلان بوونـە و دەڵێـت "ئـەوان گوتیـان گەیـلان بـۆ خـۆی گوللـەی لەخـۆی داوە". بـەڵام کەسـوکاری گەیـلان دڵیـان بـە قسـەی ئـەو دوو شـایەتحاڵە ئـاو ناخواتـەوە. ڕێـکار دەڵێـت "ڕووداوەکـە بـەلای ئێمـەوە ڕوون نییـە، نازانیـن خـۆی کوشـتووە، کـوژراوە، یـان گوللـەی لەدەسـت دەرچـووە".

کەسـوکاری گەیـلان دۆسـیەکەیان بـۆ پۆلیـس جێهێشـتووە، سـکاڵایان نییـە، چاوەڕێـن پۆلیـس ڕاسـتی ڕووداوەکەیـان بـۆ ئاشـکرا بـکات.

سـەرچاوەیەک لـە نەخۆشـخانەی کۆیـە کـە نەیویسـت نـاوی بڵاوبکرێتـەوە، ڕایگەیانـد: "دوای نیـوەڕۆی ڕۆژی 2017/11/29 ڕووداوێکـی فیشـەک هاتـە بەشـی فریاکەوتنـی نەخۆشـخانەی کۆیـە کـە بـە گوللـەی تاپـڕ پێکرابـوو، بـەڵام پێـش ئـەوەی بگاتـە نەخۆشـخانە مردبـوو، چونکـە گوللەکـە بـە لای ڕاسـتی سـکی کەوتبـوو کـە شـوێنێکی هەسـتیاری جەسـتەیە، گوللەکەشـی لـە مەودایەکـی نزیکـەوە بەرکەوتبـوو". ئـەو سـەرچاوەیە دەڵێـت سـەرەتا گومانیـان لـە ڕووداوەکـە هەبـووە، چونکـە ئـەو چەکـەی لـە ڕووداوەکـەدا بەکارهاتـووە، چەکێکـی درێـژە و زەحمەتـە قوربانییەکـە بتوانـێ بـەو چەکـە گوللەکـە لـەو شـوێنەی جەسـتەی خـۆی بـدات، بـەڵام دەڵێـت ڕەنگـە تاپڕەکـەی لـە شـان بەربووبێتـەوە و گوللـەی لـێ دەرچووبـێ و بـەو شـوێنە کەوتبـێ. گوتیشـی "بـە مەبەسـتی لێکۆڵینـەوەی زیاتـر و زانینـی هـۆکاری ڕووداوەکـە، تەرمەکـە ڕەوانـەی پەیمانگـەی دادپزیشـکی هەولێـر کـرا".

> **دوو شایەتحاڵ دەڵێن گوللەی لەخۆی داوە**
>
> براکەی گەیلان



کەسوکاری گەیلان دڵنیا نین کە کوژراوە یان خۆی کوشتووە

> **گومان دەکەین ڕووداوەکە تاوانکاری بێ**
>
> پۆلیسی کۆیە

ڕووداوەکـە بـۆ پۆلیسـیش جێـی گومانـە، بۆیـە بەنیـازن جگـە لـە لێکۆڵینـەوەی سـەرەتایی، لێکۆڵینـەوەی دیکـەی لەبـارەوە بکـەن. عەقیـدی پۆلیـس شـۆڕش کاکـە فەتحوڵـڵا، بەڕێوەبـەری پۆلیسـی قـەزای کۆیـە بـە (ڕووداو)ی گـوت: "دوانیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە 2017/11/29 هێزەکانی پۆلیسـی قـەزای کۆیـە لـە ڕووداوێـک لـە گونـدی سـماقوڵیی گەلـی ئاگادارکرانـەوە، دەسـتبەجێ هێزەکانمـان گەیشـتنە شـوێنی ڕووداوەکـە و دەسـتیان کـرد بـە لێکۆڵینـەوە".

عەقیـد شـۆڕش دەڵـێ بەپێـی لێکۆڵینـەوە سـەرەتاییەکان دەرکەوتـووە ئـەو گەنجـە لـە باخچەکانی دەوربـەری گوندەکەیان گوللەیەکـی تاپـڕ بـەر لای ڕاسـتی سـکی کەوتـووە. عەقیـد شـۆڕش گومانـی لـە ڕووداوەکـە هەیـە و دەڵێـت "شـوێنی پێکرانەکـە و جـۆری پێکرانەکـە و ئـەو چەکـەی بەکارهاتـووە کـە تاپڕێکـی درێـژە، گومانـی بـۆ پۆلیـس دروست کـردووە، چونکـە ئـەو کەسـە ناتوانـێ بـەو جـۆرە چەکـە بـە ئەنقەسـت گوللـە لـەو شـوێنەی خـۆی بـدات". گوتیشـی "هەرچەنـدە بەڵگـەی سـەلمێندراومان لەبەردەسـت نییـە، بـەڵام گومـان دەکـرێ ڕووداوەکـە تاوانـکاری بـێ، بۆیـە تەرمەکـەی لـە نەخۆشـخانەی کۆیـەوە بەرێکـرا بـۆ پەیمانگـەی دادپزیشـکی هەولێـر".

### پێشێلکارییەکانی سوپای عێراق لە مووسڵ لە زاری دوو پەیامنێرەوە:

# دەستگیرکراوانی بێ چەک بەبێ دادگایی دەکوژران

رووداو - هەولێر

ئامانجی شەڕی رزگارکردنی مووسڵ تەنیا دەرکردنی چەکدارانی داعش لەو شارە نەبوو، بەڵکو دەبووایە ئۆپەراسیۆنەکە بەجۆرێک بەڕێوەبچێ کە نەبێتە هەوێنی شەڕی تایفی لە داهاتوودا، بۆ ئەوەش پێویست بوو ژمارەی کوژراوە مەدەنییەکان و وێرانکاریی شارەکە لە کەمترین ئاستدا بن، بەڵام دوایین راپۆرتی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی و (گاردیەن)ی بەریتانی، ئاشکرای دەکەن هێزە

> لە پەنجەرە بەرزەکانەوە گیراوەکانیان فڕێدەدایە خوارەوە

عێراقییەکان و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەدژی داعش، پێچەوانەی ئەوە رەفتاریان کردووە.

## بکوژە و دووەم ئازاد بکە

پاش ئێوارەخوانی ژمارەیەک فەرماندەی سوپای عێراق لە دوایین رۆژەکانی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا، ئەفسەرێکی پلەنزمی سوپای عێراق بە ناوی تەها، لە فەرماندەکەی خۆی پرسیبوو "گەورەم، چی لەو دوو دەستبەسەرە بکەین؟" یەکێکیان دانی بەوەدا نابوو کە داعشە و ئەوەی دیکەیان پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر، دانی بە هیچدا نەنابوو. بە گوێرەی راپۆرتەکەی (گاردیەن)، تیمەکە هەوڵیاندابوو دوو گومانلێکراوەکە رادەستی هەواڵگریی عێراق بکەن، بەڵام هەواڵگری ئامادە نەبووە وەریانبگرێ.

سەرەتا فەرماندەی تیمەکە چارەنووسی گومانلێکراوەکانی دابووە دەست تیمەکە و گوتبووی "لەبەر خاچی سوور و مافەکانی مرۆڤ ناتوانین رایانگرین. تەواویان بکەن"، بەڵام پاش ماوەیەک، وەکوو ئەوەی پەشیمان بووبێتەوە، بڕیارەکەی گۆڕی و گوتی "یەکێکیان ئازاد بکەن و ئەوەی دیکەیان تەواو بکەن".

وەک (گاردیەن) دەڵێت، دوو گومانلێکراوەکە لە خانوویەکی تەنیشت شوێنی ئێوارە خوانەکە راگیرابوون. تەها چووبووە ناو ئەو ژوورەی دوو گومانلێکراوەکەی لێبوو، بە قژ ئەو گومانلێکراوەی راکێشابوو کە بڕیار بوو ئازاد بکرێ. گومانلێکراوەکە چاوی راستی ئاوسابوو، لێوەکانی شین و ئەستوور ببوون. تەها بە پێکەنینەوە لێی پرسیبوو "چاوت لەدەستداوە؟ کێ ئەمەی بەسەر هێنای، کێ وەهای لەم هاوولاتییە بەستەزمانە کردووە؟".

گومانلێکراوەکەی دیکەیان دەبووایە وەکوو دیارییەک و بە هامەری سەربازی بۆ لای بەرپرسێکی داخ لەدڵی تیمەکە بگوازرێتەوە. مانگێک پێشتر برایەکی ئەو بەرپرسە لە شەڕی داعشدا کوژرابوو. لەگەڵ دەرچوونی هامەرەکە، گومانلێکراوەکەی کە دەبووایە ئازاد بکرێت، لەسەر شەقامێکی تاریک بەرەڵڵا کرابوو، لە کاتێکدا دەیزانی نابێت ئاوڕ بداتەوە، ئەگەرنا تەقەی لێدەکرێ.

## "پارە و ئافرەتەکان بۆ خۆت"

رۆژێک پاش ئێوارە خوانەکە، پەیامنێرەکەی گاردیەن لە گەڕەکی مووسڵی کۆن گوێی لە قیژە و هاواری ئافرەتێک بووە. چەند خانوویەک ئەوبەرتر سەربازێکی سەر بە تیمێکی دیکەی سوپای عێراق باسکی ئافرەتێکی رادەکێشا، دوو سەرباز کە لەدوای سەربازەکەی دیکەوە رێیان دەکرد، بە پێکەنینەوە دەیانگوت پێنج دەفتەر (50 هەزار دۆلار)یان لە ماڵی ئافرەتەکە دۆزیوەتەوە. یەکێک لە سەربازەکان بە گاڵتەوە گوتی "سەرەڕای پارەکە، ئافرەتێکیشی دەستکەوت".

## "هەمووتان داعشن"

لە نزیک مزگەوتی نووری کە داعش لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران تەقاندیەوە، خەڵک لە خانووبەرە وێرانەکان دەردەچوون. پەیامنێرەکەی (گاردیەن) چاوی بە سەربازێکی سوپای عێراق کەوتبوو کە پیرێژنێکی لە کۆڵ کردبوو، کچێکی پیرێژنەکەش قورئانێکی بەدەستەوە بوو لە دوای ئەوانەوە رێی دەکرد و دوو سەربازیش بە نەقاڵە براکەیان دەگواستەوە، بۆ ئەوەی خێزانەکە بەرنە حەشارگەیەک کە تێیدا چارەسەری پزیشکییان بۆ دەکرا. خوشکەکەی بەدەم گریانەوە



هاوپەیمانی نێودەوڵەتی زیاتر لە لە 27 هەزار و 500 هێرشی ئاسمانییان لە دژی داعش ئەنجام داوە
(فۆتۆ: AFP)

دەیگوت: "چووە سەر رووبارەکە ئاو بهێنێ، بەڵام نیشانشکێنەکان لێیاندا". قاچی براکەی باندج کرابوو، سکیشی بە سەختی رووشابوو.

بەڵام سەربازەکان قسەیەکی دیکەیان دەکرد. یەکێک لە سەربازەکان گوتی: "ئەمە برینی چەکدارە، بینێرن بۆ لای براکانی دیکەی". دوو سەرباز بریندارەکەیان بردە دووکانێکی بەتاڵ و لەوێ گوللەبارانیان کرد. خوشک و دایکی کوڕەکە قیژاندیان، سەربازەکان گوێیان پێنەدان، یەکێک لە سەربازەکان گوتی "ئێوە داعشن، ئێوەی خەڵکی مووسڵی کۆن هەمووتان داعشن". ئەوە یەکەمجار نییە مووسڵ و بەتایبەتیش بەشە کۆنەکەی بەو چاوە سەیر دەکرێت، بەڵکو یەکێک لەو هۆکارانەش کە وایکرد داعش بە ئاسانی دەست بەسەر مووسڵدا بگرێت، هەر ئەوە بوو کە پێش 2014 حکومەتی عێراق بە چاوێکی ئەمنییەوە سەیری ئەو شارەی دەکرد.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (گاردیەن)، لە کاتی گرتنەوەی مووسڵی کۆندا، هەموو دانیشتووانەکەی بە چاوی گومانلێکراو سەیر دەکران، هەموو ئەو پیاوانەی تەمەنیان هی شەڕکردن بوو دەستبەسەر دەکران و رەوانەی بنکەکانی دەستبەسەری دەکران.

## "دەبێ بڵێی داعشم"

لەڕێی گەڕانەوە لە کۆنەشاری مووسڵەوە، فەرماندە و سەربازەکانی تیمی تەها و پەیامنێرەکەی (گاردیەن) لە ژێرزەمینێکدا کۆبوونەوە، تاوەکو پلانێک بۆ رۆژی دواتر دابنێن. لەناکاو پەیامێک بە بێسیم هات: "داعشێکمان گرتووە". تەها بێسیمەکەی رفاند و گوتی "بۆ منی بێنن". پاشان دەمانچەکەی روو لە بن میچەکە کرد و فیشەکێکی تەقاند و گوتی "کوڕینە ئەمڕۆ ئاهەنگمان دەبێت".

پاش نیوکاژێر، سەربازێک بە خۆی و پیاوێکی پیرەوە دەرکەوت و بە تەهای راگەیاند کە پیاوە پیرەکە لەگەڵ خەڵکە مەدەنییەکە لە ناوچەکانی ژێردەستی داعشەوە دەهات، کاتێک سەربازانی سوپای عێراقی بینی ویستی بەرەو ناوچەکانی داعش رابکاتەوە. ئەفسەرەکە بە دەنگێکی گڕەوە پرسیاری لە گومانلێکراوەکە کرد: "کێیت؟" پیرەکە لە وەڵامدا گوتی "ئەندامی تیمی چارەسەری نەخۆشخانەم، تکایە سەیری کارتەکەم بکەن". تەها داوای جنسیەی لێکرد، پیرەکە پێی نەبوو، بە گوتەی خۆی داعش جنسیەکەی لێسەندووە بۆ ئەوەی نەتوانێت رابکات.

تەها بڕوای بەو قسەیە نەکرد و پرسی: "داعش لێی سەندی یان خۆت لەناوتبرد بۆ ئەوەی ناوی خۆت بشاریتەوە؟ چۆن بزانین تۆ فەرماندەیەکی داعش نیت؟". پیرەکە پێداگری کرد لەسەر ئەوەی کە ئەو تەنیا لە تیمی پزیشکی بووە. گوتی "داعش ناچاری کردین بچینە مووسڵی کۆن و لە نەخۆشخانەی مەیدانی کاربکەین، لەوێش چارەسەری هاووڵاتییە بریندارەکانمان دەکرد. درۆ ناکەم چەکداری داعشیشم چارەسەر کردووە، چونکە ناچار بووین بیکەین. من داعش نیم و بگرە رقم لێیانە".

قسەکانی گومانلێکراوەکە بە گوێی تەهادا نەچوون، پیرەکە سوێندی بە "ئیمامی عەبباس" خوارد کە یەکێکە لە ئیمامەکانی شیعە. پاش بیستنی ئەو ناوە تەها خۆی پێنەگیرا و زللەیەکی توندی لە دەموچاوی دا و هاواری کرد "هەی ئاژەڵی پیس، ئەم ناوانە بەدەمتدا نایەت".

تەها و سەربازەکانی بە راکێشان پیاوە پیرەکەیان لە ژێرزەمینەکە دەرکرد و بردیانە خانوویەکی چۆڵ لە نزیک کەنیسە و گۆڕستانێک. لەوێ لە نهۆمی دووەم پیاوە پیرەکەیان لە نزیک دیواری پەنجەرەیەک دانیشاند و لێی کۆبوونەوە. پاشان سەربازێک کێبڵێکی ئەستووری هێنا و لە ئەژنۆی گومانلێکراوەکەی دا. لە پەنجەرەکەوە تەرمێکی رەش داگەڕاو دەبینرا. سەربازەکە گوتی "ئەویش سەر بە ئێوە بوو، چەند رۆژ لەوە پێش گرتمان و وەکوو تۆ ئامادە نەبوو دان بەوەدا بنێت کە داعش بووە".

پیرەکە سەیرێکی دەرەوەی کرد و بە ترسەوە وەڵامی دایەوە "من لە تیمی پزیشکی بووم". تەها شەقێکی لە دەموچاوی هەڵدا، پیاوە پیرەکە لەهۆش خۆی چوو. هەمووان وایانزانی مردووە، بەڵام تەها هاواری کرد "درۆ دەکات، ئاوی پێدا بکەن". پیاوەکە بەهۆش هاتەوە، دەم و چەناگە و قەمیسەکەی خەڵتانی خوێن ببوو، بەدەنگێکی نووساوەوە گوتی "هیچم نییە بۆ گوتن". بەڵام تەها کۆڵی نەدا، فەرمانی بە یەکێک لە سەربازە زلەکانی کرد گومانلێکراوەکە لە پەنجەرەوە هەڵداتە خوارەوە. سەربازەکە کە پیرەکەی لەسەر پێیەکانی راگرتبوو، گوتی "چیت ماوە، بۆ دانی پێدا نانێی؟".. دوایین قسەی پیاوە پیرەکە پێش ئەوەی لە پەنجەرەکەوە بکەوێتە خوارەوە ئەوە بوو "چۆن خۆم بە شتێک لە قەڵەم بدەم کە نیم؟".

سەربازە زلەکە ملی لە پەنجەرەکەوە بردە دەرەوە، سەیرێکی لاشەی پیاوە پیرەکەی کرد کە لە حەوشەکە کەوتبوو، پاشان پێنج گوللەی لێدا. پاش ماوەیەکی کورت جارێکی دیکە سەری بردەوە دەرەوە، دوو گوللەی دیکەی تەقاند و بە پێکەنینەوە گوتی "ئەم دووەی دوایییم لە قاچی دا، نەکا بیەوێت بگەڕێتەوە ماڵ". ئەوە پێنجەمین کەس بوو کە تەها و تیمەکەی بەو جۆرە بیکوژن. سەربازێکی سوپای عێراق لەبەر خۆیەوە بە پەیامنێرەکەی گوت "نازانم رۆژێک دادێت خوا لەبەر ئەو هەموو کوشتارە سزامان بدات یان نا؟".

> نازانم خودا لەسەر ئەو کوشتارە سزامان دەدات یان نا؟
> سەربازێکی سوپای عێراق

## کوشتار نابڕێتەوە

رۆژی نوێ تەمووزی رابردوو، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، بەجلی سەربازییەوە رزگارکردنی مووسڵی راگەیاند، بەڵام بە گوێرەی راپۆرتەکەی (گاردیەن)، لە پاش کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵیش کوشتار هەر بەردەوام بووە. زۆربەی جاران خەڵک بەبیانووی سەیر و سەمەرەوە سکالایان لە دژی یەکتر دەکرد و یەکدییان بە ئەندامێتی داعش تۆمەتبار دەکرد.

دوو یان سێ شەو دوای رزگارکردنی مووسڵ، ژمارەیەک خەڵک پیاوێکیان پەلکێشی لای فەرماندەیەکی سوپای عێراق کرد کە بە گوتەی خۆیان سەربڕی داعش بووە. فەرماندەکە ناسنامەی گومانلێکراوەکەی دا بە سەربازێک بۆ ئەوەی بیسووتێنێ. یەکێک لە سەربازەکان بەناوی کیفاح گومانلێکراوەکەی راکێشایە سەر شەقام، خەڵکەکەش بەدوایدا دەرچوون. پاش لێدانێکی زۆر، کیفاح داوای لە بەندکراوەکە کرد رابکات، ئەویش رایکرد، بەڵام گرتیانەوە و دایانەوە بەر لێدان.

دوایین ساتەکانی ژیانی گومانلێکراوەکە زیاتر لە فیلمێکی ئەمریکی دەچوو. کیفاح دەمانچەکەی خستە سەر سەری گومانلێکراوەکە، سەربازێکی دیکە لە پشتەوە بە مۆبایل وێنەی دیمەنەکەی دەگرت. دوایین قسەی کیفاح بەر لە تەقاندنەوەی سەری گومانلێکراوەکە ئەوە بوو "ئەمە لە تۆڵەی هەموو ئەوانەی بەدەستی داعش شەهید بوون".

کیفاح گەڕایەوە شوێنی حەوانەوەی خۆی لە یەکێک لە خانووبەرە دارماوەکانی مووسڵ و چەندینجار سەیری ڤیدیۆی کوشتنەکەی کردەوە و بەدەم وردبوونەوە لە ڤیدیۆکە گوتی "ئەم ڤیدیۆیەم بۆ خاڵم تۆمار کرد، چونکە ئەو دەیویست خۆی بێتە ئێرە و داعش بکوژێ".

بەگوێرەی راپۆرتی رۆژنامە بەریتانییەکە، سەربازە عێراقییەکان بە هۆکاری جیاواز دەستیان دابووە کوشتار. هەندێکیان متمانەیان بە دەزگای دادوەریی عێراق نەبوو، پێیانوابوو تۆمەتبارەکان دەتوانن بە بەرتیل خۆیان ئازاد بکەن، هەندێکیشیان، وەکوو کیفاح بۆ تۆڵەسەندنەوە گومانلێکراوانی داعشیان دەکوشت. کیفاح کە خۆی یەکێک لەوانە بوو لە 2014 لەگەڵ سوپای عێراق لە مووسڵ رایکردبوو، دەڵێت "لە داهاتوویەکی نزیکدا مووسڵ بەسەر یەکەی سەربازی جیاوازدا دابەش دەکرێت و ناتوانین بەبێ ئاگادارکردنەوەی فەرماندەی ناوەندی، بە شارەکەدا بسووڕێینەوە، بەڵام ئێستا کەس بە کەس نییە، دەتوانین بە باشی کاری خۆمان بکەن".

تەها و تیمەکەی دەزانن کپبوونی دەنگی چەک لە مووسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق بە مانای سەقامگیری و ئاشتی نایەت. لە ماوەی نزیکەی 15 ساڵی رابردوودا عێراق بە کۆمەڵێک شەڕ و ململانێی تایفی سەختدا رۆیشتووە کە تێیدا جیاکردنەوەی دۆست و دوژمنی راستەقینەی عێراق کارێکی ئاسان نەبووە.

لە یەکێک لە رۆژە ئارامەکانی مووسڵی پاش داعشدا، فەرماندە و سەربازانی تیمەکەی تەها مشتومڕی ئەوەیانە کە پاش داعش چی بەڕێوەیە؟. یەکێک لە سەربازەکان پێیوایە میلیشیا شیعەکان ئامانجی داهاتووی سوپای عێراق دەبن، بەڵام فەرماندەیەکی تیمەکە نیگەرانە لەوەی لە چەند مانگی داهاتوودا جارێکی دیکە بۆ شەڕ رەوانەی مووسڵیان بکەنەوە، ئەو دەزانێت "داعش 40 هەزار چەکداری لە مووسڵ هەبوو، بەڵام ئێمە 40 هەزار داعشمان نەکوشت، ئەوانی دی لەکوێن؟".

## بۆردومانی هەڕەمەکی

درەنگانی شەوی 20ی ئەیلولی 2015، هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژی داعش گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەسەر کەناڵی تایبەتی هاوپەیمانان لە ماڵپەڕی یوتیوب بڵاوکردەوە. تایتڵی ڤیدیۆکە ئەوە بوو "هێرشی ئاسمانیی هاوپەیمانان بنکەیەکی بەرهەمهێنانی بۆمبی داعشی تێکشکاند". بەڵام بەدواداچوونێکی تایبەتی گۆڤاری هەفتانەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ئاشکرای دەکات ئەو شوێنەی بۆردومان کراوە، ماڵی دوو برا بووە بە ناوەکانی باسم و محەممەد رەزۆ کە هیچ پەیوەندییەکیان بە داعشەوە نەبووە.

لە ماوەی نزیکەی سێ ساڵ و نیوی

> هەموو خەڵکی مووسڵی کۆن لەچاوی هێزە عێراقییەکاندا داعش بوون

رابردوودا، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی زیاتر لە 27 هەزار و 500 هێرشی ئاسمانی کردووە. وەکوو شەین هاف، گوتەبێژی فەرماندەی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی گوتووە: "ئەمریکا و هاوپەیمانان هەوڵێکی زۆر دەدەن هێرشەکانیان ورد بێت و هەڵمەتەکەی ئێمە یەکێک لە وردترین هەڵمەتە ئاسمانییەکانە لە مێژووی شەڕەکانی جیهاندا". بەڵام راپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ئاشکرای دەکات ئەو شەڕە یەکێک لە ناڕوونترین شەڕەکانی ئەمریکا بووە لە مێژووی هاوچەرخی ئەمریکادا.

راپۆرتەکە لە ماوەی 18مانگدا ئامادە کراوە، لەو ماوەیەشدا سەردانی 150 شوێن لە باکووری عێراق کراوە کە هێرشی ئاسمانییان کراوەتە سەر، لەگەڵ سەدان شایەتحاڵ، رزگاربوو، زانیاریدەرانی دەزگای هەواڵگریی ناوچەکان و بەرپرسانی خۆجێیی قسە کراوە. بەپێی بەدواداچوونەکە "یەک لەسەر پێنجی ئەو 150 هێرشە کوژراوی مەدەنی لێکەوتووەتەوە". ئەمەش 31 هێندەی ئەو ژمارەیەیە کە سوپای ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکرد.

## بڕیاری هێرشە ئاسمانییەکان

بەشێکی سەرەکی لە هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان لە ناوەندی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشەوە دەکرێن کە بنکە سەرەکییەکەی لە بنکەی ئاسمانیی عوبەید لە بیابانێکی نزیک دەوحەیە. تایمز سەردانی بنکەکەی کردبوو بۆ ئەوەی بزانێت چۆن بڕیار لەسەر هێرشەکان دەدرێت و مەترسیی لەسەر گیانی هاووڵاتیان تاوەکو چەندە کاریگەری لەسەر بڕیارەکان دەبێ.

لە ژمارەیەکی زۆری حاڵەتەکاندا ئەگەری بەرکەوتنی ئامانجی مەدەنیش لەبەرچاو دەگیرێت. هەرچی ئەگەرەکە بەهێزتر بێت، ئەگەری ئەنجامدان یان قەبارەی هێرشەکە بچووکتر دەکرێتەوە. وەکوو یەکێک لە راوێژکارەکانی بنکە ئاسمانییەکە ئاماژەی بۆ دەکات "زیانە مەدەنییەکان نابێت لەو دەستکەوتە سەربازییە زیاتر بن کە هێرشەکەی دەکرێتە سەر". ئەمەش بەو مانایەیە قوربانی مەدەنی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا شتێکی چاوەڕوانکراوە، وەکوو یەکێک لە گوتەبێژەکانی فەرماندەیی ناوەندی دەڵێت: "هەموو هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەیە ژمارەی قوربانی و زیانە مەدەنییەکان سنووردار بکەین".

گۆڤارە ئەمریکییەکە بۆی دەرکەوتووە سەرچاوەی زانیاریی هاوپەیمانان لەبارەی زیانە مەدەنییەکانەوە "راپۆرتی نێوخۆیی ستافی بنکەکەیە" کە زۆربەی جاران بەپێی راپۆرتی فڕۆکەوانەکان، وێنەکانی سەتەلایت ئامادە دەکرێن. بەڵام زۆربەی جاران هاوپەیمانان لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە قوربانییە مەدەنییەکان ئاگادار دەبنەوە.

لە شەڕێکی وەکوو شەڕی مووسڵدا ئامادەکردنی راپۆرتی مەیدانی سەبارەت بە زیانە مەدەنییەکان کارێکی ئەستەمە. ژەنەراڵ جێفری هاریگان، فەرماندەی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا لە بنکەی عوبەید بە ناڕاستەوخۆ دان بەوەدا دەنێت کە ئامارەکانیان ورد نین، کاتێک گوتی "ئێوە بەدوای حەقیقەتی مەیدانیدا دەگەڕێن، دەتوانێت زانیاری لە خەڵکی ناوچەکە وەربگری. نەک وێنەکانی سەتەلایت بکەنە بەڵگە".

لە راپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)دا ئاماژە بە دۆخی گەیارە دەکرێت کە لە ماوەی دوو ساڵی دەسەڵاتی داعشدا هێرشی ئاسمانی بەخۆیەوە بینیوە و لە 13 هێرشدا 43 کەسی مەدەنی کوژراون.



سەربازانی سوپای عێراق متمانەیان بە دادگاکانی عێراق نییە بۆیە گومانلێکراوانی داعش دەکوژن
(فۆتۆ: AFP)

# ئەمساڵ لە کوردستان پشکنینی ئەیدز بۆ 400 هەزار کەس کراوە

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

ژمارەی ئەو کەسانەی پشکنینی دەستنیشانکردنی ئەیدز ئەنجام دەدەن لە کوردستان روو لە زیادبوونە، فەرمانگە و ڕێکخراویش هەن بێ بەرامبەر زانیاری دەدەنە تووشبووان و کەسانی تەندروست، لەبارەی نەخۆشیی ئەیدز و ئەو نەخۆشییانەی لە ڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە.

ئەیدز بەهۆی ڤایرۆسی HIV بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە و دەبێتە هۆی لاوازبوونی سیستمی بەرگریی جەستە. بەپێچەوانەی ڤایرۆسەکانی دیکەوە، جەستە توانای کردنە دەرەوەی ئەم ڤایرۆسەی نییە، بۆیە کەسەکە بۆ هەتا هەتایە وەکو تووشبوو دەمێنێتەوە.

لە ساڵی 1988 وە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕۆژی یەکی دیسەمبەری وەک ڕۆژی جیهانیی ئەیدز دیاری کردووە کە تێیدا هەڵمەتی بەرفراوانی جیهانی دەکرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی سەبارەت بە نەخۆشییەکە.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە 2-4 هەفتە دوای بەرکەوتنی ڤایرۆسەکە دەردەکەون و هاوشێوەی نیشانەکانی ئەنفلۆنزایەکی ئاسایین، پاشان نەخۆشییەکە بۆ ماوەی نزیکەی 10 ساڵ بێدەنگ دەبێت و هیچ نیشانەیەکی نابێت، لە قۆناغی سێیەمدا نیشانە درێژخایەنەکان دەردەکەون وەکو دابەزینی کێش و کەڕووکردنی دەم و سورێنچک و هەوکردنی توندی سییەکان و تووشبوونی بەشە جیاوازەکانی لەش بە هەوکردن بەو بەکتریایانەی ئاسایی لە جەستەدا دەژین و کەسانی تەندروست نەخۆش ناخەن. هەروەها تووشبوون بە چەندین جۆری شێرپەنجە. تووشبووانی ئەیدز زۆربەی کات تا و بێهێزی و هەڵاوسانی لیمفەگرێکانیان هەیە.

بەپێی ئامارە جیهانییەکان لەوەتای لە ساڵی 1981 وە یەکەم حاڵەتی ئەیدز لەنێو هاوڕەگەزخوازانی ئەمریکا دەستنیشانکراوە، لەسەر ئاستی جیهان 70 ملیۆن کەس تووشی ئەیدز بوون کە نیوەیان مردوون. دەوروبەری نیوەی تووشبووان دەرمانی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکەیان بەدەست دەگات. نزیکەی 70%ی تووشبووان لە کیشوەری ئەفریقادان.

لەبارەی دوا ئاماری ئەیدز لە کوردستان، د.خالس قادر، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی "ئێستا لە کوردستان 26 حاڵەتی ئەیدز هەن کە 18یان لە ڕەگەزی نێر و هەشتیان لە ڕەگەزی مێن، 14 کەسیان لە هەولێر، حەوت لە سلێمانی و پێنجیشیان لە دهۆکن".



لە سلێمانی 40 خۆبەخش زانیاری لەبارەی نەخۆشییەکانی پەیوەست بە سێکس دەدەنە گەنجان

ساڵی 1986 یەکەم حاڵەتی ئەیدز لە عێراق و کوردستان تۆمار کراوە، تاوەکو ئێستا پێنج هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان بە ئەیدز مردوون.

لەبارەی ئامارەکەوە، د.میران محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی، بە (ڕووداو)ی گوت "ژمارەی تووشبووان لای ئێمە هێندە کەمە بەراورد ناکرێ نەک بە وڵاتانی دوورەدەست و بیانی، تەنانەت بە دراوسێکانیشمان، بەڵام ئێمە خەمسارد نین و چەندین ڕێوشوێنمان لە دژی ئەیدز لە کوردستان گرتووەتە بەر".

لە ڕاگەیێندراوێکی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە ڕۆژی جیهانیی ئەیدز، وا بڵاوکراوەتەوە کە "ئەمساڵ 2017 لە کوردستان هیچ حاڵەتێکی ئەیدز تۆمار نەکراوە".

بەڵام ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێ ئەو ئامارانەی هەن، ڕوومالّی هەموو تووشبووان ناکەن، چونکە بەشێکی بەرچاویان هەڵگری ڤایرۆسەکەن و لەبەرئەوەی هیچ نیشانەیەکیان نییە، پشکنین ناکەن و دەستنیشان ناکرێن.

## پشکنین بۆ کێ دەکرێت؟

پشکنینی ئەیدز لە ڕێگای پشکنینێکی سادەی خوێنەوە دەکرێت، هەموو کەسێک بۆی هەیە داوا بکات ئەو پشکنینەی بۆ بکرێت و لە زۆربەی تاقیگە حکومی و تایبەتییەکاندا دەتوانرێت بکرێ.

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە 11 مانگی ڕابردوودا 396 هەزار و 770 پشکنینی دەستنیشانکردنی ئەیدز لە کوردستان کراوە (لە هەولێر 226 هەزار و 276 پشکنین، لە سلێمانی 65 هەزار و 552 پشکنین و لە دهۆک 102 هەزار و 951 پشکنین)،

د.فەرهاد مەجید، سەرۆکی بەشی ئەیدز و هەوکردنی جگەر لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی بە (ڕووداو) گوت "هەرکەسێک خوازیار بێت، دەتوانێ بەبێ هیچ لەمپەرێک سەردانی ئێمە بکات لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی، بۆ ئەوەی پشکنین بکات و دڵنیابێتەوە لەوەی هەڵگری ڤایرۆسی ئەیدزە یان نا".

ئەوانەی ئێستا بەشێوەیەکی ڕۆتینی پشکنینیان بۆ دەکرێ، بریتین لەوانەی لە دەرەوەی کوردستانەوە هاتوون، کرێکارانی بیانی، ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن، خوێنبەخشەکان، ئەوانەی نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێ، ئەوانەی لە هوتێل و شوێنە گەشتیارییەکان و سەنتەرەکانی مەساج کاردەکەن.

## 40 خۆبەخش گەنجان هۆشیار دەکەنەوە

لە سلێمانی 40 کەسی شارەزا بەشێوەی خۆبەخش لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی ناحکومی بەناوی (خاوێن) کۆبوونەتەوە و بێ بەرامبەر هۆشیاری دەدەنە خەڵکی بەگشتی و گەنجان بە تایبەتی لە بارەی ئەو نەخۆشییانەی لە ڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە.

نەسرەدین ڕەشید، کارمەندی تەندروستی، یەکێکە لەو خۆبەخشانە و پاش تەواوکردنی خولێکی ڕاهێنان، ئێستا ڕۆڵی ڕاهێنەر دەبینێ، ئەو گوتی دەرگایان واڵایە بۆ هەموو کەس و گرووپێک کە بیانەوێ زانیاری لەبارەی (ئەیدز و نەخۆشییە گوازراوەکان لە ڕێگەی سێکس) وەربگرن.

وەک ئەو ڕاهێنەرە باسی دەکات، کچ و کوڕ بەشداریی خولەکانیان دەکەن و خانمان دڵگەرمترن بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی ئەو نەخۆشییانە، چۆنێتی مامەڵە لەگەڵ تووشبووان و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان.

## تووشبووی ئەیدز چی بۆ دەکرێت؟

دوای ئەوەی کەسێک پشکنینی خوێنەکەی دەریدەخات ئەیدزی هەیە، ئەگەر بیانی بوو دەنێردرێتەوە وڵاتی خۆی، ئەگەر خەڵکی کوردستانیش بوو ئەوا لە نێوەندێکی تایبەت ناوی تۆمار دەکرێت و چارەسەر و بەدواداچوون بۆ نەخۆشییەکەی دەکرێت.

د.فەرهاد دەڵێت "دوای ئەوەی پشکنینی دڵنیاکەرەوە دەریخست هەڵگری ڤایرۆسی تووشکەری ئەیدزە، لیژنەیەکی فرەپسپۆڕیی پزیشکی چارەسەری بۆ دیاری دەکەن، پشکنین بۆ کەسانی نزیکی دەکرێت، ڕێنمایی دەدرێتێ سەبارەت بە نەخۆشییەکە و ڕێگاکانی گواستنەوە".

## بە چ ڕێگایەک دەگوازرێتەوە؟




بەکارهێنانی دەرزی و سرنج کە بەر خوێنی کەسێکی تووشبوو کەوتبێت.



سێکس: بە تایبەتی سێکسی کۆم.



گواستنەوە لە دایکەوە بۆ منداڵەکەی لەکاتی سکپڕی، منداڵبوون یان شیردانداا.



وەرگرتنی خوێنی کەسێکی تووشبوو بە ئایدز.

## پشکنینی بەزۆر بۆ کێ دەکرێ؟

- ئەوانەی گەشتی دەرەوە دەکەن، یان لە دەرەوەی وڵاتەوە دێنەوە.
- ئەوانەی داوای کارتی زانیاریی تەندروستی دەکەن
- ئەو بیانییانەی داوای مانەوە لە کوردستان دەکەن
- ئەوانەی نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێت
- خوێنبەخشەکان
- ئەوانەی دەیانەوێت ددانیان چارەسەر بکەن (ئەمەیان نوێترین ڕێنماییە)
- ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن
- کرێکارانی بیانی
- کارمەندانی هوتێل و شوێنە گەشتیارییەکان و سەنتەرەکانی مەساج.



# 11 هۆکاری لووتگیران

ڕووداو-مێڵسکۆم

لووتگیران لە بڵاوترین ئەو حاڵەتانەیە کە لە یەکە تەندروستییەکان دەبینرێن و داوای چارەسەر دەکەن. لووتگیران نەخۆشییەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هەبوونی یەکێک لەو لیستە درێژەی نەخۆشییە کە لانیکەم یەکێک لە نیشانەکانیان گیرانی لووتە.

### ئەمانە هۆکارە دیارەکانی ئەو حاڵەتەن:

### 1 هەستەوەری:

یەکێکە لە نیشانەکانی بریتییە لە لووتگیران. هەستەوەری ڕەنگە بە دەنکەهەڵاڵە، ئاژەڵ، تەپوتۆز، گژوگیا و پاشەڕۆی ئاژەڵ و هەر شتێکی دیکە بێ. ئەوانەی هۆکاری لووتگیرانەکەیان هەستەوەرییە، هەنگاوی یەکەمی چارەسەریان خۆپاراستنە لەو هۆکارەی تووشیان دەکات، ئەویش بە: دووربوون لەو جێگایانەی ئەو هۆکارانەیان تێدان، پۆشینی ماسک، خۆشوشتن پاش گەڕانەوە لەو شوێنانە، شوشتنی دەم و لووت. ئەگەر هەموو ئەمانە بێسوودبوون، سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکە.

### 2 هەڵامەت و پەتای وەرزی:

هۆکاری تووشبوون بەمانە ڤایرۆسە. تاوەکو ڤایرۆسەکە سووڕەکەی خۆی تەواودەکات، لووتگیران کێشەی کەسەکە دەبێ بۆ چەند ڕۆژێک. بە گشتی ئەمانە چارەیەکی ئەوتۆیان ناوێ، جگە لە پشوودان و زۆر خواردنەوەی شلەمەنییەکان. ئەگەر کەسەکە زۆر هەراسان بوو، دەتوانێ سەردانی پزیشک بکات

### 3 هەوکردنی کورتخایەنی گیرفانەکانی لووت:

گیرفانەکانی لووت چەند بۆشاییەکن لە ئێسکەکانی ڕووخساردا و بە ناوپۆشێکی تەڕ و لینج داپۆشراون و بە ڕێڕەوی تایبەت بە لووتەوە بەستراون. کاتێک بەهۆی هۆکارێکی دروستکەری هەستەوەری، ڤایرۆس یان بەکتریایەک بارە ئاساییەکەیان تێکدەچێت، شلەیەکی زۆریان تێدا کۆدەبێتەوە و دەبنەهۆی گیرانی لووت.

### 4 هەوکردنی درێژخایەنی گیرفانەکانی لووت:

لەمبارەدا هەوکردنەکە لەکاتی خۆیدا چاکنابێتەوە. شلەکە لەنێو گیرفان و جۆگەکانیان گیردەخوات، دیوارە ناوپۆشەکان زیاتر هەودەکەن و لووتگیران و قورسیی ڕووخسار و پێشەسەر بەردەوامدەبێ.

ئەگەر ڕێوشوێنە سادەکانی خۆت، دەرمانی کەمکەرەوەی شلەی نێو گیرفانەکان و دەرمانەکانی دیکە بێسوود بوون، ڕەنگە ئیدی پزیشک بیر لە نەشتەرگەری بکاتەوە. ئەویش بە فراوانکردنی کونی ئەو جۆگانەی شلەکە لە گیرفانەکان دەکەنە دەرەوە، بۆ ئەوەی ئەو شلەیە هێندە گیرنەخوات لە گیرفانەکان و ڕاڕەوەکانیان.

### 5 لاری کۆڵەگەی لووت:

ئەو کۆڵەگەیەی هەردوو کونەلووت دابەشدەکات، لە هەندێک کەسدا لار دەبێ و بە لایەکدا دەکەوێ لە ناوەوە، بێئەوەی هەستی پێبکەی. هۆکارەکە لەوانەیە زەبرێک بێ کە پێشووتر بەری کەوتبێ. لەمبارەدا بە زۆری لایەکی لووت دەگیرێ. ئەگەر گیرانەکە زۆر نەبێ، ئەوە تەنیا بە دەرمان هەوڵی بەرەڵڵاکردنی ئەو کونە دەدرێ کە هێشتا ماوە. بەڵام ئەگەر هەناسەدان ئاستەم بکات، ئەوە پێویست بە نەشتەرگەرییە.

### 6 دووگیانی:

لە دووگیانیدا بۆڕییەکانی خوێن فراوان دەبن و خوێنی زیاتر بۆ زۆربەی ناوچەکانی جەستە دەڕوات، یەکێکیان لووت و گیرفانەکانی لووتە کە بە هەڵاوسان و گیران کۆتایی دێ لە بەشێک لە خانمانی دووگیاندا. بەو پێیەی دەرمانەکان بەگشتی تەواو بێ زیان نین لەکاتی دووگیانی، وا باشترە خانمی دووگیان تەنیا پشت بە قەترە و سپرای سەلاین (ئاو و خوێ) ببەستێ بۆ خاوێنکردنەوەی لووت.

### 7 گەورەبوونی لەوزەتێن:

ئەمانە کەوتوونەتە قورگەوە و ئەرکی سەرەکییان بەهێزکردنی بەرگریی منداڵە لە دژی بەکتریا و ڤایرۆسەکان، بە تایبەت پێش تەمەنی پێنج ساڵی. لە پاش ئەو تەمەنە وردە وردە دەپووکێنەوە و ئەرکیشیان بەرەو کەمی دەچێ. هەندێکجار خۆیان تووشی هەوکردن دەبن و هەڵدەئاوسێن و دەبنەهۆی لووتگیران، زۆرجار بە دەرمان چاک دەبنەوە. بەڵام هەندێکجار زوو زوو دەئاوسێن و دەبنەهۆی تێکدانی خەوی منداڵ و هەناسەدانی ئاستەم دەکەن، لەو حاڵەتەدا پێویستی بە نەشتەرگەری دەبێ.

### 8 گۆشتی زیادەی لووت:

هەوکردن و هەستەوەری درێژخایەنی نێوپۆشی لووت و گیرفانەکان، دەبێتەهۆی هەڵاوسانی ئەو نێوپۆشە و وەکوو گرێیەک یان کیسەیەک لە نێوپۆشەکەوە دەردەچنە نێو کەناڵەکانی لوت و گیرفانەکان و ئەوەش گیرانی لووتی لێدەکەوێتەوە. بەشێک لە خەڵکی بە دەرمان دەکرێ گۆشتەزیادەکانی لووتیان بپووکێندرێتەوە، بەڵام بەشێکیان پێویستیان بە نەشتەرگەرییە.

### 9 تەسکیی کەناڵەکانی لووت:

هەندێک کەس هەر کە لەدایک دەبن کەناڵەکانی لووتیان تەسکە. زۆربەشی بەهۆی ئەوەیە کە پەڕەکانی نێو لووت زیاد لە پێویست گەورەن. چارەسەرەکە هەندێکجار بە دەرمان دەبێ بۆ کەمکردنەوەی هەڵاوسانی نێوپۆشی لووت و ڕووپۆشی ئەو پەڕانە. بەڵام هەندێکجار پێویستە بە نەشتەرگەری پەڕەکانی نێو لووت بچووکبکرێنەوە.

### 10 ڕووشێنەرە کیمیاییەکان:

هەندێک ماددەی کیمیایی هەن کە دەبنەهۆی وروژاندنی نیوپۆشی دیوارەکان لووت و هەڵاوسان و سەرەنجام گیرانیان. بۆنە جیاوازەکان (عەتر و موعەتەر) لە بڵاوترین هۆکارەکان. زۆر بەکارهێنانی ئەمانە هەستی بۆنکردنیش لاوازدەکات، بۆیە کەسەکە لەگەڵ تێپەڕینی کات زیاتر و زیاتر بەکاریاندەهێنێ، چونکە وا هەستدەکات بڕی پێویستی نەداوە لە خۆی، زیادکردنی بڕەکەش زیاتر لووت ئازار دەدات.

### 11 گوشار:

سترێس و بارە سۆزدارییە توندەکانی دیکە، گۆڕان لە هۆرمۆنەکانی جەستە دروستدەکەن، یەکێک لە لێکەوتەکان بریتییە لە گیرانی لووت. چارەی ئەم جۆرەیان بریتییە لە بنبڕکردنی ئەو هۆکارەی تووشی سترێس و دڵتەنگیی زۆرت دەکات، جا بە وەرزش بێ، یان یۆگا و تێکەڵیی کۆمەڵایەتی.



هونەر ڕێبوار

# هیوا بەپێی خۆی ڕۆیشتەوە

دایک و کوڕە جوانە تەمەن 5 ساڵانەکەی هاتنە ژوورەوە، گوتم فەرموو دایە کێشەتان چییە؟ گوتی دکتۆر خۆم نەخۆش بووم و هاتمە لای پزیشکەکەی هاوڕێت، بەڵام کە تۆم بینی ویستم بێمە لات، ئاخر بە کوڕەکەم گوت :"با بچین سوپاسی دکتۆر بکەین، ئەو ژیانی تۆی ڕزگار کرد!".

عەسرێکی درەنگ بوو ئەو کاتەی دایکەکە هاتە ژوورەوە و بە گریانەوە گوتی "دکتۆر هیوای کوڕم لەسەربان بەربووەتەوە و هۆشی نییە، خێرا سەیریم کرد منداڵەکە لە قۆناغی چاکبوونەوەی گەشکەدا بوو، هێشتا هۆشی بە تەواوی نەگەڕابووەوە، هەناسەی باش نەبوو، بەڵام دڵی لە لێدان بەردەوام بوو، دایکیشی لە ڕشتنی فرمێسکەکانی.

بە هاوکاریی هاوڕێ پەرستارەکان، خێرا ڕێڕەوی هەناسەیم کردەوە و هەرچی لە قورگی هەبوو لە خوێن و ڕشانەوە، هەموویم بە ئامێری مژەری پزیشکی هێنایە دەرەوە و هەناسەی بە ئۆکسجینەکەوە نزیکەی 80-90%ی پیشاندەدا و لە گۆڕاندا بوو.

یەکێ لە نیشانە مەترسیدارەکانی بەرکەوتنی زەبرێک بە سەر، ڕشانەوەیە کە هەندێکجار خوێنی تێدایە، هەروەها لەهۆشچوون و گەشکە. لە حاڵەتی دەرکەوتنی هەریەکە لەم سێ نیشانانە، پزیشک گومانی بەرکەوتنی زەبرێکی بەهێز دەکات کە بەر سەری نەخۆشەکە کەوتبێت.

گەشکە وا ناسراوە کە لەکاتی ڕەقبوونی دەست و پێیەکان، چاوەکان دەسووڕێن و کەف لە دەمی دەردەچێ، بەمەش لەدوای کۆنترۆڵکردنی، پێویستی بە کردنەوەی ڕێڕەوی هەناسە هەیە، چونکە زۆرجار قورگی نەخۆش دەگیرێت و مەترسی لەسەر هەناسەی دروستدەبێ. ئەمەش پێویستی بە کردنەوە هەیە تاوەکو ئۆکسجین لەنێو خوێن و بۆ مێشک کەم نەکات.

کە زانیم منداڵەکە حاڵی باش نییە، خێرا بە هاوڕێ پەرستارەکەمم گوت: پەیوەندی بە پزیشکی چاودێریی چڕی هەناسەدان بکات، هەروەها پەیوەندیمان بە پزیشکی نەشتەرگەریی مێشک و دەمار کرد، لەماوەی چەند خولەکێکدا دووبارە گەشکەی منداڵەکە هاتەوە و توانیمان بە دەرمان کۆنترۆڵی گەشکەکەی بکەین، چەند جارێک بۆڕی هەناسەیمان پاککردەوە و ئۆکسجینەکەش هەر لەسەر لووتی بوو، بەڵام هێشتا منداڵەکە هۆشی باش نەبوو.

ئەمانە هەمووی لە کەمتر لە 30 خولەک ڕوویاندا، دایکەکەی زیاتر لە 30 جار منداڵەکەی ماچ کرد و ئێمەش بە دیار پێوانی نیشانە زیندەگییەکانی و نیشانەکانی ژیانی مێشکییەوە لەکاردابووین. دایکەکە کە ئێمەی دەبینی لە خەمی منداڵەکەی ئەوداین، زوو زوو دەیگوت :"دکتۆر قوربانتان بم، هەر ئەمەم هەیە و چیتان لەدەستدێت بۆی بکەن، تەنیا مەهێڵن هیوام لەدەست بچێت".

دوای ئەنجامدانی کارە سەرەتاییەکان، بە بڕیاری هەمووان هیوا گوازرایەوە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوا کە بەشی تایبەت بە نەشتەرگەری مێشک و دەماری هەیە و تێیدا سەرجەم کارەکانی ئەم نەخۆشانە ئەنجامدەدرێن، بە گواستنەوەی هیوا، من چوومەوە نێو نەخۆشەکانم و ئاگام لەوە نەما دواتر هیوا چی بەسەر دێت.

زیاتر لە دوو مانگ بەسەر ڕووداوەکەدا ڕۆیشتبوو، ئێوارەیەک لە هەمان ژووری ڕووداوەکان لە نەخۆشخانەی ڕۆژهەڵات، بینیم ژنێک و منداڵێک هاتنە ژوورەوە، هەر کە گەیشتنە ژوورەوە گوتم فەرموو دایە کێشەتان چییە؟ دایکەکە بە منداڵەکەی گوت: هیوا تەوقە لەگەڵ مامە دکتۆر بکە، ئەو بوو ژیانی تۆی ڕزگار کرد. من سڕبووم، نەمدەزانی مەبەستی چییە و پرسیم مەبەستت لە ڕزگارکردن چییە؟ گوتی دکتۆر هیوا ناناسییەوە؟ بیرتە پێش زیاتر لە دوو مانگ هاتینە لات، ئەوکاتە هیوا بێهۆش بوو، بە گریانەوە بێهیوا هاتین! ئێستا هیوا بەپێی خۆی دەڕوات.

# تیلەرسن بۆ ماڵەوە

**رووداو- هەولێر**

لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا گۆڕینی بەرپرسانی باڵای حکومەت یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بووە، ئێستاش ئەو هەڵمەتە وەزیری دەرەوەی ئەمریکای گرتووەتەوە. ژمارەیەک کاربەدەستی باڵای ئەمریکا ئاشکرایان کردووە کۆشکی سپی پلانێکی بۆ لەکارلادانی رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئامادە کردووە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا (سی ئای ئەی) بۆ شوێنەکەی دانراوە.

پلانەکە یەکەمجار لە لایەن رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکییەوە ئاشکرا کرا و ژمارەیەک گۆڕانکاری لە پۆستە ئیداری و ئەمنییەکان لەخۆدەگرێ. بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەکە ئەو پلانە لە لایەن جۆن کێلی، بەرپرسی دیوانی سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئامادەکراوە و تێیدا مایک پۆمپیۆ، بەرپرسی CIA وەکو جێگرەوەی تیلەرسن دەستنیشانکراوە و سیناتۆر تۆم کاتن، سیناتۆری ویلایەتی ئارکانساس، بۆ شوێنەکەی پۆمپیۆ دانراوە.

بەرپرسانی کۆشکی سپی ئاماژەیان بۆ ئەوەش کردووە کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، تاوەکو ئێستا پلانەکەی واژۆ نەکردووە، سەرچاوەیەکی نزیک لە سەرۆکی ئەمریکاش بە (تایمز)ی گوتووە نێوانی ترەمپ و تیلەرسن یەکجار ئاڵۆز بووە، رۆژی پێنجشەممەی رابردوو زۆر بە خراپی باسی تیلەرسنی کردووە. سەرچاوەکە بەدووری زانیوە ترەمپ ئامادەکاریی پێویستی بۆ لادانی تیلەرسن کردبێت، بۆیەش دوور نییە جێبەجێکردنی پلانەکە بۆ چەند هەفتەیەک دوابکەوێت.

## میانڕەو و تێکدەر بۆ دەرەوە

رێکس تیلەرسن کە پێشتر بەرپرسی ئیکسۆن مۆبیل بووە، بە کەسایەتییەکی میانڕەوی نێو ئیدارەی ترەمپ ناوزەد کراوە، هەر ئەمەش وایکردووە لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە ناکۆکی گەورەی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا هەبێ. تیلەرسن بە پێچەوانەی ترەمپ لە کێشەی ئەتۆمی ئێران و رۆڵی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەدوای چارەسەری دیپلۆماتیکدا گەڕاوە، بۆ قەیرانی ئەتۆمیی کۆریای باکووریش بەکارهێنانی رێگەچارەی دیپلۆماتیکی بەپێویست زانیوە.

تەنانەت لە قەیرانی پەیوەندییەکانی نێوان قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداو هەڵوێستی ترەمپ و تیلەرسن تەواو پێچەوانە بووە. ترەمپ لە هەموو ئەو کێشانەدا داوای رێگەچارەی توندی کردووە. بە گوێرەی راپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکی، رووداوەکانی 16ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ و پێکدادانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان و دەستەوەستان بوونی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هۆکارێکی دیکەی رەخنەگرتن لە وەزارەتی دەرەوە بووە.

بەڵام تیلەرسن تەنیا کێشەی لەگەڵ ترەمپ

> ## ڕەنگە تیلەرسن ناچار بکرێت خۆی بڕیاری دەست لەکارکێشانەوە بدات

و راوێژکارەکانی کۆشکی سپیدا نییە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ئێستا و پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش هەواڵەکەیان بە چاوەڕوانکراو وەسفکردووە و جەختیان لەوە کردووەتەوە لە هەموو حاڵەتێکدا پۆمپیۆ لە تیلەرسن باشترە بۆ ئەو پۆستە، هەرچەندە پۆمپیۆش هاوشێوەی تیلەرسن هیچ ئەزموونێکی ئەتۆی لە بواری کاری دیپلۆماسیدا نییە.

لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا، تیلەرسن ژمارەیەکی زۆر دیپلۆماتکاری بەئەزموونی ئەمریکی لەسەرکارلاداوە، جیا لەمە پشتگیریشی لە کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتی دەرەوە بە رێژەی 30 % کردبوو. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان ترەمپ و تیلەرسن لە سێ مانگی رابردوودا وایکردووە رۆڵی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بڕیارەکانی کۆشکی سپیدا پشتگوێ بخرێ و لە زۆرینەی حاڵەتەکانیش سەرکردەی وڵاتانی جیهان هیچکات دڵنیا نەبوون لەوەی هەڵوێستەکانی تیلەرسن گوزارشت لە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ دەکات.

## پۆمپیۆی دژە ئێران

مایک پۆمپیۆ پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ترەمپ هەیە و تێڕوانینە سیاسییەکانیشی لە هی ترەمپ نزیکە. هەر ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ئێستا و پێشووی وەزارەتی دەرەوە دڵخۆش بن بە هاتنی پۆمپیۆ، هەرچەند تێبینی زۆریشیان لەسەر ئەزموون و روانگەکانی پۆمپیۆ هەیە.

ژمارەیەک بەرپرسی وەزارەتی دەرەوە، بە مەرجی ئاشکرا نەکردنی ناویان، بە گۆڤاری (پۆلیتیکۆ)ی ئەمریکییان راگەیاندووە هیوادارن بوونی پۆمپیۆ کاریگەری وەزارەتی دەرەوە لەسەر بڕیارەکانی کۆشکی سپی زیاتر بکات. بەرپرسێکی ئێستای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی گوتووە "تیلەرسن هەموومانی بێ هیوا کرد".

کاربەدەستێکی دیکەی وەزارەتەکەش هیوای خواستووە "پۆمپیۆ هەموو راوێژکارەکانی ئێستای تیلەرسن لەسەر کار لابدات" چونکە ئەوان رۆڵیان هەبوو لەوەی تیلەرسن لە بەشەکانی دیکەی وەزارەتەکە داببڕێ.

پۆمپیۆ شەش ساڵ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بووە، لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا بەردەوام راپۆرتی هەواڵگریی ئاژانسەکەی پێشکەش بە سەرۆک کردووە و رۆڵێکی سەرەکیی لە بڕیارەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکادا هەبووە. سەرچاوەی نزیک لە کۆشکی سپی بە (تایمز)ی ئەمریکییان راگەیاندووە ترەمپ لە زۆر کێشەی دیکەی دەرەوەی ئاسایش و هەواڵگریدا پرسی بە پۆمپیۆ کردووە.

دەرچوونی تیلەرسن لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دوو کەسایەتیی توندڕەوتر دێنە ناو دەستەی بڕیاردانی ئیدارەی ئەمریکییەوە. تۆم کاتن و مایک پۆمپیۆ بە تێڕوانینی دژی ئێران بەناوبانگن و هەردووکیشیان داوای رووخاندنی رژێمی سیاسی لە تاران دەکەن. سەرەتای ئەمساڵ، پۆمپیۆ داوای لە کۆنگرێس کرد پلانێک بۆ رووخاندنی رژێمی ئێران ئامادە بکرێ.

لە مانگی حوزەیرانی 2017شدا، کاتن پشتگیری لە هەمان بیرۆکە کرد و جەختی لەوە کردەوە "مادام دەسەڵاتێکی رەهای ئایینی (لە ئێران) هەبێت، بڕوا ناکەم ئەمریکا بتوانێت پارێزراو بێت". کاتن کە ماوەیەکیش لە عێراق بەرپرسی سەربازیی ئەمریکا بووە، پێیوایە ئەمریکا دەبێت پشتگیری لە گروپە نارازییەکان و کەمینە ئاینی و قەومییەکانی ئێران بکات. سیناتۆرە ئەمریکییەکە پێشتر رایگەیاندبوو ئەگەر بۆ پۆستی بەرپرسی (CIA) دەستنیشان بکرێت پۆستەکە قەبووڵ دەکات.

## بۆچی ئێستا ئاشکرا دەکرێت؟

زانیارییەکانی لادانی تیلەرسن بەشێوەیەکی گوماناوی ئاشکراکراون. کاربەدەستانی ئەمریکا لەسەر ئەوە کۆکن کە جێبەجێکردنی پلانی گۆڕانکارییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا چەند هەفتەیەکی دەوێت. بۆیەش پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی کۆشکی سپی ئەو پلانەی مانگێک پێش کۆتایی ساڵ لە رێگەی (نیویۆرک تایمز)ەوە ئاشکرا کردووە.

بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی بە رۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی راگەیاندووە کە ترەمپ "ماوەیەک بوو لەبارەی تیلەرسن و ئەدای وەزارەتەکەی پرسیاری لە خەڵکانی دیکە دەکرد، ئەمەش ئەو کارەیە کە ترەمپ پێش پچڕاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسێک دەیانکات". کاربەدەستێکی دیکەی نزیک لە سەرۆکی ئەمریکاش لە لێدوانێک بۆ (تایمز) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە "رەنگە هۆکاری ئاشکراکردنی پلانەکە بەشێوەی پێشوەخت ئەوە بووبێت کە تیلەرسن ناچار بکەن خۆی بڕیاری دەستلەکارکێشانەوە بدات، پێش ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا لەسەر کاری لابدات".

بڕیارە ئەمڕۆ، دووشەممە چواری کانوونی یەکەم، تیلەرسن گەشتێک بۆ ئەورووپا دەستپێبکات و یەکەم وێستگەی گەشتەکەشی بروکسل دەبێت کە تێیدا لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ناتۆ کۆدەبێتەوە. دوای ئەوەش سەردانی ستۆکهۆڵم، ڤیەننا و پاریس دەکات، چاوەڕێش دەکرێت دەنگۆی لادانی لە لایەن کۆشکی سپییەوە دەستی تیلەرسن لە گەشتەکەیدا لاواز بکات، بەڵام هیزەرت نۆوێرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە پێیوایە "تیلەرسن ئەو کەسە نییە کە وەها بە ئاسانی پەروباڵ بکرێ".



ئەو کەسەی بۆ شوێنی تیلەرسن دەستنیشانکراوە زۆر دژە ئێرانە



# باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە سـ

# شەڕی نێـــ

**رووداو- هەولێر**

شەڕی نێوخۆی سووریا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ. هێزەکانی لایەنگری حکومەت نیوەی رۆژئاوای سووریایان کۆنترۆڵ کردووە و هێزەکانی سووریای دیموکراتیش لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش لە پێشڕەویدان. تاوەکو ئێستا ئەو دوو هەڵمەتە بە جیا کاری خۆیان کردووە، بەڵام بەرپرسێکی پێشووی ئەمریکا لە سووریا پێیوایە ئەو رەوشە دەگۆڕێت و بۆ ئەمریکا واباشترە هەرچی زووترە بیر لە چۆنێتی دەرچوونی هێزەکانی لە سووریا بکاتەوە، چونکە درەنگ یان زوو هێزەکانی حکومەت، بە پشتیوانیی ئێران و رووسیا، هێز رەوانەی رۆژهەڵاتی سووریا دەکەن.

رۆبەرت سیتڤن فۆرد لە 2011 تاوەکو 2014 باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە سووریا و لە گەرمەی راپەڕینی خەڵکی سووریادا داوای کرد ئەمریکا یارمەتی پێشکەش بە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بکات، هەر بەهۆی خەمساردیی ئیدارەی پێشووی ئەمریکاشەوە دەستی لەکارکێشایەوە، بەڵام ئێستا باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە سووریا پێیوایە تاکە رێگا بۆ ئەمریکا مابێتەوە ئەوەیە "نەهامەتی ملیۆنان سووری سووک بکات".

## هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەسەد

رۆبەرت فۆرد لە وتارێکدا لەبارەی بژارەکانی ئەمریکا لە سووریا کە لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز) بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بۆ کۆمەڵێک فاکتەر دەکات کە هۆکاری سەرکەوتنی حکومەت لە رۆژئاوای سووریا بوون، لەوانەش ناکۆکی نێوخۆیی ئۆپۆزیسیۆن و رەتنەکردنەوەی گرووپە توندڕەوەکانی وەکوو بەرەی نوسرە، زۆربوونی هاوکارییە سەربازییەکانی تاران و مۆسکۆ بۆ دیمەشق لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی رابردوودا و کەمبوونەوەی هاوکارییەکانی تورکیا و ئەمریکا بۆ ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننە.

نزیکەی ساڵێک بەسەر کەوتنی رۆژهەڵاتی حەلەبدا تێدەپەڕێ کە بەبێ بەشداریی هێزی ئاسمانی رووسیا و میلیشیا شیعەکان مەحاڵ بوو هێزەکانی حکومەتی سووریا بتوانن تێیدا سەرکەوتوو بن. لەو کاتەوە مۆسکۆ هەوڵێکی زۆری بۆ کۆکردنەوەی حکومەتی سووریا و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی سووریا داوە کە بە چاودێریی ئێران، تورکیا و رووسیا بەڕێوەچوون. لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا

> ## پشتیوانیی ئەمریکا لە هێزە کوردییەکان کارێکی هەڵەیە

# عێراقی دوای داعـــ

**رووداو- ئەلبەیان**

وێڕای ئەو قسە و باسانەی ئاماژە بە شکستی داعش لە عێراق دەدەن و تیشک دەخەنە سەر رێککەوتنێکی نهێنیی مەزەندەکراو بۆ پاشەکشەکردنی چەکدارانی داعش لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی مابوونەوە، بەڵام راستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە: ئەگەرچی داعش لانیکەم لەڕووی سەربازییەوە کۆتایی هاتووە، بەڵام ناتوانرێ بگوترێ ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە بەیەکجارەکی لەناو چووە. شرۆڤەکاران دەڵێن دەربازبوون لە جەنگی داعش، مانای لەناوچوونی ناگەیێنێ.

عێراق ئەمجارەیان بەرەورووی قەیرانی گەورەتر و سەختتر دەبێتەوە لە رووی ئابووری، ئەمنی و سیاسییەوە. بۆیە گەشبینی بە داهاتووی نابینرێت و چاوەڕوانی رۆژانی سەختتر دەکرێ، هێشتا تارمایی دابەشبوونی بۆ سێ پارچەی (سوننە، شیعە و کورد) نەڕەویوەتەوە. هاوکات هەڕەشەی ئیقلیمیی لەسەرە، ناکۆکی تائیفیش لەلایەک. لەم نێوەندەدا، گەلی عێراق باجی قورسی داوە. ئەمە جگە لە چارەنووسی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە لە پشت زۆرترین پێشێلکاریی مافی مرۆڤەوەن لە عێراق.

## بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆیی

بەبڕوای زۆربەی لێکۆڵەرە سیاسییەکان، ئۆپەراسیۆنەکانی کۆنترۆڵکردنەوەی خاکی عێراق لەژێر چنگی داعش، نابێت تەنیا بە چاوی سەربازی سەیر بکرێت، چونکە بە وەستانی زرینگەی زنجیری تانکەکان و بۆردومانی فڕۆکەکان، دەنگی تەقە رادەگیرێ کە ئەمە قۆناغی یەکەمە و قۆناغی دیکەی بەدواوەیە. ئەوانیش بریتین لە گەڕاندنەوەی ژیان و دووبارە بنیاتنانەوەی ناوچە وێرانبووەکان. پاشان بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی کە ئەمەیان بەزەبری چەک و هێزی سەربازیی کۆتایی نایەت. ئەم قۆناغە سەختترین و دژوارترینیان دەبێت، چونکە تاوەکو ئێستا بۆچوونێکی گشتگیر و یەکگرتوو نییە لەبارەی وەلانانی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی رێکخراوی داعش و رێگری لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی.

## جەنگێکی بێ مردوو

بەشێک لە روانگە رۆژنامەڤانییەکان، سەرنجیان داوە، لە چەندین شار و شارۆچکەی ژێر دەسەڵاتی داعش کە گومان دەکرا ژمارەیەکی زۆر چەکداری داعشی تێدابێ، بەڵام سەرەڕای قورسیی شەڕ و بۆردومانەکان، هیچ تەرمێکی چەکدارانی داعش نەبینراون و هیچیشیان بە دیل نەگیراون. وەک ئەوەی جەنگێکی بێ مردوو روویدابێ. ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی بیر لە شیمانەی رێککەوتنی نهێنی بکرێتەوە کە چەکدارانی داعش بەبێ شەڕکردن و بەرگری پاشەکشەیان کردووە.

ئەفسەرێکی باڵای وەزارەتی بەرگریی عێراق بە روانگەی (میترۆ بۆ لێکۆڵینەوە)ی راگەیاندووە کە بەپێی دوایین راپۆرتی هەواڵگری لەبارەی ئەو ناوچانەی بەمدواییە ئازادکراون، هیچ تەرمێکی داعش لەو ناوچانە نەبینراوە، هیچ چەکدارێکی داعیش بەدیل نەگیراوە. راپۆرتەکان ناتوانن شرۆڤەی دۆخەکە بکەن و تەنیا نووسیویانە، چەکدارەکان پاشەکشەیان کردووە، بۆ رێگریش لە دەستگیرکردنیان، چەند خۆکوژێکیان جێهێشتووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کاتی بەریان پێ بگرێت.

بە پاککردنەوەی ئەم ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی داعش بوون و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە کۆنترۆڵ کراونەتەوە، زنجیرەیەک کێشەی کۆن و نوێ سەریانهەڵداوەتەوە، بەتایبەتی خاوەندارێتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، کێشەی پێکهاتەکان دووبارە سەری هەڵداوەتەوە کە بەشێکیان رەهەندێکی کۆنیان هەیە، بەڵام بووەتە مژارێکی گرنگ.

پسپۆڕان پێیانوایە پرۆژە "کۆن-نوێ"ییەکە کە دابەشبوونی عێراقە، لەگەڵ سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی سوپای عێراق لە دژی تیرۆریستان، دووبارە هاتووەتەوە سەر ئەرزی واقیع. بەشێک لە سوننەکان پێیانوایە پرۆژەی هەرێمەکان بەشێکە لە پیلانگێڕی بۆ دابەشکردن و پارچەپارچەکردنی عێراق، لە بەرامبەردا بەشێکی دیکەی ئەم رەوتە پێیانوایە پرۆژەی بە هەرێمکردنی عێراق، سەمامی ئەمان دەبێ بۆ نەکەوتنە پەراوێزەوە.

شرۆڤەکاران وای بۆ دەچن، شکستی هەوڵە سیاسییەکان لە کۆکردنەوەی هێزەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ و سازانی نیشتمانی، لەپاڵ ئەمەشدا پێشێلکارییە بەردەوامەکانی حەشدی شەعبی بە رەهەندێکی تایفییەوە، دۆخەکەی هێندەی دیکە ئاڵۆز کردووە.

بەرپرسێکی باڵا لە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا رایگەیاند، داعش لە 104 وڵاتی جیهاندا نزیکەی 35 هەزار چەکداری کۆکردبووەوە. لە ماوەیەکی دیاریکراودا

## لایەنی دۆڕاوی گرێبەستەکە تورکیایە

# گرێبەستێکی پڕ لە کێشە لە نێـــ

**رووداو- هەولێر**

لە هەوڵێکدا بۆ بەهێزکردنی سیستەمی دژەمووشەکی وڵاتەکەی، تورکیا رێککەوتنی کڕینی ژمارەیەک مووشەکی لەگەڵ رووسیا واژۆ کرد. بەرپرسانی تورکیا هیواخوازن ئەو رێککەوتنە هەڕەشەکانی رووسیا لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا کەم بکاتەوە و دەرگایەکیشیان لە سووریا بۆ بکاتەوە. بەڵام شارەزایان پێیانوایە ئەو گرێبەستە دەکرێت ئاکامی پێچەوانەی بۆ تورکیا هەبێت. پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن (MEI) لە راپۆرتێکی تایبەتدا پاڵنەر و ئاکامەکانی ئەو گرێبەستە روون دەکاتەوە.

## تورکیا و بینینی رووسیا وەکوو هەڕەشە

ناکۆکییەکانی رووسیا و تورکیا لە شەڕی نێوخۆی سووریادا کورت نابێتەوە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە سەدەی 18 و 19 درێژ دەبێتەوە کە تێیدا ئیمپراتۆریەتی رووسیا و عوسمانییەکان چەندین جەنگی خوێناوییان کرد و لە زۆرینەشیاندا عوسمانییەکان ناچار بە پاشەکشێ بوون.

لە قۆناغی شەڕی ساردیشدا، تورکیا بەشێک بوو لە دیواری بەرگریی ناتۆ لە بەرامبەر هەڕەشەکانی یەکێتیی سۆڤیەت. لە دوای شەڕی ساردیش، پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەنقەرە و مۆسکۆ دیسان تووشی کێشەی گەورە هاتن، کاتێک رووسیا لە ساڵی 2008 هێرشی کردە سەر جۆرجیا، ئەمریکا لە رێگای دەریای رەشەوە هاوکاریی مرۆیی بۆ جۆرجیا رەوانە کرد. ئەوکات رووسیا داوای لە تورکیا کرد رێگە نەدات ئەمریکا لە رێگەی سنووورە ئاوییەکانی تورکیاوە هاوکاریی رەوانەی جۆرجیا بکات.

سەرەڕای ئەو مێژووە پڕ لە ناکۆکییە، پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان ئەنقەرە و مۆسکۆ بەردەوام پەرەی سەندووە، ئەمەش رێک ئەو فاکتەرە بووە کە رووسیا وەکوو کارتی گوشار لەسەر تورکیا بەکاریهێناوە.

لوتکەی بارگرژیی نێوان تورکیا و رووسیا لە تشرینی دووەمی 2015 دا بوو، کاتێک تورکیا فڕۆکەیەکی رووسیی خستە خوارەوە. ئەو رووداوە نەک هەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان دوو وڵاتەکەی وەستاند، بەڵکو بیانووشی بە رووسیا دا سیستەمی دژەمووشەک لە حمێمیم لە سووریا جێگیر بکات، دواجاریش رەجەب تەیب ئەردۆغان، کە ئەوکات سەرۆکوەزیران بوو، ناچار بوو داوای لێبووردن لە مۆسکۆ بکات.

ئەو مێژووە درێژە لە ناکۆکی، جموجوڵەکانی ساڵانی دوایی رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و خەمساردیی ناتۆ لە پاراستنی ئاسایشی ئاسمانیی تورکیا، ئەنقەرەی ناچار کرد تاکلانەیە مامەڵە لەگەڵ هەڕەشەکانی رووسیا بکات.

تورکیا یەکەمجار لە کاتی شەڕی یەکەمی کەنداودا هەستی کرد پێویستی بە سیستەمی دژەمووشەکە، ئەویش پاش ئەوەی سەدام حوسێن هەڕەشەی مووشەکیی لە تورکیا کرد. بەڵام جموجوڵی رووسیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سیستەمی مووشەکیی ئێران لە چەند ساڵی رابردوودا، بڕیاردەرانی تورکیای گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی سیستەمی دژەمووشەکی پێویستییەکی جەوهەرییە.

تورکیا خاوەنی پیشەسازی دروستکردنی ئەو جۆرە سیستەمە نییە، بۆیە ناچار بووە بەردەوام چاوی لە دەستی هاوپەیمانەکانی بێت لە ناتۆ. لە روانگەی تورکیاشەوە ناتۆ وەکوو پێویست بەدەم ئەو داواکارییە

سووریا:

# ـــــوان کورد و هێزەکانی ئەسەد شتێکی حەتمییە

تاران، ئەنقەرە و مۆسکۆ پلانێکیان راگەیاند بۆ دانانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن لە رۆژئاوا و باکووری رۆژئاوای سووریا وەکوو ناوچەی ئارام. فۆرد جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکومەتی سووریا هەرکاتێک لە قازانجی خۆی بووبێت، ئاگربەستی پێشێل کردووە، بەجۆرێک تەنیا ئیدلیب لە باکووری رۆژئاوای سووریا جۆرێک لە ئارامی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم پابەندبوونە رێژەییەش بە ئاگربەستەکان "دەستکەوتی سەربازیی گەورەی بۆ سووریا پێوە بووە"، ئەو دیپلۆماتکارەی پێشووی ئەمریکا بە دووری دەزانێت "دیمەشق بۆ هەمیشە پابەندی ئاگربەست بێت".

حکومەتەکەی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا، لە دانوستاندنەکانی ئاشتیی سووریادا هەموو جۆرە چاکسازییەکی ریشەیی لە سیستەمی سیاسی سووریا رەتکردووەتەوە، مانەوەی ئەسەدیش بە هێڵی سوور دەزانێت. لە لایەکی دیکەشەوە ئۆپۆزیسیۆن، لاچوونی ئەسەد لەسەر کورسی دەسەڵات بە مەرجی سەرەکی هەموو رێککەوتنێک دەزانێت. فۆرد پێیوایە "لەوانەیە حکومەتی سووریا لەسەر گۆڕینی سەرۆکوەزیران، وەزیری کولتوور یان وەزیری ئابووری رێکبکەوێت، بەڵام داوای شەفافیەت و هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە قەبوڵ ناکات. ئەمەش واتە دەوڵەتە ئەمنییە تاوانکارەکەی جاران لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە".

### بژارە خراپەکانی بەردەستی ئەمریکا

هەڵمەتی لەناوبردنی داعش کە بیانووی بەشداریی ئەمریکا بوو لە قەیرانی سووریا، وا کۆتایی دێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆشکی سپی دەبێت بڕیار لەسەر چارەنووسی هێزەکانی خۆی لە سووریا بدات. سەرەتای بەشداریی ئەمریکا لە شەڕی سووریا بۆ کاتی هێرشەکانی داعش بۆسەر کۆبانێ دەگەڕێتەوە، دواتریش ئەو هاوکارییە بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بەردەوام بوو کە بە دەستپێشخەریی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دامەزران. فۆرد شەڕی نێوان هێزەکانی رۆژئاڤا و هێزەکانی لایەنگری ئەسەد بە شتێکی حەتمی دەزانێت، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە بەشداریی ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە هێزە کوردییەکان "هەڵەیە"، چونکە هیچ لایەنێک ئامادە نییە لە رۆژهەڵاتی سووریا یارمەتی ئەو هەنگاوەی بدات، حکومەتی تورکیا و ئێران کە خۆیان کێشەی کوردیان هەیە، پشتگیری لە هەڵمەتەکەی ئەسەد دەکەن، جگە لەمەش رۆبەرت فۆرد بۆچوونی وایە "هیچ ئیرادەیەکی سیاسی نییە لە ئەمریکا کە پشتگیری لە شەڕی ئەمریکا لە قازانجی هێزە کوردییەکان یان هۆزە عەرەبەکانی دێرەزوور بکات، جگە لەمەش رۆژهەڵاتی سووریا هیچکات بۆ ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا گرنگ نەبووە".

ئیسرائیل و ئەمریکا نیگەرانن لەوەی میلیشیا شیعەکانی بەشدار لە شەڕی سووریا پێگەی ئێران لە بەرزاییەکانی جۆلان بەهێز بکات. باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا ئەو نیگەرانییە بە "رەوا" دەزانێت، بەڵام جەختیش لەوە دەکاتەوە کە "سووریا شوێنی بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازییەکانی ئێران نییە". بەدووری دەزانێت رووسیاش کە بەرژەوەندی سیاسی و بازرگانیی هاوبەشی لە قەوقاز و ئاسیای ناوەندی لەگەڵ ئێران هەیە، ئەو بەرژەوەندییانە بکاتە قوربانیی پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل.

فۆرد دەڵێت ئیسرائیل و ئەمریکا پارساڵ بڕیاری خۆیان داوە "مادام قەبووڵیان کردووە ئەسەد لەسەر کورسیی دەسەڵات بمێنێتەوە، کەواتە دەبێ ئەوەش قەبوڵ بکەن کە ئێران هێزێکی کاریگەری دەبێت لە سووریا".

لە وتارەکەیدا فۆرد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هاوکاریکردنی حکومەتی سووریا بۆ بنیاتنانەوەی سووریا بژارەیەکی دیکەی هەڵەیە، چونکە هەموو هاوکارییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دواجار دەچنەوە نێو گیرفانی کۆمەڵێک گرووپی نزیک لە ئەسەد. بە بۆچوونی دیپلۆماتکارەکەی پێشووی ئەمریکا "واشنتن و هاوپەیمانەکانی هەر شتێکیش بۆ هاوکاریی حکومەتی سووریا بکەن، دواجار خەڵکی سووریا هەر بەدەست گەندەڵی، درندەیی و ئیدارەکردنی خراپی ئابوورییەوە دەناڵێنن."

یەکێک لەو ئارگومێنتانەی سیاسەتکاران و شرۆڤەکاران بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەیخەنەڕوو ئەوەیە کە بوونی ئەو هێزانە دەتوانێت تاوەکو ئاستێک مافەکانی مرۆڤ و بەها دیموکراتیکەکان بپارێزێت. فۆرد بۆچوونێکی دیکەی هەیە و پێیوایە "حکومەتی سووریا بڕیاری داوە هەموو ناوچەکان کۆنترۆڵ بکاتەوە، ئایدیۆلۆژیای بەعسی سووریا دژی بیرۆکەی لامەرکەزییە، جگە لەمە سوورییەکان هیچ ئەزموونێکی دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر پارێزگاکان و شارەکانیان نییە." بۆیەش ئەستەمە ئەسەد مل بۆ چاکسازیی راستەقینەی سیاسی و ئیداری بدات.

> واشنتن دەبێ سووریا جێبهێڵێت

### ئەمریکا چی لەبەردەست ماوە؟

رۆبەرت فۆرد کە ئێستا لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە واشنتن، پێیوایە کۆشکی سپی تەنیا یەک بژارەی لەبەردەست ماوە بۆ ئەوەی "خێرێکی بۆ خەڵکی سووریا هەبێت"، ئەویش "یارمەتیدانی پەنابەرە سوورییەکان لە میسر، ئوردن، لوبنان و تورکیایە" کە دەکرێت بۆ دوورخستنەوەی پەنابەرە سوورییەکان لە گرووپە توندئاژۆکان سوودی هەبێت. فۆرد نایشارێتەوە کە جێگەی داخە ئەمریکا دوای نزیک حەوت ساڵ لە شەڕی سووریا تەنیا ئەم بژارەیەی بەدەستەوە مابێت، بەڵام "ئێستا ئەمریکا لەمە باشتری پێناکرێت".

# ـــــش وێرانتر دەبێ

کۆتایی رێکخستن

لەدوای نەمانی داعش فۆکسی چاودێران لەسەر چارەنووسی عێراقە. بەرەو لێکترازان یاخود یەکگرتن؟! یاخود بەریەککەوتنێکی کراوە. هەروەها بوونی کۆمەڵێک میلیشیا و هێزی چەکداری لەسەر سفرەیەکی جیاواز. ئەمە لە کاتێکدایە کە بودجەی وڵات بۆش و بەتاڵە.




40%ی خاکی عێراقی داگیرکرد کە نزیکەی 108 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە بوو. هەروەها نزیکەی نیوەی سووریاشی داگیر کرد کە نزیکەی 95 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە بوو. بەمەش لە هەر شەش کیلۆمەتر چوارگۆشەدا چەکدارێکی داعش هەبووە.

### چاوەڕوانی پێکهاتەکان

د.تەها رەمەزان مامۆستای زانستە سیاسییەکان، پێیوایە عێراقی دوای داعش ئاڵۆزتر دەبێت. ئەو دەڵێت "ئامانجی کورد هەر لەسەرەتای هەنگاوەکانییەوە لەبار برا کە ویستی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، چونکە پێیوابوو عێراق ناگەڕێتەوە دۆخی پێش داگیرکردنی مووسڵ".

چاوەڕوان دەکرێت هەژموونی حەشدی شەعبی لەوەی ئێستا زیاتر بێت و پرسی تۆڵەسەندنەوەش روو لە زیادبوون بکات. پاڵپشتیکردنی ئێران بۆ حەشدی شەعبی، پاوانخوازییەکەی لەسەر ئەرزی واقیعدا زیاتر بکات، بەتایبەتی کە فەرماندە سەربازییەکانی ئێران لە زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکانی حەشدی شەعبیدا بەشداری مەیدانییان کردووە. ئەمەش مانای زیاتر دەبەخشێت بەوەی ئێران لە عێراق باڵادەست بێت و شەڕێکی مەترسیدار بۆ یەکلاکردنەوەی حیساباتەکان دەستپێبکات و لە چوارچێوەی شەڕی تایفەگەری هەنگاوی خێرا بنێ. ئەمریکاش درک بەوە دەکات، بنبڕکردنی داعش لە عێراق و جێهێشتنی دۆخەکە بەبێ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی، رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ زیادبوونی هەژموونی ئێران بەسەر عێراق و دواتر بەسەر ناوچەکەدا.

### نەبوونی سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو

بنبڕکردنی داعش ئامانجی هاوبەشی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان بوو، هۆکارێکیش بوو بۆ تێپەڕاندنی ناکۆکییەکانیان، بەڵام ئاراستەی کارەکە تەواو پێچەوانە بووەوە، لەبری یەکگرتنی لایەنە سیاسییەکان، کەچی پەرتەوازەیی زیاتر بوو، هێرشکردنە سەر بارەگای حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، زەنگی یەکەمی مەترسیداربوونی دۆخەکە بوو کە دواتر شەڕی ناوخۆی نێوان لایەنە سیاسییەکانی لێدەکەوێتەوە و لە هەندێک شوێنیش لێیکەوتووەتەوە.

### میلیشیاکانی سەر بە ئێران

قۆناغی دوای داعش قۆناغێکی سەخت و دژوارتر دەبێت لە قۆناغی سەردەمی داعش. سەرهەڵدانی میلیشیا چەکدارەکان و کۆکردنەوەی چەک و تفاق یەکێک دەبێت لە کێشە ئاڵۆزەکان کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی یەکجارەکی بۆ کۆتایی داعش، چەخماخەی مەترسییەکە لێیداوە. مەترسییەکە زۆر زیاتر دەبێ ئەگەر زۆربەی ئەو چەک و تفاقانە بکەونە ژێر دەستی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئێران.

سەباح بەرەکات، هاووڵاتییەکی عێراقی خەڵکی بەسرەیە بە نیگەرانییەوە دەڵێت "دووبارە گەڕانەوەی میلیشیا چەکدارەکان دوای کۆتایی داعش، کارێکی زۆر مەترسیدارە. خراپیی دۆخی عێراق و نەبوونی متمانەی شەقام بە سەرکردایەتیی سیاسی و زاڵبوونی بەرژەوەندیی حیزبی و گرووپەکان بەسەر بەرژەوەندی گشتیی و سەپاندنی سیاسەتی ئەمری واقیع بەپاڵپشتی و هەژموونی ئەجێندای دەرەکی، هەموو ئەوانە وا لە هاووڵاتیی دەکەن نیگەران بێت".

# ـــــوان رووســـــــــیا و تورکیا


سیستەمی دژەمووشەکی (S_400)ی رووسی لەگەڵ سیستەمەکانی بەرگریی ناتۆدا ناکۆکە

ئەمنییەی ئەنقەرەوە نەهاتووە، ئەمەش کاربەدەستانی تورکیای گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی دەبێت روو لە وڵاتانی دیکەی وەکوو چین و رووسیا بکەن، هەرچەندە ئەمە کێشەی گونجانی سیستەمەکەیان لەگەڵ سیستەمی ناتۆ بۆ دروست دەکات.

### کێشەی کڕینی سیستەمی دژەمووشەک لە رووسیا

سیستەمی دژەمووشەکی (S_400)ی رووسیا لەگەڵ سیستەمەکانی بەرگریی ناتۆدا نایەتەوە، بەم حاڵەشەوە لە ئەیلولی 2017 دا حکومەتی تورکیا رایگەیاند کە گرێبەستی کڕینی ئەو سیستەمەی لە رووسیا تەواو کردووە و تەنانەت 2.5 ملیار دۆلاریشیان وەکوو پارەی پێشوەخت داوە. بەگوێرەی راپۆرتەکەی (MEI)، تورکیا دەیەوێت لە رێگەی ئەم گرێبەستەوە هەڕەشەکانی رووسیا کەم بکاتەوە، بەڵام ئەو هیوایە سەرناگرێت. کۆمپانیای روستێک، بەرهەمهێنەری سیستەمی دژەمووشەکی (S_400) رایگەیاندووە کە گواستنەوەی تەکنۆلۆژیاکە بۆ تورکیا دانوستاندنی لەسەر نەکراوە، میدیاکانی رووسیاش ئاشکرایان کردووە کە سۆفتوێری فەرماندەیی و چاودێری و چاککردنەوەی سیستەمەکە بە تورکیا نادرێت، لەبەر ئەوەی "زانیاری نهێنی سیستەمی بەرگریی رووسیایان تێدایە".

کێشەیەکی دیکەی ئەو گرێبەستە ئەوەیە کە لەگەڵ بەشێکی زۆری سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی تورکیادا ناگونجێت، لەبەر ئەوەی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی تورکیا بە جۆرێک دانراوە کە دەتوانێت زانیاری لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ناتۆدا ئاڵوگۆڕ بکات. نە رووسیا و نە ناتۆش رێگە نادەن سیستەمە دژەمووشەکی و ئاسمانییەکەیان بە یەکەوە ببەسترێنەوە. کڕینی سیستەمی دژەمووشەکی رووسی کێشەی گەورەش لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیادا دروستدەکات، بە تایبەتیش کە تورکیا لە نێوان ئەو وڵاتانەدایە چەکی تایبەتی ئەمریکایان پێدەفرۆشرێت، لەکاتێکدا رێککەوتنی تورکیا و رووسیا لەبواری سەربازیدا دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی سەتان شارەزا و راهێنەری ئەمنی و سەربازیی رووسیاش رەوانەی تورکیا بکات. بەپێی راپۆرتەکەی پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، گرێبەستەکەی نێوان مۆسکۆ و ئەنقەرە نەک هەر هەڕەشەکانی رووسیا لەسەر تورکیا کەمتر ناکاتەوە، بەڵکو کارتی گوشارێکی نوێ لەدژی تورکیا و ناتۆ دەداتە دەستی مۆسکۆ کە رووسیا دەتوانێت لە کاتی پێچەوانەبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی و تورکیا، یان وڵاتانی رۆژئاوایی، بەکاری بهێنێ. ئەنقەرە ئێستاش لایەنی لاوازی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و رووسیایە، لە کاتێکدا نزیکەی نیوەی پێداویستیی وزەی تورکیا لە رووسیاوە دابین دەکرێت و سێیەم گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی رووسیایە و یەک لەسەر سێی هەموو هاوردەکانی تورکیا لە رووسیاوە دێت. ئەم وابەستەبوونە بازرگانی و ئابوورییە وادەکات ئەنقەرە بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی سیاسەتەکانی رووسیادا بێت، بێ ئەوەی بژارەیەکی ئەوتۆی لەبەردەست بێت بۆ ئەوەی بەرپەرچی هەنگاوەکانی رووسیا بداتەوە.

تیمی ئامادەکاری راپۆرتەکە جەخت لەوە دەکەنەوە ئەو رێککەوتنە نەک هەر سیستەمی دژەمووشەک و بەرگریی ئاسمانی تورکیا بەهێزتر ناکات، بەڵکو بەدگومانییەکی زۆریش لە ناو ماڵی ناتۆ بەرامبەر ئەنقەرە دروستدەکات، کە لە درێژخایەندا دەکرێت سەرئێشەی زیاتر بۆ ئەنقەرە دروستبکات، بەتایبەتیش کە رووسیا بەهۆی بەشداری لە شەڕی نێوخۆی سووریا توانیویەتی لە باشووریشەوە ببێتە دراوسێی تورکیا.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# گفتوگۆی بەغدا و کوردستان

هەر لەوکاتەوەی باشووری کوردستان لکێندرا بە عێراقی عەرەبییەوە، لەسەر دیاریکردنی سنووری جوگرافیا، زمان، هاوبەشی لە حوکمڕانیکردن و زۆر بابەتی تر، کێشە لە نێوان دەسەڵاتدارانی بەغدا و گەلی کوردستان سەری هەڵدا. بەدرێژایی ئەو نەوەت ساڵەی رابردوو دەیانجار گفتوگۆ و شەڕ و دانوستاندن و رێککەوتن لەنێوان هەردوولا کراوە، بەڵام هیچ کات بە ئەندازەی ئێستا کورد لە دەرگای بەغدای نەداوە بۆ گفتوگۆکردن و بەغدا ئامادەی وتووێژ نەبووبێت. تەنانەت لە هەرە بارودۆخە دژوارەکانی کوردستاندا کە گەلی کورد خاوەن بستێ خاکی رزگارکراویش نەبوو، بەغدا گفتوگۆی لەگەڵ رەتنەکردەوە.

لە زۆربەی ئەو قۆناغانەدا بەغدا دەستپێشخەر بووە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی کوردستان، هۆکارەکەشی بە دەربڕینێکی زۆر سادە ئەوە بووە کە کورد بووە بەمایەی سەرئێشە بۆ بەغدا، بۆیە هەمیشە بەغدا دەرگای کراوە بووە بۆ ئەوەی کێشەکانی کەم بکاتەوە. بیرەوەری ئەو سەرکردە و رابەرانەی قۆناغە جیاجیاکانی شۆڕشی کورد چیرۆکی زۆریان لەوبارەیەوە بۆ تۆمارکردووین. تەنانەت لە چرکەساتی ئەنجامدانی تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفالیشدا کە کوردستان کرابووە خۆڵەمێش، بەغدا دەرگای گفتوگۆی بە رووی کورددا دانەخستووە.

پرسیارەکە ئەوەیە هۆکار چییە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە کوردستان زیاتر لە دە جار لە دەرگای بەغدای داوە بۆ گفتوگۆ و بەغدا دەرگای لێ ناکاتەوە؟ تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیش نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا و زۆر کەسایەتی دۆستی هەردوولا داوا لە بەغدا دەکەن دەست بەگفتوگۆ بکات و بەغدا داوای هەموویانی فەرامۆش کردووە. گەرچی هۆکارەکان زۆرن، بەڵام دوو هۆکاری سەرەکی نهێنی پشت ئەو غرورەی بەغدان ئەوانیش: یەکەمیان کورد ئێستا کێشە نییە بۆ بەغدا، دووەمیان ئەو راستییەیە کە بەغدا سێبەرە و بابەتەکە لەدەستی ئێراندایە. بۆیە گرنگە کوردستان ئەمە لەبەرچاو بگرێت کە هەموو هەوڵێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێوشوێنی دەستووری بگرێتەبەر، ئەگەر بێ ئاکام بوو یان ئەوەتا دەبێت بچێت لەگەڵ ئێران رێکبکەوێت، یاخود ستراتیژێک دابڕێژێت ببێتە سەرچاوەی کێشە بۆ عێراق.

پێچەوانەی ئەوەی رەخنەیەکی زۆر لە هەرێم دەگیرێت لەسەر ئەوەی سازش دەکات بۆ بەغدا و ئەو تەئکیدکردنەوە بەردەوامە لەسەر پابەندێتی بە دەستوور هەرێمی کوردستان لاواز دەردەخات، من دەڵێم کوردستان لەم قۆناغەدا زۆر پێویستی بەوەیە درێژە بەو سیاسەتەی بدات، چونکە ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەردا روویدا ئامانجەکە تەنها ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان نەبوو، بەڵکوو هەموو کوردستان بوو. ئێستاش بەغدا هەمان ئامانج و ستراتیجی هەیە، بەڵام ئەوەی رایگرتووە، هەندێ بەرگری و لێکەوتەکانی ئەو جۆرە لە سیاسەتکردنەی کوردستانە.


کێشەکان و قەیرانەکەش تەنها بەوە تێناپەڕێت، ئەمە جۆرێکە لە یاریکردن بە کات کە لە ئێستادا پێویستمان پێیەتی و رێگەیەکە بۆ بەتاڵکردنەوەی سیحری بەغدا. بەڵام بەغداش کارتی بەهێز و رێگەی گوشاری زۆری هەیە لەسەر هەرێم وەک ئەوەی ئێستا کردوویەتی بەمەرجی پێشوەختەی بۆ گفتوگۆ، ئەویش جێبەجێکردنی ئەو بەند و برگانەی دەستوورە کە بەغدا بەلایەوە گرنگە و پێیوایە بەهۆیانەوە دەستوپێی هەرێمی پێ دەبەستێتەوە. بێگومان ئەگەر بەخواستی ئێمەش بێت، دەبێت بەغدا ئەو بەندانەی دەستوور جێبەجێ بکات کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندایە. گرنگە کوردستان ئەمە بقۆزێتەوە و ئەگەر بتوانێ لایەنی سێیەم بێنێتە ناوەوە وەک ناوبژیوان بۆ جێبەجێکردنی دەستوور، یان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە رێوشوێنی دەستووری، ئەوە هەرێم براوە دەبێت. چونکە دەستووری عێراق جۆرێک لە هاوسەنگیی تێدایە، ئەگەر چەند برگەیەکی بە قازانجی بەغدا بێت، بە ئەندازەی ئەوەش لە چەند بەندێکی تردا بەرژەوەندیی کوردستانی تێدایە.

لە رابردووشدا سەرچاوەی کێشەکان و نائومێدبوونی کورد لە بەغدا بەهۆی لادان لە دەستوور و ئەو پرەنسیپە گشتیانەوە بوو کە عێراقی لە وڵاتێکی هاوبەشەوە بەرەو حوکمێکی تایفی برد. سەرباری ئەوەی سەربەخۆیی کوردستان ئامانجی گەلی کوردستانە، بەڵام کورد وەک بژارەیەکی ناچاری رێگەی ریفراندۆمی گرتەبەر، چونکە هیچ هیوایەکی بەوە نەمابوو کە عێراق پابەندی دەستوور دەبێت و ئەو شێوازە لە حوکمڕانی و گرتنەبەری سیاسەتی پاکتاوکردنی جیاوازی کە لە کریستیانەکانەوە دەستپێکرد و پاشان عەرەبی سوننەی کردە ئامانج. کورد مافی خۆی بوو بەدوای دەروازەکانی رزگاریدا بگەڕێت کە ئەنجامەکەیمان بینی بەغدا وەک راوچییەک بەچاوی نێچیرێکی بێ پێ تەماشای کوردستانی کردووە و بەجۆرێک هەڵمەتی بۆ هێنا تا نەهێڵێ لەدەستی دەربچێت.

بەهۆی ئەوەی بەغدا هەڵبژاردنی لەپێشە، ئێستا گەرمترین بابەتێک لەناو شیعە بتوانرێت دەنگی پێ کۆبکرێتەوە، دوژمنایەتیکردنی کوردە. بۆیە بەغدا تا پێی بکرێت تا دوای هەڵبژاردن ئامادەی گفتوگۆیەکی جدی نابێت و ئەم کارتە گەرمە لەدەستی خۆی دەرناکات. گرنگە هەرێمی کوردستان ئەمە بقۆزێتەوە بۆ زیاتر راکێشانی سەرنجی دۆستەکانی لە ناوەوە و لە ئاستی نێودەوڵەتی و بۆ ئیحراجکردنی بەغدا زیاتر داوای گفتوگۆ بکات، هەرچەندە هیچیش لە بەغدا ناچنێتەوە. پێرێ لەوەڵامی هەوڵە نێوەندگیرییەکەی سەرۆکی فەڕەنسادا بەغدا ئەوەی بە دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی عێراق ناوبرد و بەرپرسی مەلەفی کوردی لە هاوپەیمانی شیعەکانیش گوتی حکومەتی هەرێم نوێنەرایەتی هەموو حیزبەکان ناکات، بۆیە گفتوگۆی لەگەڵ ناکەین و لە قۆناغەکانی دواتریشدا دوور نییە بڵێن هەموو باڵ و تەکەتولە جیاوازەکانی ناو حیزبەکانی کوردستان یەک هەڵوێست نین، بۆیە لەگەڵتان دانانیشین.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێویستە هەرێم بۆ گفتوگۆیەکی چارەنووسساز ئامادە بکات کە خەریکە دەبێتە خواستێکی نێودەوڵەتی. بۆ ئەوەی لە ئەگەری دەستپێکردنی ئەو پرۆسەیەدا وەک خاوەن هەق دەربکەوێت و ئۆباڵی رووداو و کێشەکان بخرێتە سەر بەغدا، دەبێ هەرێم وەک داکۆکیکار لە دەستوور و بەغدا وەک لادەر لەدەستوور بخرێتەڕوو. بۆ ئەمەش پێویستی بەوەیە لە ئێستاوە تیمێک لە کەسانی شارەزای دەستووری پێکبێنێت لە بەندی یەکەمی دەستوورەوە تا دوا خاڵی دیراسە بکرێت، کام بەند و برگە فەرامۆش کراوە، لادانی دەستووری لەچیدا کراون نەک هەر بەرانبەر بە کوردستان بەڵکو لە تەواوی عێراق و لە مافی پێکهاتەکانی تریش.

هەروەها ئەوانەی پەیوەندیان بە کوردەوە هەیە لە سەلماندنی زمانی کوردی و کارپێکردنی لە عێراق، پشکی لە سوپاو دامەزراوە ئەمنی و مەدەنییەکان، مادەی 140، مووچە و بودجەی پێشمەرگە و فەرمانبەران، قەرەبووی ناوچە زیانلێکەوتووەکانی دەستی رژێمی بەعس کە کوردستان پشکی شێری بەرکەوتووە. بابەتی دەستکاریکردنی سنوور و داگیرکردنی لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، گرتنەوەی سەرچاوەکانی ئاو لەلایەن تورکیا و عێراقەوە. زۆر بابەتی تریش هەن کە شارەزایانی دەستووری دەیزانن و دەبێت کورد بیکاتە مەرجی جێبەجێکردن. ئەگەر ئەمە نەکات دواجار هەموو هەوڵەکانی بۆ ناوبژیوان و گوشارەکانیشی لەسەر بەغدا بەوە کۆتایی دێت ئەوەی لە دەستووردا بە قازانجی بەغدایە جێبەجێ دەکرێت.



د. هونەر خۆشەوی عیسا*

# بومەلەرزە و پێوەرەکانی بیناسازی لە کوردستان

رۆژی 12ی نۆڤێمبەری 2017، کوردستان رووبەڕووی یەکێک لە ترسناکترین و زیانبارترین دیاردە سروشتییەکان بووەوە کە ئەویش بومەلەرزەیەکی بەهێز بوو. بەگوێرەی راپۆرتی ناوەندی جیۆلۆجی ئەمریکا، سەنتەری بومەلەرزەکە بە قووڵایی 19 کیلۆمەتر لە 30 کیلۆمەتریی باشووری هەڵەبجە بووە.

بەپێی قسەکانی دکتۆر نزار نەعمان کە پرۆفیسۆرێکی دیاری جیۆلۆجیا و راگری گشتیی زانینگەی ئەمریکیی کوردستانە لە دهۆک، دوایین جار کە بومەلەرزەیەکی لەو شێوەیە کوردستانی گرتبێتەوە 100 ساڵ پێش ئێستا بووە. هەرچەندە بومەلەرزەکە لە هەرێمی کوردستان بە پلەی رێختەری 3.7 بوو، کەچی لە تەواوی کوردستان کەمتر هەستی پێکرا بە بەراورد بەوەی لە پارێزگای کرماشان روویدا، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە پارێزگای کرماشان لەسەر پشتینەی سووری بومەلەرزەیە و زیانێکی زۆری بە ناوەندی ناوچەی بومەلەرزەکە گەیاند.

هەرچەندە حکومەتی ئێران یاسای توندی هەیە لەبواری بیناسازی، کەچی زۆربەی خانووەکانی ناوچەی بومەلەرزەکە نەیانتوانی خۆیان رابگرن و بەشێکی زۆری ئەو بینایانە رووخان و زیانێکی زۆری گیانی و ماددی لێکەوتەوە. بەڵام زیانێکی کەمتری بە هەرێمی کوردستان گەیاند. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئاخۆ بینا و باڵەخانەکانی کوردستان هەروا بەهێز و خۆڕاگر و بێ زیان دەمانەوە ئەگەر بهاتبا رووبەڕووی بومەلەرزەیەکی هاوشێوەی کرماشان ببانەوە؟

ئەگەر خوێندنەوەیەکی سەرپێیی بۆ بینا و باڵەخانەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین کە بەشێکی زۆری بیناکان ناتوانن خۆیان لەبەردەم بومەلەرزەیەکی وەها بەهێز رابگرن. خانووە بچووکەکان و ڤێلاکانی هەرێمی کوردستان خاڵێکی بەهێزی بەستنەوەیان لە نێوان هەیکەلی سەرەکی و بناغەکەیدا نییە. هەربۆیە هەموو فشارەکان دەکەونە سەر دیوارە راگرەکان کە تەنیا دەتوانن لەئاست هێزی کێشکردنی زەوی خۆیان رابگرن. لەلایەکی ترەوە، سەقفی بیناکان بەتەواوی لەسەر ئەم دیوارانە راگیرکراون و رووبەرێکی بچووکی بەریەککەوتنی هەیە تا بەرگەی لێدانە ئاسۆییەکان بگرێت. بۆیە دەشێ ڕوودانی هەر لێدانێکی ئاسۆیی وەک بومەلەرزە یاخود رەشەبایەکی بەهێزو توند ببێتە هۆی بەرکەوتنی زیانێکی زۆر بەو بینایانە، تەنانەت تا ئەوەی ببێتە هۆی داڕووخانی بیناکان. بەپشتبەستن بە ئەزموونی کەسیی خۆم، هەندێک لە خاوەن خانوو و ڤێلاکانی کەرتی تایبەت پشتیان بە بیناکردنی باڵەخانە بەستووە کە پێکهاتەیەکی دژە زەمین لەرزەی هەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێک لە باڵەخانە بەرزەکانی کوردستان بەشێوەیەک بیناکراون کە نەک تەنیا بەرگەی بومەلەرزە دەگرن، بەڵکو بەرگەی رەشەبایەکی توند و بەهێزیش دەگرن.

وڵاتە رۆژئاواییە پێشکەوتووەکان لەرێگای رێساکانی بیناکردنەوە کارێکیان کردووە کە ئەندازیارەکان خوێندنەوەی تەواو بکەن و سەرجەم پێداویستییەکانی بیناکردن دابین بکەن کە بتوانێت بەرگەی بومەلەرزە بگرێت. بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافیی باڵەخانەکان لە ناوچەکانی بومەلەرزە، رێساکانی بیناکردن توندتر دەبن. ئەم جۆرە دیزاینە دواجار وا دەخوازێت کە پشت بە بەکارهێنانی چوارچێوەی هەیکەلی ببەستێت کە بریتیە لە بنمیچی ئاسۆیی بەهێز و دیوار، هاوشان لەگەڵ دینگەی ستوونی و راگری توند بۆ بیناکە.

رژێمی پێشووی عێراق لە ساڵانی هەشتاکاندا یاساکانی بیانکردنی دارشتووە کە تێیاندا ئەندازیاری بیناکانی ناچار کردووە 1%ی کێشی بیناکە بەکاربهێنرێت تاکو تەمسیلی هێزی ئاسۆیی بۆ بیناکان بکەن. هەروەها، حکومەت هەستا بە درووستکردنی پێوەرەکانی بەرگریی دژی بومەلەرزە. سەرەڕای رێکارەکانی بیناکردن لەسەرتاپای جیهان کە بەردەوام لەرێگای توێژینەوە و لێکۆلینەوەی زانستیەوە نوێکاریی تێدا دەکرێت، کەچی لە عێراق چەند رێکارێکی باوی دوور لە گۆڕانکاری هەن کە لەلایەن ئەندازیارانی بیناکردنەوە پێڕەو دەکرێن. کوردستان وەکو هەرێمێک تا ئێستا هیچ پێوەر و بنەمایەکی بیناکردنی دانەڕشتووە تاوەکو ئەندازیارەکانی بیانکردن پشتی پێ ببەستن.

بومەلەرزەکەی ئەمجارە بووە هۆی بەئاگاهاتنەوە لەوەی کە پێویستە چاوێک بە دیزاین و رێگاکانی بیناکردن و پێوەرەکانیدا بخشێندرێتەوە. بەهۆی کەموکوڕییەکانی بیناکردن و لاوازیی بیناکان، دەشێ زۆرێک لە بیناکانی هەرێمی کوردستان تووشی دارمان بێن گەر بومەلەرزەیەکی بەهێز روویدات. هیچ رێسایەکی بیناکردن نییە کە وا بخوازێت دیزاینکردن و بیناکردنی باڵەخانە و بناغەکان بەگوێرەی بنەما و پێوەرەکانی بیناکردن بێت. زۆرێک لە دیزاینکاران لەئەنجامی نەبوونی بنەما و رێساکانی بیناکردن لە کوردستان، ناچار پشت بە بەکارهێنانی بنەما و رێسای نێودەوڵەتی دەبەستن. جا ئەم بنەما و رێسا نێودەوڵەتیانە رەچاوی بارودۆخی ژینگەی هەرێمی کوردستان ناکەن. هەربۆیە حکومەت، بە پەرلەمانیشەوە دەبێت دەستبکەن بە دارشتن و پەسەندکردنی کۆمەڵە بنەما و رێسایەکی بیناکردن لە هەرێمی کوردستان کە نەک تەنیا باڵەخانە و بیناکردن لە بومەلەرزە بپارێزێت، بەڵکو لەسەرجەم کارەساتە سروشتیەکانی تریش کە رەنگە کوردستان رووبەڕووی ببێتەوە.

حکومەت دەبێت پشتگیری لە دامەزراندانی سەنتەرێک بکات تایبەت بێت بە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و توێژینەوە لەسەر چالاکیەکانی بومەلەرزە لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ. بەهاوکاری لەگەڵ دەزگای گشتی و تایبەتییەکان، وەزارەتی پلاندانان دەبێت ژمارەیەکی بەرچاو لێژنە و کۆمیتە دابمەزرێنی کە پێکهاتبێت لە پسپۆڕ و شارەزا و پیشەگەر کە توانای ئاگادارکردنەوە و گەشەپێدانی ژمارەیەک کۆدی پراکتیکی جیاوازیان هەبێت بۆ هەرێمی کوردستان. ئەم لێژنە و کۆمیتانەش دەبێت بە بەردەوام گرنگی بدەن بە توێژینەوە و چالاکییەکان لەسەر بەشە جیاکانی ئەندازیاریی پەیوەست بە بیناکردن بۆ ئەوەی کۆدە پراکتیکیەکان بە بەردەوامی نوێ بکرێنەوە لەگەڵ زانستی سەردەمدا. ئەمانەش لە رێگای دەرئەنجامەکانی شیکاری داتا تۆمارکراوەکاندا دەبێت لە سەنتەری پەیوەندیدار بە بومەلەرزە.

کاتێک ئەم کۆدە پراکتیکیانە گەشەیان پێدرا، پێویستە حکومەت پێداگری لەسەر ئەم کۆدانە بکات لە بەکارهێنانیان لە بنیاتنان و دروستکردنی خانووبەرە و باڵەخانەکان لە هەرێمی کوردسستان. هەروەها کارمەندی شارەزا و مەشقپێکراو پێویستە بۆئەوەی بە وردی چاودێریی ئەم خانووبەرە و باڵەخانانە بکەن لە کاتی دروستکردنیاندا، ئەمانە خانووبەرەی تایبەت و ڤێلاکانیش دەگرێتەوە. خانووبەرە و باڵاخانەکانیش پێویستیان بە رەزامەندی هەیە لەلایەن لێژنە و کۆمیتەی شارەزای تایبەت بە بواری دروستکردنی خانووبەرە و باڵاخانەکان کە تێیاندا رەچاوی هەموو کۆدەکانی تایبەت بە پاراستنی خانووبەرە و باڵاخانەکان دەکەن لە ئەگەری هەر بومەلەرزەیەکدا.

زۆر ئەستەمە بتوانرێ چاودێریی وردی خانووبەرە و باڵاخانەکان بکرێت بەبێ یاسای تایبەت بە بیناکردن.

ئەم بومەلەرزەیە دەبێت ببێتە هۆی پێداچوونەوە بە شێوازی دیزاین و بیناکردنی خانووبەرە و باڵاخانەکان، هەرچەندە ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە کەمێک قورسە، بەڵام ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ حکومەت و دەبێت هەوڵ بدات خۆی نزیک بکاتەوە و پەیوەندی بکات بە دەزگا ئەکادیمییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژە گرنگە. ناوەندە ئەکادیمیەکانیش هەموو کات بە سینگی فراوانەوە بەپیر داواکاریی حکومەتەوە هاتوون و ئەگەر پشتگیری هەبێت، پسپۆڕەکان دەتوانن خزمەتی گرنگ پێشکەش بکەن.

***پرۆفیسۆری یاریدەدەر و سکرتێری دەستەی ئەمینداران لە زانینگەی ئەمریکی لە کوردستان- دهۆک**



گۆڤار مەلا خدر

# قۆناغی موراجەعە!

نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی هەفتەی رابردوودا گوتی، ئەم دۆخەی ئێستا دەرفەتێکە بۆ موراجەعەت و بەخۆداچوونەوە. ئەم قسەیە بۆ ئۆپۆزیسیۆنیش راستە، گەرچی لە هەرێمی کوردستان شتێک نییە بەناوی ئۆپۆزیسیۆن و هەر پێنج لایەنەکە تاوەکو ئێستاش لە کابینەکەی بارزانیدان.

هەرچی گۆڕان و کۆمەڵ و بەشێکی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتییە کە رەوتە گەورەکەی زیاتر لۆکاڵیە و لە زۆنی سەوز دەخولێتەوە، لە رواڵەتدا ئەتواریان ئۆپۆزیسۆنە و لە ناوەوەش درێغی ناکەن لە جێبەجێکردنی ئەجێندای دەرەکی، ئامادەن دەستی حکومەتی عێراقی بگرن و دەسەڵاتەکەی راکێشن بۆ هەرێم. بە ئاشکرا لە دەزگا میدیاییەکانیانەوە زەمینەسازیی بۆ دەکەن.

پێکەوە بەرەیەکی هاوبەشی دژە حکومەتیان دروستکردووە و دەستیان داوەتە ئەرگیومێنتێکی سیاسی ناڕەوا، نازانن ئەنجامەکەی بەکوێ دەگات، بەڵام دروشمەکەی دروستکردنی فەوزایەکی کۆمەڵایەتی سیاسییە کە هیوا دەخوازن ستراکچەری حکومەتەکە هەپرون بکەن و دواتر بەسەر پەیژە شکاوەکانیدا سەرکەون.

ئەم مۆدێلی سیاسەتکردنە تەنیا لە کوردستان نموونەی هەیە، نە رازین ببن بە ئۆپۆزسیۆن، نە بەشدارێکی کاراش دەبن لە حکومەت.

## لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ئێمە و تورکیادا

ئەگەر پێداچوونەوەیەک بە هەڵوێستی پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا بکەین بەرامبەر کودەتاکەی ساڵی رابردوو، دەبینین هەموویان ئەوەی کە لەناو حکومەت و ئەوانەشی کە لە دەرەوەی بوون، دژی ئەو کودەتایە وەستانەوە.

سەرەڕای ئاماژەکانی قووڵبوونەوە و رۆچوونی دەسەڵاتی ئاکپارتی لەناو دامەزراوە دەستوورییەکانی تورکیا کە دەمێکە ئەردۆغان کاری لەسەر دەکات بۆ زامنکردنی درێژەدان بەمانەوەی لە دەسەڵات، بەڵام شەوی کودەتاکە، پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن بەرگرییان لە دیموکراسی و دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی ئەردۆغانیش کرد، تەنانەت کەسە زویرەکانی ناو ئاکپارتیش (عەبدوڵڵا گویل و داود ئۆغلو) هاتنەوە ناو کایەی سیاسی بۆ چەند رۆژێک و هەمان هەڵوێستیان نیشاندا. ئۆپۆزسیۆن خێرا درکی کرد سەرکەوتنی کودەتاکە جگە لە ئاکپارتی بە واتای ئاوابوونی ژیانی سیاسی ئەوانیش دێت.

ئەزموونی پارتە سیاسییەکانی کوردستان تەواو پێچەوانەیە، لە دوو رووداوی هەستیاری جیاواز و لەماوەی سێ ساڵدا، حکومەتی هەرێم دوچاری کارەساتی گەورە هات، شەڕی داعش و کەوتنی کەرکووک لە 16ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ، هەڕەشەیان بۆ سەر هاونیشتمانیان و سیستمە سیاسیەکەی هەرێم دروستکرد، تەنانەت ماڵە گەورەکە کە هەرێمی کوردستانە و قەوارەیەکی سیاسی دەستوورییە، خەریکە شیمالی عێراق شوێنی بگرێتەوە.

لە هەردوو رووداوەکەدا کاردانەوەکانیان مایەی شەرمەزارین، هەلپەرستانە هەوڵیاندا بیکەن بە دەرفەتێک و لەم رێگەیەوە حکومەت بخەنە دۆخێکی نەخوازراوەوە یان لە خراپترین باردا لایەنی سێیەم حوکمڕانی هەرێم ساغ بکاتەوە، ئەوەندە گرنگ نەبوو ئەم لایەنە لە دەرەوەی کوردستان بێت یان ناوەوەی. لە گەرمەی شەڕی داعشدا، دووەم هێزی سیاسیی کوردستان کە گۆڕانە، لە رێگای ئۆرگانە جیاوازەکانیەوە فشاری بۆ پارتی هێنا لە زۆنی سەوز کە ئەویش لایەکی گەورەی حکومەتە و بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن براوەی هەرێمی کوردستانە. جارێکی دی، رۆژێک دوای کەوتنی کەرکووک و لە هەڵوێستێکی هاوشێوەدا، رابەرایەتی چەند هێزێکی دیکەی سیاسی کرد و بیرۆکەی حکومەتی رزگاریی نیشتمانی هێنایە پێشەوە، کەوتنە هەڕەشەکردن و بێباکانە و بێ گوێدانە هەستیاریی بارودۆخەکە، لە رێگای چەندین ناوەندی راگەیاندنەوە بانگەشەیان بۆ کرد.

ئەم هێزانە لە بازنەی گرنگیدان بە هاونیشتمانیان و نیشتمان چوونە دەرەوە، ئامادەن حکومەت و دەزگاکانی لە بازاڕی سیاسی عێراق و ناوچەکەدا هەراج بکەن لەژێر پاساو و ناونیشانی جیاواز بەبێ ئەوەی لە ئاکامەکانی وردببنەوە، لە کاتێکدا هەر فەوزایەکی سیاسی لەم دۆخە هەستیارەی ناوچەکە بەگشتی پێیدا تێپەڕ دەبێت، لەپێشدا بە مانای کۆتایی ژیانی سیاسی ئەوان دێت.

## پلانی ئەمریکا سبۆ سلێمانی و عێراق

ئەمریکا قەبارەی دەستێوەردان و فشارەکانی ئێرانی بۆ سەر سلێمانی خەملاندووە، دەزانێت سیاسەتوانانی ئەم سنوورە هێڵێکی گەرمی کراوەیان هەیە لەگەڵ ئێران، بێ ئاگاش نییە لەوەی چانسی پارتی لە فراوانکردنی بنکەی جەماوەریەکەی لەوێ سنووردارە.

سلێمانی کە هاوسنوورە لەگەڵ ئێران و بە هێڵی پێشەوەی بەرگریی ئەو وڵاتە دەناسرێ، بەشێکی کاریگەرە لە قووڵایی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و ئامادەیە لە پێناویدا بچێتە نێو ململانێیەکی درێژخایەنەوە لەگەڵ ئەمریکا، چونکە لەدەستدانی ئەم ناوچەیە و کەمکردنەوەی نفوزەکەی، راستەوخۆ ئێران دەخاتە بەردەم رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی دژە رژێمەکەی لە ناوەوەی سنوورەکەی و کاریگەریی راستەوخۆش دروست دەکات لەسەر هاندانی پشتیوانانی ئەو هێزانە لە نێو رایەڵە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

سیاسەتوانانی زۆنی سەوز بە بەرهەم سالحیشەوە، لە کێبڕکێدان بۆ نزیکبوونەوە لە ئێران و کردنەوەی گرێی بەختیان، ئەگەر کار وا بڕوات، رەنگە حاکمی سلێمانی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بە پرس و راوێژی ئێران بەربژێر بکرێت. هەر لەبەر ئەمەشە ئەمریکا لێیان بێ هیوایە، وجود و کاریگەرییەکانی ئێران لەم زۆنە بە ئاشکرا دیارە و ئامادەیە رێگە خۆش بکات لە هێنانە پێشەوەی هەر کەسێک یان هەر هێزێکی تری لۆکاڵی کە دووربێت لەو کاریگەرییانە، لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ئێراندا لە عێراق.

پلانی بەرپرسانی ئەمریکا لە عێراق و هاوبەشەکانیان بۆ کەمکردنەوەی نفوزی ئێران، لە هەنگاوی یەکەمیدا پەیڕەوکردنی ستراتیژییەتێکە کە رەگەکەی بەکارهێنانی هێزی نەرمە، ئەمە بۆ ناوچەکەش بەگشتی راستە، ئەگەر هێزەکانی سلێمانی ئامادە نەبن دەستبەرداری ئێران بن، ئەوا وەکو دەستوپێوەندەکانی ئێران لە عێراق دەبێ چاوەڕێ بن لە داهاتوودا بەرەو پووکانەوە بچن و شوێن بۆ هێزی تری لۆکاڵیی دوور لە ئێران چۆڵ بکەن.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پاریس بەغدای هەژاند

1

ئەڵبەتە پێش ئەوەی ئیمانوێل ماکرۆن لە کۆشکی ئەلیزێ، بە تەعبیرە کوردییەکەی"دار لە رووحی بەغدای شیعە بدات"، تورکیا گڵۆپی سەوزی بۆ شکاندنی ئابڵووقەی سیاسی و دیپلۆماسیی سەر کوردستان پێکرد. تورکیا ڕێگەی دا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، بە فڕۆکەی تایبەت، لە ڕێگەی ئیستانبوڵەوە دەربازی ئەوروپا بن، تا لەوێ وەک سەرۆکی حکومەتی وڵاتێکی دانپێدانەنراو پێشوازییان لێ بکرێت. پێش فەڕەنسا، ئەوەی تورکیا کردی نیشانەی ئەوەیە کە دەیەوێ لە ماوەیەکی کورتدا، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەولێر ئاسایی بکاتەوە و چیتر ناچێتە ژێر داواکاریی بەغدا بۆ دژایەتیکردنی کوردستان.

ئاشکرا، لە ماوەی رابردوودا، سەرباری هەڕەشە و گوڕەشەکانی هیچ گوشارێکی بەکردەوەی نەخستە سەر کوردستان، کۆنسوڵخانە و پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ کوردستان بەردەوامن، دەروازەکانی کراوەن و بازرگانی و هاتوچۆ بەردەوامە، نەوت دەڕوات و پارەکەی دێتەوە کوردستان، بۆڕیی هەناردەکردنی گازی سرووشتیی کوردستان بە بەشداریی تورکیا لە کۆتایی نزیک بووەتەوە و دیداری لووتکەش هاوشێوەی ئەوەی پاریس روودەدات. تەنها ڕێکارێک کە تورکیا دژی کوردستان گرتوویەتیە بەر، داخستنی ئاسمانە، ئەویش ئەوکاتە گرنگیی دەبوو کە فڕۆکەخانەکانی کوردستان پێش ئەو بڕیارە لەلایەن بەغداوە دانەخرابان!

دیداری پاریس و ئەو بایەخەی بە "سەرکردە گەنجەکانی کوردستان"درا، خاڵی وەرچەرخانە لە سیاسەتەکانی کوردستان بۆ گۆشەگیرکردنی بەغدا کە ئامادەی گفتوگۆ نییە لە چوارچێوەی دەستووردا و، نیشانەی ئەوەیە کە سەرباری هەموو کەموکوڕییەکان، نێچیرڤان بارزانی زۆر عاقڵانە مامەڵە لەگەڵ دەرهاوێشتەکانی دوای 16ی ئۆکتۆبەر دەکات. قسەکانی ماکرۆن و بارزانی، ئەگەرچی بەشێکی بۆ میدیا بوو، بەڵام نیشان دەدەن کە کوردستان لە دیپلۆماسییەتی دوای گشتپرسیدا، سەرکەوتوو بووە، یان بەغدا دێتە بن باری گفتوگۆ لە چوارچێوەی دەستوور و بە چاودێریی نێودەوڵەتی، یانیش ئەوەتا کوردستان مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە جگە لە ئێران و دەستوپێوەندە ناوخۆییەکانی، کەس خوازیاری کوردستانێکی بێهێز، لە چوارچێوەی وڵاتێکی بەناو عێراقدا نییە. ئەساسی دژایەتی و ناڕەزایی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەهەمبەر ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەگەر بەشێکی پەیوەست بووبێت بەوەی کە کورد بەڵگەیەکی مێژوویان بۆ سەربەخۆیی دەستنەکەوێت تا پێی لە بەغدا جیابنەوە، ئەوە بوو کە سەقامگیری پارێزراو بێت، بەڵام شیعە و هێزگەلێکی ناوخۆیی ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە تا کوردستانی پێ لەناوببەن. بەڵام ئیتر لەمەودوا دەبینن کە ئەوە مومکین نییە.

# دوژمنی وەک تۆم هەبێ

2

لە کۆتایی نەوەدەکانەوە کە پارتی هەستی کرد سەرباری دابڕاندنی ژینگەی سیاسی و حوکمڕانیی خۆی لەگەڵ یەکێتی، هێشتا ژینگەیەکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەگەڵ هێزێکی ئاکتیڤی وەک یەکگرتووی ئیسلامی لە ناوچەی نفوزی خۆیدا ماوە، بە هەموو شێوەیەک کەوتە دژایەتیکردنی ئەو هێزە ئیسلامییە میانەڕۆیە. سەرکەوتنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە کێبڕکێکانی ڕێکخراوە پیشەییەکان و نفوزی لەناو جومگەکانی دەسەڵاتی پارتیدا، لێکەوتەی زۆر تراژیدیی بەدواوە بوو کە بووە هۆی ئەوەی چەند جارێک لایەنگرانی پارتی (بە چاوپۆشیی بەرپرسانی ئەو حزبە) هەڵبکوتنە سەر بنکە و بارەگاکانیان و ئاگریان تێبەر بدەن و تەنانەت کادیرانیشیان بکوژن.

یەکگرتووی ئیسلامی زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخانە کرد و بەڵگەش ئەوەیە کە ئەمڕۆ کادیرەکانی یەکگرتوو، بێ ئەوەی حیساب بۆ حەجم و قەبارەی حیزبەکەیان بکرێت، هەستیارترین جومگەکانی حوکمڕانی بەڕێوەدەبەن. بە واتایەکی دیکە ئەوەی پارتی و یەکێتی خەونیان پێوە دەدیت لە دووکەرتبوونی ئەو حیزبە و دابڕاندنی کادیرە پێشکەوتووەکانی لەو حیزبە، پێچەوانە بووەوە. ئێستا لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە بگرە تا دەگاتە پارێزگاری نوێی سلێمانی و کادیرە پێشکەوتووەکانی ناو میدیای کوردستان، هەموویان پێگەیشتووی مەدرەسەی یەکگرتوون و لە دەرەوەی حیزبەکەی خۆیان کار بۆ ئامانجەکانی ئەو حیزبە دەکەن. بەڵام خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە کە لە هەر بەرگ و ڕەنگێکدا بووبن، سەرکردایەتیی یەکگرتوو قەت پاشقولیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان نەداوە و قەت گوێشیان بەو دژایەتییە نەداوە کە بەرەوڕوویان بووەتەوە. مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین لە جیاتی ئەوەی دەستەوئەژنۆ لە خزمەتی شیعەکان و ئاغاکانیاندا بێت، دەچێتە تورکیا و هەموو سەنگ و قورسایی خۆی دەخاتە خزمەت ئایندەی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو حکومەتەی کە ڕەنگبێ ئەو قەت لە ئەدا و بەرنامەکانی رازی نەبێت، بەڵام بە هی خۆی دەزانێ و ئاواش وەڵامی دژایەتی و کەم لوتفییەکان دەداتەوە.

# سێ دەقیقە بۆ کۆنگرە!

3

تێنەگەیشتم ئاسۆ مامەند و لاهوور جەنگی بە چ روویەک و بە چ نییەتێک سەردانی کۆسرەت رەسوڵ عەلییان کرد؟! ئەوانە بەشێک لەو "کاڵفامانە" بوون کە دوای 16ی ئۆکتۆبەر، کۆسرەت رەسوڵ عەلی بە "خیانەت" تۆمەتباری کردن! ڕەنگبێ بۆ ئەوە چووبنە لای کاک کۆسرەت تا لەوە دڵنیا بن کە بەڕاستی لە ژیاندا ماوە یان نا؟ چونکە ئەوان بە درێژایی سێ ساڵ ڕێگەیان نەدا کەس بزانێت مام جەلال دەژی یان مردووە و سیاسەتیان بە تەرمی تاڵەبانییەوە کرد. ئەوان وایاندەزانی کوڕەکانی کۆسرەت رەسوڵ هەمان شانۆگەرییەکانی ئەوان دووبارە دەکەنەوە، کەچی دەرکەوت وا نییە.

لاهوور تەنها بۆ چەند دەقیقەیەک چاوی بە کۆسرەت رەسوڵ کەوتووە، بەڵام گەز گەز هەواڵ لەسەر بەستنی کۆنگرە و کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە میدیا بەکرێگیراوەکانییەوە بڵاو دەکرێنەوە! دیدارێکی سێ دەقیقەیی بەشی هەواڵ پرسین ناکات، چجای ئەوەی بڕیار لەبارەی داهاتووی حیزبێکی وەکو یەکێتی بدرێت، جگە لەوەی بۆ پاکانە هەر بڵێی"تۆ برا گەورەی"!



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# نهێنیی سەرکەوتنی نەتەوەیەکی بچکۆلە

ڕۆژی چوارشەممە، شەشی دیسامبەر، سەد ساڵ بەسەر سەربەخۆیی فینلانددا تێپەڕ دەبێ. فینلاند بە "دێوەزمە بچکۆلەکە" بەناوبانگە، وڵاتێک کە چەندە بە قەوارە بچکۆلەیە، سەد هێندە بەکردەوە مەزن و سەرسوڕهێنەرە. ڕۆژنامەی تێلێگراف لە ریزی بیست وڵاتی هەرە بەختەوەری ئەمساڵی دنیادا، فینلاندی لەڕیزی پێنجەمیندا داناوە. پێنجەمین وڵاتی بەختەوەر لە هەموو دنیادا و یەکەمین لەسەر ئاستی یەکێتیی ئەوروپا! چەند ساڵ پێش ئێستا ڕۆژنامەی تایمز، فینلاندی بە باشترین وڵاتی دنیا بۆ ژیان ناوبرد. لە ریزبەندیی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا، فینلاند چەندین ساڵە بە خاوەن باشترین سیستەمی پەروەردەش ناسراوە. سەردەمانێک فینلاند بە ژاپۆنی ئەورووپاش بەناوبانگ بوو.

ڕەنگە بۆ زۆر کەس جێی پرسیار بێت ئەم "دێوەزمە بچکۆلەیە" بەچی ئاوا پێگەیشتووە؟! ئەو فینلاندەی ئێستا بە لوتکەی خۆشبژێوی لەقەڵەم دەدرێ، لە ساڵانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە قۆناغی قاتوقڕییەکدا تێپەڕ بوو، زۆر منداڵی لەبرسان و لەهەژارییان دەمردن. خوێناویترین شەڕی ناوخۆش هەر دوای سەربەخۆیی، لە نێوان فینلاندییەکاندا ڕوویدا. نەهامەتیی فینلاندییەکان زۆر لە هی کورد دەچێ. ئەوەی جیاوازە، جۆری ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانە لەگەڵ نەهامەتییەکانیان.

لەم سەردەمەدا زۆر کەس بۆ کۆچ و پەنابەری ڕوو لە فینلاند دەکەن، کەچی ڕەنگە کەم کەس بزانێ، ئەوانەی بەدوای کار و ژیانێکی باشتردا لە فینلاندڕا کۆچیان کردووە، بەدەیان قات لەوانە زۆرترن کە بەدوای ژیانێکی باشتردا ڕوویان لە فینلاند کردووە! لەڕاستیدا دەیان و بگرە سەدان هەزار فینلاندی بۆخۆیان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لەتاو بێکاری و نەداری، لە فینلاندەوە بەرەو باکووری ئەمەریکا و تەنانەت وڵاتی جیرانیان، سوێد، کۆچیان کردووە. لە شەڕی دووەمی جیهانیدا کە یەکێتی سۆڤیەت پەلاماری فینلاندی دا و ئەو وڵاتە بچکۆلەیەی تووشی شەڕێکی قورس و نابەرامبەر کرد، حکومەتی فینلاند، هەزاران منداڵە فینلاندی لەتاو هەژاری و بێدەرەتانیی خێزانەکانیان، بۆ سوێد بەرێکرد و لەوێ ئەسپاردەی خێزانە سوێدییەکانیان کردن. ئەگەر ئێستا فینلاند خاوەنی پێشکەوتووترین یاسای منداڵپارێزی لەسەر ئاستی هەموو جیهانە، هی ئەوە نییە فینلاندییەکان هەمیشە لە نازو نیعمەتدا ژیابن. هی ئەوەیە کە دەزانن بێنازی و بێنەوایی منداڵان، چ دارێک بە ڕۆحی داهاتووی کۆمەڵگادا دەدات.

ئەو بوارانەی کە تێیاندا فینلاند یەکەمینی جیهانە یەک و دوو نین. ڕۆژنامەی تێلێگراف لە بابەتێکی تازەدا 18 خاڵی ریز کردوون کە تێیاندا فینلاند مەزنترینی جیهانە. من باز بەسەر هەموو ئەو خاڵانەدا دەدەم و باس لە خاڵێکی دیکە دەکەم کە ڕەنگە بۆ ئێمە بایەخدارتر بێ: کورد دەڵێ سوار ئەو سوارە نییە کە نەگلێ، سوار ئەو سوارەیە کە دوای گلانی هەستێتەوە. ڕەنگە بەدەگمەن گەلی تر لەم دنیایەدا هەبێ کە توانیبێتی وەک فینلاندییەکان بەگوڕ، گلانی خۆی هەڵبگێڕێتەوە و شکست بکا بە هەوێنی سەرکەوتن! با چەند نموونەیەک بهێنمەوە:

فینلاندییەکان پێش سەربەخۆبوون لە ساڵی 1917-دا، نزیکەی سەد ساڵ ژێردەستەی ئێمپراتۆریی رووسیە بوون. ئەوان ساڵەکانی ژێردەستەییان کردە دەرفەت بۆ ئەوەی بەردی بناغەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازییەکی تۆکمە دابنێن. ڕاست لەژێر سێبەری دەسەڵاتی قەیسەری ڕووسدا، وردە وردە نەتەوەیەکی ساوا و نەخوێندەواریان کردە خاوەنی کولتوورێکی سەربەخۆ و زمان، هونەر و مۆسیقایەکی گەشەسەندوو. هەر لە قۆناغی ژێردەستەییدا، سیستەمی سەربازی، بانکی ناوەندیی فینلاند، دراوی تایبەت، سیستەمی باجی نیشتمانی و زۆربەی دامودەزگاکانی دیکەی دەوڵەتدارییان دامەزراند. تەنانەت کاتێک ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەم دەرفەتیان بۆ هەڵکەوت، وەک یەکەمین گەلی ئەوروپا و دووەمین گەلی هەموو دنیا، مافی دەنگدانیان لە (1906) و خۆپاڵاوتنیان لە (1907) بە ژنان بەخشی. بەو دەستپێشخەرییە مێژووییەی بواری یەکسانیخوازیش، شارستانیانەترین جیاوازیسازییان کردە پێخۆری ناسیۆنالیزمە گەشەسەندووەکەیان. ئەمە جگە لەوەی کارێکیان کرد کە کولتووری سیاسیی گەلێکی ژێردەستە، پێشاوبڕێکی مێژوویی و مەزن لە سیستەمە سیاسی و دیمۆکراسییە کۆنەکانی هەموو جیهانی ئەو سەردەمەش بداتەوە!

نموونەیەکی دیکە ئەزموونی هەستانەوەی فینلاندییەکانە دوای جەنگی دووەمی جیهانی. لەو شەڕەدا فینلاند بەحەشیمەتێکی کەمتر لە هەرێمی کوردستانی ئێستاوە، بەدرێژایی هەزاران کیلۆمەتر سنوور، بەرەوڕووی هێرشی یەکێتیی سۆڤیەتی ستالینیستی وەستایەوە. کاتێک یەکێتی سۆڤیەت بە شەڕ دەرەقەت نەهات، ئەوجار لە باجی ملدان بۆ سەربەخۆیی فینلانددا، باجی قورسی شەڕی بەسەر فینلاندییەکاندا سەپاند. فینلاند دەبووایە زیانەکانی شەڕ بۆ سۆڤیەتی داگیرکەر قەرەبوو بکاتەوە! هەڵبەت وڵات بەهۆی شەڕەوە کاول و خەزێنەی دەوڵەتیش بەتاڵ بوو، بۆیە وا ڕێککەوتن کە لەبری قەرەبووی ماددی، فینلاندییەکان کەشتی بۆ سۆڤیەت دروست بکەن، ئەویش بۆ ماوەی 25 ساڵ. لەو ماوەیەدا 104 کەشتییان بەخۆڕایی ڕادەستی سۆڤیەتییەکان کرد. ئەمە خەسارێکی تاقەتپڕووکێن بوو بۆ ئابووریی وڵاتێکی بچکۆلەی خاپوورکراوی دوای شەڕ. کەچی فینلاندییەکان ئەو بێگارییەیان کردە دەرفەتێک بۆ پێشخستنی پیشەسازی کەشتیسازیی خۆیان. ئێستا پیشەسازیی کەشتیسازیی فینلاند سەرتۆپی هەموو دنیایە. بووەتە سەرچاوەیەکی بەپیتی کار و داهات و لە هەموو لایەکی دنیاوە کڕیار ڕووی تێدەکا!

نموونەیەکی سەرنجڕاکێشی تر بواری سیاسەتی دەرەوەیە. دراوسێیەتیی یەکێتی سۆڤیەت و ئەو مەرجە قورسانەی ئاشتی کە یەکێتیی سۆڤیەت بەسەر فینلاندیدا سەپاندبوو، فینلاندییەکانی ناچار کردبوو لە نێوان بەرداشی دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای سەردەمی شەڕی سارددا بێلایەن بمێننەوە. شەڕی سارد پانتایی جووڵەی سیاسیی وڵاتێکی بچکۆلەی وەک فینلاندی یەکجار بەرتەسک کردبووەوە. بەوەشەوە، فینلاندییەکان دەستەوستان نەمانەوە. سەرۆک کۆماری درێژماوەی فینلاند، ئورهۆ کێککۆنێن، کاتی خۆی ڕایگەیاندبوو "ئێمە لە شەڕ و ململانێی نێوان دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا بێلایەن نامێنینەوە، ئێمە دەبین بە لایەنگری ئاشتی!" بەکردەوەش هەروا بوو: فینلاند هەوڵێکی زۆری دا لەجێی ئەوەی چەقی بەیەکدادانی بەرژەوەندیی زلهێزە دژبەرەکان بێت، ببێت بە مەکۆی ئاشتکردنەوە و خاڵی بەیەکگەیشتنی زلهێزەکان. لوتکەی ئەم هەوڵانەش کۆنفرانسی هێلسینکی بۆ ئاسایش و هاوکاریی ئەورووپا بوو لە ساڵی 1975 بە بەشداریی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت. زۆر لە شارەزایان ئەو کۆنفرانسە بە سەرەتای کۆتایی شەڕی سارد دادەنێن. ئەم ڕۆڵە مێژووییەی فینلاند تا دوا ساتەکانی لادانی "پەردەی ئاسنین" لە نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا بەردەوام بوو: دەوڵەتێکی بچکۆلە خەریک بوو زلهێزەکانی لەگەڵ یەک ئاشت دەکردەوە، کردیشی!

زۆر لەوانەی لەنزیکەوە ئاشنای مێژووی فینلاندن، لەسەر ئەو ڕاستییە هاوڕان کە یەکێک لە گەورەترین شانس و بەختەوەرییەکانی فینلاندییەکان ئەوەیە لە هەر وێستگەیەکی مێژوویی‌دا، گونجاوترین و ژیرترین سەرکردەی پێویستی قۆناغەکەیان تێدا هەڵکەوتووە. ڕۆژێک فەیلەسووفێکی وەک "سنێلمان"، ڕۆژێک جەنگاوەرێکی وەک "مانێرهێیم"، ڕۆژێک دەوڵەتمێردێکی وەک "کێککۆنێن" و ڕۆژێکیش دیپلۆماتێکی وەک "ئاهتیساری". بەڵام نهێنیی سەرکەوتنی ئەم گەلە بچکۆلەیەی باکووری ئەورووپا دەبێ چی بێت؟

چەند ساڵێک پێش ئێستا یەکێک لە ڕۆژنامەوانە ناسراوەکانی کەناڵی ئەلجەزیرەی عەرەبی وتووێژێکی لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەوسای فینلاند، خاتوو تاریا هالۆنێن، سازکرد. ڕۆژنامەوانەکەی ئەلجەزیرە سەرەتا باسی نەهامەتی و پاشکەوتەیی وڵاتە عەرەبییەکانی گێڕایەوە، ئەویش سەرەڕای ئەو هەموو سامانە سروشتییەی خوا پێیداون. دواتر بەسەرسوڕمانەوە لە خاتوو هالۆنێنی پرسی: باشە ئێوەی فینلاندی بە خۆتان و پێنج ملیۆن حەشیمەت و وڵاتێکی ساردوسڕەوە، ئەم هەموو سەرکەوتن و پێشکەوتنەتان چۆن بەدەستهێناوە؟! تاریا هالۆنێن بەهێمنی وەڵامی دایەوە کە "نهێنیی سەرکەوتنی گەلی ئێمە سێ شتە: یەکەم پەروەردە، دووەم پەروەردە و سێیەمیش هەر پەروەردە"، هەڵبەت پەروەردە بە ستانداردی فینلاندی!



دەیڤید ڕۆمانۆ*

# نەخشەی ئاڵتوونی بۆ ئەردۆغان

هەفتەی رابردوو، ڕەزا زەڕاب، بازرگانی زێڕی ئێرانی ـ تورکی، لە دانیشتنێکی دادگادا لە ئەمریکا ئامادە بوو. زەڕاب تۆمەتبارە بەوەی لە نێوان ساڵانی 2010 بۆ 2015 سزا داراییەکانی سەر ئێرانی شکاندووە. گومان دەکرێت زەڕاب هاوشان لەگەڵ محەممەد هاکان ئاتیلا، سەرۆکی هاڵک بانکی تورکیا پارە و نەوتی ئێرانیان بەکارهێنابێ بۆ کڕینی زێڕ لە تورکیا، کە دواتر لە دوبەی فرۆشراوە و داهاتەکەی ڕەوانەی تاران کراوەتەوە. لە بەشێک لەو کارەشدا زەڕاب بەرتیلی بە بەرپرسانی باڵای حکومەتی تورکیا داوە، لەوانەش وەزیری دارایی و ئەندامانی دیکەی کابینەی حکومەتی ئاکپارتی.

لە بەرامبەر سووککردنی حوکمەکەیدا، زەڕاب ڕازی بووە هاوکاریی دادگا بکات، لە دانپێدانانەکانیدا شتی سەرنجڕاکێش ئاشکرابوون. ڕۆژی پێنجشەممە، 30 تشرینی دووەم، زەڕاب شایەتی داوە لەسەر ئەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان (کە ئەوکات سەرۆکوەزیرانی تورکیا بووە) بەشەخسی فەرمانی داوە ئەو نەخشەیە جێبەجێ بکرێت و یارمەتی ئێران بدرێت خۆی لە سزاکانی ئەمریکا بدزێتەوە، لەوێشەوە سندوقەکانی پارە و گیرفانی بەرپرسانی حکومەتی تورکیا پڕبکرێت.

بە گوێرەی بی بی سی، زەڕاب ڕایگەیاندووە کە "لە ساڵی 2012، زافیر چاگالایان، وەزیری ئەوکاتی ئابووریی تورکیا، پێیگوتووە کە ئەردۆغان ڕێنمایی بە بانکەکانی تورکیا داوە لە پلانە نهێنییەدا بەشداری بکەن". زەڕاب زیاتر لە 59 ملیۆن دۆلار بەرتیلی بە چاگالایان داوە.

ئەردۆغان و بەرپرسانی دیکەی حکومەتی تورکیا، لەوانەش چاگالایان و ئاتیلا ئەو تۆمەتەیان ڕەتکردووەتەوە. حکومەتی تورکیا و میدیای نزیک لە حکومەت لەمەش زیاتر ڕۆیشتوون و دادوەرە ئەمریکییەکەیان بەوە تۆمەتبارکردووە کە پەیوەندی بە فەتحوڵڵا گولەنەوە هەیە.

ڕۆژنامەکانی سەر بە حکومەت یان جەوهەری دادگاییەکەیان پشتگوێ خستووە و خۆیان بە جۆری جلوبەرگی زەڕاب لە ڕۆژی دادگاییەکەدا سەرقاڵ کردووە، یانیش وەکوو ڕۆژنامەی (دەیلی سەباح) جەماعەتی گولەنیان تۆمەتبارکردووە. لە بەشێک لە راپۆرتی ڕۆژنامە تورکییەکەدا هاتووە:

"... حکومەتی تورکیا گرووپی گولەنیستەکانی بەوە تۆمەتبارکردووە کە ئەو دۆسییەیان قۆستووەتەوە و بە شێوازێکی نایاسایی بەڵگەیان دەستخستووە، یانیش بەڵگەکانیان دروستکردووە، واتە ئەفسەرانی پۆلیسی پەیوەندیدار بە گولەن پەیوەندییە دەنگییەکانیان تۆمار کردووە. ئەنقەرە پێیوایە ئەم جۆرە بەناو بەڵگەیە بەپێی یاسای ئەمریکا ناکرێت لە دادگا بەکاربهێنرێت، چونکە دادگای ئەمریکا داوای جۆرێک لە بەڵگە دەکات کە بە شێوازێکی یاسایی دەستخرابێت".

لە هەوڵێکی دیکەدا کە ڕەنگە بۆ لادانی سەرنجی خەڵک لەسەر تۆمەتی بەرتیلخۆری لە نێوان بەرپرسانی باڵای تورکیا بووبێت، دادگای ئەنقەرە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ گراهام فولەر، بەرپرسی ئەنجوومەنی هەواڵگریی نیشتمانیی سی ئای ئەی، دەرکرد. لە فەرمانەکدا فولەر تۆمەتبار دەکرێت بەوەی "هەوڵی ڕووخاندنی حکومەتی کۆماری تورکیای داوە" و "کۆمەڵێک زانیاری حکومەتی تورکیای بەدەستهێناوە کە دەبووایە لەبەر هۆکاری ئەمنی بە نهێنی بمێننەوە".

پێشتر حکومەتی تورکیا بە هەمان تۆمەت فەرمانێکی هاوشێوەی بۆ هێنری بارکی، لێکۆڵەر و ئەکادیمیستی ئەمریکی دەرکردبوو.

بارکی ئێستا لە زانکۆی پێنسیلڤەینیا وانە دەڵێتەوە و لە کاتی هەوڵی کودێتاکەی 2016 دا میوانداریی کۆنفرانسێکی دەکرد لە ئیستەنبوڵ، ڕەنگە لە تورکیای ئەمڕۆدا هەر ئەمە ئاماژەیەکی باش بێت بۆ ئەوەی بارکی تاوانی کردووە. بەڵام کەیسی فولەر جیاوازە و پێدەچێت زیاتر "تۆڵە بە تۆڵە" بێت، واتە تورکیا دەیەوێت بڵێت ئەگەر ئەمریکا بیەوێ بە هۆی کارێکی هەڵەوە هاووڵاتییەکی تورکیا دادگایی بکات، ئەوە تورکیاش هەمان شت لەگەڵ هاووڵاتییەکی ئەمریکی دەکات، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە رابردوودا فولەر ستایشی بزووتنەوەی گولەن و سەرکردەی بزووتنەوەکەی کردووە.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دادگاییەکەی زەڕاب و ئاتیلا هیچی لێدەکەوێتەوە؟ ئەستەمە دادگاییەکە خۆی شتێکی ئەوتۆی لێ سەوز بێت، هەر ئەوەندە نەبێت کە بیری بەرپرسانی واشنتنی دەخاتەوە تورکیاکەی بەڕێز ئەردۆغان لە ساڵی 2010ەوە چیدی وەکوو هاوپەیمانی ئەمریکا نەماوە و ڕەنگە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان هەردوو ئەندامی ناتۆ لەوەی ئێستا ئاڵۆزتر بکات. حکومەتەکەی ئەردۆغان بەردەوام دەبێت لەسەر ئەوەی هەموو شتێک ڕەتبکاتەوە و سەرنجی خەڵکی تورکیا بەوە لەسەر کێشەکە لابدات کە ئەمریکا پیلان دەگێڕێ بۆ لاوازکردنی تورکیا.

بەڵام هیچ نەبێت زەڕاب بەردەوام دەبێت لەسەر ئەوەی دان بە شتی نوێدا بنێت. یەکێک لە گەرمترین ڕووداوەکانیش کە بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی ئاشکرابوونی دەکەین، پەیوەندی بەو پارەیەوە هەیە کە تورکیا بە مایکڵ فلین، ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نیشتمانیی ترەمپی داوە، هەروەها پلانێک کە دەبووایە فلین بۆ ڕفاندنی گولەن لە پێنسیلڤەینیا دایبڕێژێت. ئەگەر بشێت دەتوانین ناوی ئەمە بنێین نەخشەی ئاڵتوونی.

*** دەیڤید ڕۆمانۆ لە ساڵی 2010ەوە بۆ (ڕووداو) دەنووسێت. ڕۆمانۆ مامۆستای سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە زانکۆی ویلایەتی میسووری و چەندەها نووسینی لەسەر کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بڵاوکردووەتەوە.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## گوڵستان پەروەر: بۆ شووکردن تەمەنیان گەورەکردم

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

